

بەرهەم ٨، ٩

گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی
ساڵی ٥ ژمارە ٨ و ٩ هاوین و پاییزی ١٣٩٣ هەتاوی





بەرهەم ٨ و ٩

گۆڤاری فەرهەنگی و هــونەری ئەدەبی

ساڵی ٥ ژمارە ٨ و ٩ هاوین و پاییزی ١٣٩٣ هەتاوی

مودیرمەسئوول: **هەرمان وەتمانی**

دەستەی نووسەران:

ڕەسوڵ ئامادەپوور ـ عەلی عەبدالّی ـ زانکۆ خەلیفە

سەروتار.....٢

بەشی وتار

گرینگترین ڕۆڵەکانی فۆلکلۆر لە ڕوانگەی زانستییەوە/ ئەمین ڕەحیمی نژاد.....٣

چەند پرسیار لە بواری کوردناسیدا/ ڕەحمەت نادری.....٨

دیداری وشە لە شێعری فەرەیدوون عەبدول بەرزنجیدا/ ئەحمەد حەقناس.....١٢

دوا ساتەکانی سادق هیدایەت/ بابەک سەحرانەوەرد.....١٧

بە کام پێوانە بۆ لای خۆمان دادێ/ عەلی عەبدالّی.....١٩

بەشی چیرۆک 21 تا 31

ناسر وەحیدی، جەلیل ڕەحیمی، سەدیق ڕەسوڵی، سەلاح گوڵئەندامی، هیوا قارەمانی، سالار ڕاهەوی

بەشی وەرگێڕان

من شارۆچکەیەکم کڕی/ دۆنالّد بارتلمێ/ و: کەژاڵ سالّحی..... ٣٢

شاری ئەو/ هاروکی مۆراکامی/ و: هەرمان وەتمانی..... ٣٦

"مۆتسارتی شێعر"/ ویسواوا شیمبۆرسکا/ و: لەیلا سالّحی..... ٣٩

شێعری نازم حیکمەت/ و: دیاکۆ مەردانی..... ٤٣

بەشی شێعر ٤٤ تا ٦١

کازم نەوجەوانی، غەفوور پیرزادە، یوونس ڕەزایی، مریەم قازی، زانا قاسمی فەڕ، هادی تیتە و هتد

گۆرانی فۆلکلۆر، بنەماڵەی جەوانشیر ٦٢

دیمانەیەک لەگەڵ شانۆکاری مەهابادی ئومیدخاکپوور/ئا: پێژمان ئیسماعیلنیژاد.....٦٣

دیمانەیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ خودالێخۆشبوو کانەبی نایەژەن/ئا: بەرهەم ٧٠

ڕێپۆرتاژ ٧٣ تا ٨٠

بەرهەم گۆڤاری ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەیە، هەروەها دەتوانن بۆ ناردنی بابەت پێوەندیمان پێوە بکەن.

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

هەرچــی ئەم گۆڤــارە چاپــــی دەکا
حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ
بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم

هاوارنامەی کتێب

بەرهەم ٨

سەروتار



مێژووی مرۆڤایەتی لە دەیەکانی ڕابردوودا هەر هەتا ئێستا شایەدی گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆر بووە، ڕووداوەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە دیاری کرانی سنووری بەشێک لە وڵاتان و سەرکەوتن و شکستی هێندێک لە زلهێزکان تا واژۆی پەیماننامەکان و پەلکێش کردنیان بەرەو شەڕێکی تری جیهانی و شەڕی سارد و بگرە ئەگەر ئێستاشی لەگەڵ بێ ڕاودوونانی خەڵکی بێگوناە و بڕین و کوشتاری بێبەزەییانە ئەوان، هەر هەمووی لەوانەیە لەمەڕ تەوەرێکی گەلێک گرینگ لێک کۆ ببنەوە ئەویش دوگمایەتی و چەق بەستوویی و بێبەها بوونی ژیانی مرۆڤ و پێشێل کردنی خۆشەویستی ئەو لەو جیهانە هەراوە دایە کە بۆتە هۆکاری چاندنی توخمی بێبەزەیی و ڕک و کینە. پێشکەوتنە سەرسامەکانی مرۆڤ لەم دواییانەدا هیچ کام نەبوونە ئامرازی چاکسازی و یەکتر خۆشەویستن و پێکەوە ژیان بە دوور لە بیری سەلەفییانە و سروودی هەنگاو بەرەو دواوە نانەوە. ئەدەبیات وەک جوانترین شێواز بۆ دەربڕینی هەست و خولیاکانی مرۆڤ لەم ناوەدا پێبەپێی گشت پێشکەوتەکانی مرۆڤ گەلێک بوار و ڕێگەی بڕیوە و گەیشتۆتە ئاقارێک کە زێدەتر لە جاران سرنج و هۆشی خەڵکانی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. ئەمڕۆ ئەدەبی کوردیش هەستیارانەتر لە جاران بۆتە مەکۆی ئەندێشە، بەرخۆدان و پێشکەوتن و هاوپێی ئەدەبیاتی جیهانی شوێندانەرە، نووسەری کورد دەیەوێ بە ئاسۆی بیر و هزرێکی بەربلاتر ببێتە زمانی بێزمانی کۆمەڵگاکەی بێت. لەم ناوەدا ئەوی گرینگە و جێگای سرنج وڵامی ئەم پرسیارانەن: ١. ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کورد چەندە توانیویەتی وڵامەدەرەوەی نیازی کۆمەڵگا بێت؟ ٢. داخوا ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانییەوە خاوەن ئەرکە لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەمڕۆ؟ ٣. نووسەری کورد بڕیارە ئەمڕۆ ڕەخنەگری بارودۆخی ئێستای بێت؟ ٤. ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان چەندە دەتوانێ خاوەن هەڵوێستێک بێت و بە دوور لە ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان ئەو هەلەمان بۆ بڕەخسێنێ تا ژیانی ئاشتیخوازانەی مرۆڤ لە گۆی زەوی کۆتایی هەموو کێشەکان بێ؟!

● **مودیر مەسئوول**

گرینگترین ڕۆڵەکانی فۆلکلۆر لە ڕوانگەی زانستییەوە
بە ئاوڕێک لە سەر فۆلکلۆڕی کورد

ئەمین ڕەحیمی نژاد (ڕێوار)



کورتە

فۆلکلۆر وەکوو چەمکێکی زانستی بۆ یەکەم جار لە پێنجاکانی سەدەی نۆزدەهمی زایینی بەرەودوا لە داوانەی زانستی ئەنتیکەناسی بەدی هات. ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەنتیکەناسێکەوە بە ناوی ویلیام تورنس[1] بۆ ئەوەی کە بتوانێت جێگری دەستەواژەی "سنتهای باستانی عام[2]" بێت پێشنیار کرا کە لە ڕوانگەی واتاییەوە ئاماژە بەو زانیارییە دەکات کە بە شێوازی زارەکی و نافەرمی لە نێو خەڵکی کۆمەڵگادا دەست بە دەست دەبێت. لە کتێبخانەی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی ئەگەرچی ئەو بەرهەمگەلەی کە بە چەشنێک (کەم تا زۆر) "فۆلکلۆر" لە قەڵەم دەدرێن زۆرن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم کارانە لە ڕاستیدا تەنیا کۆکراوەیەکن لە هەندێک لە ئایتێمەکانی فۆلکلۆر کە لە ڕوانگەی زانستییەوە بایخێکی زۆریان پێ نادرێت. وا دیارە کە فۆلکلۆر لە لای زۆربەی"فۆلکلۆر کۆکەرەکانی" کوردەوە تەنیا بە ئایتێمەکانی فۆلکلۆور پێناسە کراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر لە ڕوانگەی زانستییەوە دەبێ پێداویستیگەلێکی زانستی وەکوو چوارچێوەکی تیوریک (کە خۆی دەتوانێت لەخۆگری ئێلمانگەلێکی بەرفراوان وەکوو شێوازی لێکۆڵینەوە، ئامرازی لێکۆڵینەوە، ئامانجی لێکۆڵینەوە و هتد بێت، یان ڕوانگەیەکی پەکتیکاڵ بخرێتە بەرچاو. یەکێک لە ئەم ئێلمانگەلەی کە لە کۆکراوەکانی فۆلکلۆری کوردی تا ئێستا نادیارە و بایخێکی پێنەدراوە "ڕۆڵی فۆلکلۆر"ە. کە خۆی ولامدەرەوەی پرسیارگەلێکە وەک: بۆ دەبێ فۆلکلۆری نەتەوەیەک بپارێزرێت؟ ڕۆڵی فۆلکلۆر لە ناساندنی هەر نەتەوەیەک بە خەڵکی ناوخۆ و هەروها دەرەوەی ولات چییە؟ خەڵکی کۆمەڵگا چۆن دەتوانن لە پاراستنی فۆلکلۆری نەتەوەکەیان کەڵک وەربگرن؟ لە ئەم وتارە بە کورتی ئاوڕێک دەخرێتە سەر هەندێک لە گرینگترین ڕۆڵەکانی فۆلکلۆر، کە ئەم ڕۆڵگەلە لە ناوخۆ و هەروها دەرەوەی کۆمەڵگا چی دەتوانن بن و فۆلکلۆریست چۆن دەتوانێت بە مەبەستی بە باشتر گەیاندنی دۆخی کۆمەڵگا لە فۆلکلۆر کەڵک وەربگرێت.

گرینگترین ڕۆڵەکانی فۆلکلۆر

فۆلکلۆر لە ڕاستیدا کانتکستێکی (بافتێکی) کۆمەڵایەتییە کە لە ناخی کۆمەڵگادا هەشاردراوە. ئەم کانتکستە خۆی پێکهاتەیەکە لە هەموو ژانرەکانی فۆلکلۆر کە خۆیان بریتین لە ئایتمەکانی فۆلکلۆر. هەر کام لە ئەم ئایتمگەلە لە لای ئەندامانی کۆمەڵگاوە بە تاکە نیمودێک دەبینرێت. خەڵکی کۆمەڵگا بە هۆی ئەوەی کە خۆیان

بەرهەم ٨

بەشێکی (ئەگەرچی زۆر جیاواز، بەڵام ون لە نێو ئەم کانتکستە) دیکەی بەدیهێنەری ناخی کۆمەڵگان، نەیانتوانی بە شێوەیەک ڕوون و ئاشکرا ئەم کانتکستە کە خۆی بە ڕاستی لە نێو ناخۆداگای بیر و باوەڕی کۆمەڵگا دایە ببینن. لەبەر ئەوەیە کە گرینگایەتی ڕۆڵی فۆلکلۆر بۆ زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا نادیارە. فۆلکلۆر لە ڕاستیدا زانستێکە هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵناسی، مێژووناسی، مەردم ناسی، ئوستووڕە ناسی، زمانناسی، ئەدەبیات و هتد. بۆیە ڕۆڵەکانی فۆلکلۆر دەتوانن پێوەندییەکی هەمە لایەنەیان لەگەڵ ئەدەبیات، خەڵکی کۆمەڵگا، مێژووی کۆمەڵگا و بە تەواوی نەتەوە بێت. لە نێو ئەدەبیاتی زانستی فۆلکلۆر دەیان ڕۆڵی گەورە و بچووک بۆ فۆلکلۆر و بە تایبەت بو لێکۆڵینەوە، وەسفین و شرۆڤە کردنی فۆلکلۆر دەسنیشان دەکرێت. یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین ڕۆڵەکانی دیاری کراو بۆ فۆلکلۆرشوناسی نەتەوەییە[٣]. ئەم ڕۆڵە کە زۆر جار وەک ناسیونالیزمی ڕۆمانتیک[٤]یش ناوی لێدەبرێت، خۆی مێژوویەکی زۆر کۆنتر لە زانستی فۆلکلۆری (بەم شێوازە کە ئێستا بە دەستی ئێمە گەیشتووە) هەیە.

> "... گەشەپێدانی زانستی فۆلکلۆر لەگەڵ ناسیونالیزمی ڕۆمانتیک دا نزیکایەتییەکی زۆری هەیە. بە پێی ئەو زانیارییەی کە نەتەوایەتی لە سەر مێژووی هاوبەشی فەرهەنگی خەڵکی دابین کرد، ناسیونالیزمی ڕۆمانتیک لە دەیەکانی [هەشتاکان و نەوەدەکان] کۆتایی سەدەی هەژدەی زایینی لە ئەوروپا دەستی کرد بە کۆکردنەوە و لە چاپدانی 'لوری' [(ئەو زانیارییەی کە پێشتر ئاماژەمان کرد کە خۆی واتای lore– لە نێو وشەی فۆلکلۆرە)] "خەڵک" بۆ پێناسە کردنی شوناسی نەتەویی خەڵکەکان و هەروها دانانی بەردی بناغەی 'ولات-نەتەوەکان'[٥]" [١].

بە ڕاستی کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆر بۆ پێناسە کردن، دابین کردن، پێشان دان یان سەقامگیر کردنی شوناسی نەتەوە یەکێک لە ڕۆڵە هەرە گرینگەکانی زانستی فۆلکلۆرە، کە بەر لەوەی کە لێکۆڵینەوە لە سەر فۆلکلۆر بگاتە ئەو ئاستە زانستییەی کە ئێستا هەیەتی، ئەم ڕۆڵە لە دنیای فۆلکلۆر زۆر بەرچاوتر لە ئێستا (دەسپێکی هەزارەی سێیەم) بووە. "بە ڕاستی هیچ شتێک ناتوانێ بە ئەندازەی زمان و مێژوویەکی هاوبەش یان یەکگرتوو بە بەدی هاتنی هەستیشوناسی نەتەوەیی یارمەتی بدات" [٢]. لێکۆڵەرەکانی بواری ئەدەبی، کۆمەڵناسی، زمانناسی و هتد لە کۆتایی سەدەی هەژدەهم و دەسپێکی سەدەی نۆزدەهمی زایینی دەستیان کرد بە کەڵک وەرگرتن لە ئێلمانگەلێکی فەرهەنگی-مێژوویی-زمانی کە پێشاندەری فەرهەنگێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگا جیاوازەکانی ئەڵمان بوو. لە ئاکامدا شوناسی ژێرمەن[٦] لە زمانێک هاوبەش بەدی هات [١]. یان لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی فۆلکلۆریستەکانی ولاتی بۆڵقاریا[٧] بو زیندو کردنەوەی شوناسی نەتەوەیی بۆڵقاری بەو ئاکامە گەیشتن کە دەبێ ئاگاداری نەتەوەیی[٨] لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان بەدی بێت. بۆیە بزووتنەوەیەک بە نێوی *ناروێکا*[٩] (واتە زانیارییەک سەبارەت بە خەڵک) بەدی هات. ئەم بزووتنەوە ڕوانگەی هەمووی لێکۆڵەران و خوێندەوارانی بۆڵقاریای بەرەو ئەوە ڕێنوێن دەکرد کە یەکگرتنی خەڵکی بۆڵقار لە ڕێگای فۆلکلۆری ئەم خەڵکەوە مومکین دەبێت. ئەوان

پێیان وابوو کە فۆلکلۆر کانتکستێکی یەکگرتووە و ناتوانێت چەند پارچە بێت، جا ئەو خەڵکانەی کە فۆلکلۆرێکی هاوبەشیان بێت لە ڕاستیدا بەشە جیاکراوەکانی یەک نەتەوەن [٣].

بەڵام بۆ کەڵک وەر گرتن لە ئەو ڕۆڵە فۆلکلۆرە کە ئاکامەکەی گەیشتن بە شوناسی نەتەوەییە، زۆربەی لێکۆڵەرە فۆلکلۆریستەکان وا بیر دەکەنەوە کە شوناسی نەتەوەکەیان لە ڕابردوو - ڕەنگە ڕابردوویەکی زۆر دوور بەجێماوە، پچڕاوە یان تێکچووە. ئەم شوناسە بە باوەڕی زۆربەی ئەم فۆلکلۆریستانە خۆی هی سەردەمێکە کە نەتەوەکەیان خاوەنی دەسەڵات و شکوهێکی ئێجگار مەزن بووە. ئەم شوناسە شوناسێکی ڕەسەنی نەتەوەکە بووە کە ئێستا پاک ڕووخاوە، بۆیە ئەم فۆلکلۆریستانە هەوڵیان دا کە ئەم شوناسە لە وێرانەکان و لادێیە خاپوورەکان کە بۆ سااڵیانی سااڵ لە بیر چوونە بدۆزنەوە! ئااڵقر[١٠] لە سەر ئەم باوەڕە سوورە کە ئەم شێوازە و بە تایبەت ئەم فۆلکلۆریستانە نەیانتوانیوە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە یارمەتیدەرێکی باش بۆ نەتەوە بن [٤]. فۆلکلۆریست دەبێ ئەم ڕاستیە لەبەر چاو بگرێت کە شوناسی نەتەوە ئەگەرچی پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ مێژوودا هەیە، ئەگەرچی دەتوانێت لە مێژوو وەکوو فاکتەرێکی بەرچاو بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەکە کەڵک وەربگرێت، بەڵام ئەم نەتەوە لە "ئێستا"دا دەژی و شوناسەکەیان دەبێ لە فۆلکلۆر، زانست، دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و هتدی ئێستایان بدۆزرێتەوە.

کێشەی سەرەکی زۆربەی لێکۆڵەرەکانی بواری فۆلکلۆر لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی کورددا ئەوەیە کە پێیان وایە ئەگەر بتوانن کۆنترین نیمودەکانی فۆلکلۆر بدۆزنەوە و لە کتێبێکدا ڕاستە و ڕاست لە چاپی بدەن لە ڕاستیدا توانیویانە شوناسی ڕەسەنی کورد زیندوو بکەنەوە! تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەرەکان پاش ئەوەی کە نیمودە فۆلکلۆرەکەیان کۆ کردۆتەوە، بە دڵخوازی خۆیان دەستیان تێبردووە و بە پێی بیر و باوەڕی خۆیان دەق یان تێکستی فۆلکلۆرەکەیان گۆڕیوە و ئەمجار بەڵاوی کردونەتەوە! بۆ ئەوەی کە بە باوەڕی خۆیان کێشەی کۆمەڵگایان چارەسەر بکات!

لە دیکەی ڕۆڵە هەرە گرینگەکانی فۆلکلۆر دەتوانین بە ڕۆڵی سەمبۆلیکی فۆلکلۆر بو نەتەوە ئاماژە بکەین. فۆلکلۆر بە تەواوی یان یەکێک لە نیمودەکانی فۆلکلۆر، یان تەنانەت ئوستوورەیەکی فۆلکلۆریک دەتوانێ سەمبۆل یان نیشانەیەک بۆ یەک نەتەوە بێت. بەو شێوە کە ئاکیلیس (یان ئاشیل؛ پاڵەوانی ئۆستوورەیی یوونانییەکان) یان هۆمر خۆی سەمبۆلێکە بو یوونانییەکان. یان ئەوی کە کاڵاڤالا[١١] (دیوانی شێعرێکی حەماسی) بووە بە سەمبۆلی فەنلاندییەکان. ئەم پەڕتووکە کە ئێستا مایەی شانازی خەڵکی فەنلاندە خۆی لە ساڵی ١٨٤٩ بە دەستی لۆنرۆت[١٢] و هاوکاڵسییەکانییەوە بۆ یەکەم جار کۆ کراوەتە و لە چاپ دراوە [٥]. یان ئەوەی کە خەڵکی دۆڕگەکانی فارۆ هەڵپەڕکێیەکی تایبەتیان هەیە کە ئێستا وەکوو سەمبۆلی نەتەوەیی ئەم خەڵکە مامڵەی لەگەڵ دەکرێ [٤].

جا لێکۆڵەرەکانی بواری فۆلکلۆری کوردی ئایا توانیویانە یەکێک لە دەیان نیمود یان ئۆستوورەگەلێک کە هەر لە مێژەوە لە کانتێکستی فۆلکلۆری کورددا بوونە وەکوو سەمبۆلی گەلی کورد بە خەڵکی کورد بناسێنن و هەروها دنیای دراوسێیان بەم باوەڕە بگەینن کە ئەمە سەمبۆلی نەتەوەیی خەڵکی کوردە؟ ئۆستوورەهایەک وەک کاوەی ئاسنگەر یان ئاوازگەلێک وەک سیاچەمانە یان شاکارێک وەک مەم و زین، شیرین و فەرهاد و هتد. بە ڕاستی ئایا

هەوالنامەی کتێب

ئێمەی کورد ئێستا یەک سەمبۆلی نەتەوەییمان هەیە! فۆلکلۆریستی کورد دەبێ ناساندنی سەمبولێکی واحید بە هەوموی خەڵکی کورد وەکوو ئامانجێکی دیاری بو خۆی دەسنیشان بکات و هەوڵ و تێکوشانی خۆی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە کار بێنێ.

ئەم رۆڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا زۆرتر وەکوو ناسنامەی نەتەوەیەکی لە دەرەوەی وڵات یان لە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە کۆمەڵگاکانی ئەم وڵاتە بە کار دێن. جا رۆڵی فۆلکلۆر بۆ نێو کۆمەڵگاکەی خۆی چی دەتوانێت بێت؟ بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەیان رۆڵی جۆراوجۆر لە لایەن فۆلکلۆریستەکانەوە پێشنیار کراوە. برانڤەند[١٣] چوار رۆڵی سەرەکی بو تێکستی فۆلکلۆر و هەروها کۆ کردن و تاقی کردنەوەی فۆلکلۆر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەسنیشان دەکات:

(١) دەرچوون[١٤]: فۆلکلۆر لە نێو کۆمەڵگا دەرفەتێکە بۆ دەرچوونێکی فانتزی (خەونانە) لە چەنگاڵی ئەو ناکامی و گیر و گرفتانەی کە کۆمەڵگا بە سەر ئەندامەکانی داسەپاندووە. (٢) سەڵماندنی[١٥] (بە تایید گەیاندنی)؛ فۆلکلۆر دەتوانێت پێوەرێک بێت بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی یان نادروستی داب و نەریت و ڕەسم و ڕسووەمەکانی خەڵک. (٣) پەروەردە کردن[١٦]؛ فۆلکلۆر قوتابخانەیەکە بۆ فێرکردنی بایەخەکانی کۆمەڵگا بە منداڵان و لاوان و بە تەواوی نەسڵی نوێی کۆمەڵگا. (٤) کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی[١٧]: فۆلکلۆر دەتوانێت بو سزا دان یان خەڵات کردنی ئەندامانی کۆمەڵگا کەڵکی لێوەربگرێت [٦].

وەک نموونە ڕۆڵی پەروەردە کردن زۆرتر بو ئەو کۆمەڵگایانە بە کار دەچێ کە زۆربەی خەڵکیان نەخوێندەوارە و لە لای دیکەشەوە خاوەنی سیستمی پەروەردە و فێرکاری بە زمانی خۆیان نین، وەک کۆمەڵگاکانی کورد زمان لە ئێران. جا ئەو خەڵکە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری خۆی، بایخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکانی خۆی، میژووی گەلەکەی، شێوازی بژیوی خۆی و هتد لە قوتابخانەی فۆلکلۆری خۆی فێر بووە و ئێستا دەیەوێ منداڵەکان و بەرەی داهاتووی خۆی فێری ئەم وانەیە بکات. جا ئەمڕۆ فۆلکلۆریستەکانی کورد دەتوانن چوارچێوەیەک بۆ کۆکردنەوە و تاقی کردنەوە و شرۆڤە کردنەوەی فۆلکلۆریان بە شێوازێکی نادیار دابین بکەن کە ئەم چوار رۆڵەی فۆلکلۆر بە شکڵێک بەرچاوتر و بەهێزتر بەرێوە بچن.

قوتابخانە یان مەکتەبی ڕۆڵگرایی (فانکشنڵیزم) لە سەدەی بیستەم کاریگەرییەکی زۆری لە سەر لێکۆڵینەوەکانی فۆلکلۆر بووە. زۆر جار دەبینرێت کە بۆ فۆلکلۆر و بە تایبەت تاقی کردنەوەی فۆلکلۆر ڕۆڵگەلێکی جۆراوجۆر لە لایەن فۆلکلۆریستەکان و تیوریسیەنەکانی فۆلکلۆرەوە پێشنیار دەکرێت. وەکوو نموونە لە ڕوانگەی کەلتوورییەوە ئەم چوار رۆڵەی خوارەوە بۆ فۆلکلۆر و تاقی کردنەوەی فۆلکلۆر دەسنیشان دەکرێن؛ (١) فۆلکلۆر دەبێ ئاوێنەیەک لە کولتووری کۆمەڵگا بێت، (٢) فۆلکلۆر دەتوانێت ڕەهەندە جۆراوجۆرانی کولتووری پشتڕاست بکاتەوە، (٣) فۆلکلۆر قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردە کردن، (٤) فۆلکلۆر دەتوانێت ڕەفتار و کرداری پەسەندکراوی کۆمەڵگا بپارێزێت [٧].

بەرهەم ٨

جا هەر وا کە دەبینرێت فۆلکلۆر رۆڵگەلێکی جۆراوجۆری هەیە کە فۆلکلۆریست دەبێ لە تاقی کردنەوەکەی خۆی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی بە پێی ئەم رۆڵانە دیاری بکات.

ئەنجام

کۆکردنەوە، دەستەبەندی، ئارشیف کردن، تاقی کردنەوە، لێکۆڵینەوە و شرۆڤە کردنی کانتێکستی فۆلکلۆر بۆ هەر نەتەوەیەک (بە تایبەت ئەوانەی کە لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی بە نەتەوەیەکی بەهێز و ناسراو ناناسرێن) پێویستییەکی بەڵگەنەویستە. فۆلکلۆر دەتوانێت بەهێزترین شوناس بۆ هەر نەتەوەیەک بێت بە تایبەت نەتەوەیەک وەک کورد کە لە جیهانی ئێستادا دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆری هاوبەشی خۆی هاوکات شوناسێکی یەکگرتووی کوردی بێت و هەروها لەگەڵ دیکەی خەڵکانی دانیشتوی وڵاتەکەی لە رێگای کەلتووری فەرمی ئەو وڵاتەوە شوناسێکی دیکەی هاوبەش پێک بێنێت.


[1]. William John Thorns
[1]. popular antiquities
[1]. national identity
[1]. romantic nationalism
[1]. nation-states
[1]. German
[1]. Bulgaria
[1]. National consciousness
[1]. Narodouka
[1]. B. Alver
[1]. Kalevala
[1]. lonnerot
[1]. J. H. Brunvand
[1]. escape
[1]. validation
[1]. education
[1]. social control

[١]. Haase, Donald, 2008, **the Greenwood Encyclopedia of Folktales and Fairy Tales: G-P**, Greenwood Publishing Group, p. 662.
[٢]. Kevideland, Reimund; Sehmsdorf K. Henning & Simpson, Elizabeth, 1989, **Nordic Folklore**, Indiana Univercity Press, P. 19.
[٣]. Ganeva-Raycheva, Valentina, 2011, **Bulgarian Folklore Studies and the Formation of National Identity and Culture**, (the magazin of) Tradition, N. 40, C. 2. PP.111-118.
[٤]. Kevideland, Reimund; Sehmsdorf K. Henning & Simpson, Elizabeth, 1989, **Nordic Folklore**, Indiana Univercity Press, PP.13-16.
[٥]. Alen, Dundes, 1999, **International Folkloristics: Classic Contributions by the Founders of Folklore**, Rowman & Littlefield, P. 37.
[٦]. Brunvand, J. Harold, 2006, **American Folklore: An Encyclopedia**, Routledge, P. 655.
[٧]. Lopez, M. Leandicho, 2006, a **Handbook of Philippine Folklore**, UP Press, P. 62.

کتێب خانەی

بەرهەم ٨

چەند پرسیار لە بواری کوردناسیدا



ڕەحمەت نادری

١

نووسینی دەقێکی زانستی خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. هەرچەند نووسەر پێداگر نییە لەسەر زانستی بوونی ئەو دەقە بەڵام لەو خەسڵەتانە بێئاگا نییە. ئەو دەقە لەو خەسڵەتانە بەرییە. هۆیەکەشی نووسینی بۆ گۆڤارێکی ئەدەبییە سەر بە بنکەی موکریانی مەهاباد. بۆیە تا ئەوەندەی بووزی خواردەوە لەسەر سانایی پێداگری کراوە. دەق زۆرتر دەپرژێتە سەر هێندێک پرسیار کە ئەم ڕۆژانە بۆ زۆرکەس پرسیارگەلێکی بێوڵام یا بە وڵامگەلێکی لێڵن.

هێندێک لەو گریمانانەی لە خوارەوە دێن لە کەشی مەجازیدا بە تایبەت فەیسبووک ڕمێن و بڵاوبوونەوەی زۆریان هەبووە. هەرچەند کەشی مەجازی زۆر زانستی و تەکووز نییە بەڵام بێگومان خاوەنی کارتێکەری و شوێندانەرییەکی زۆرە و لە ڕێژەی بەنێو((لایکەکان)) و ((هاوبەشکردنەکان)) دەکرێ ڕادەی ئەو شوێندانەرییە بدۆزینەوە. هەرچۆنێک بێت بەشکەم ئەو نووسراوە پتەیەک بێت بۆ هۆگران و هەڵبەت پەرۆشانی ئەو بوارە.

ئەرێ ئەوە تەنیا ساویرێک نییە کە زمانی کوردی حەوتەمین زمانی جیهانە؟(هەموو ڕۆژێ بلاقۆک یا سایتێکی ئینتێرنێتی سەبارەت بە پلەبەندی زمانەکان بابەتێکی بڵاودەکاتەوە. زۆرێک لەو سایت و بلاقۆکانە، بێبنەما و لەسەر پێوەری نەگونجاو هێندێک لەو دەستەواژانە پێشکێش دەکەن. لە ڕوانگەی زانستییەوە هیچ زمانێک لە زمانێکیتر باشتر و لەپێشتر نیە!!!) و لەگەلێک لە زمانەکانیتر بەهێزترە؟ ئەو بەهێزتربوونە یانی چی؟ بە کام پێوەر؟ ئەرێ تەنیا وەهمێک نییە مێژووی 62000 ساڵەی زمانی کوردی(ئەو ڕێکەوتدانانە بەسامە لە کەشی ئینێرنێتدا پەرەی ئەستاند. بەبێ هێنانی نێوی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو. سەرەتا هەستم کرد لە بژاردنی ڕێژەی خاڵەکانی ئەودا تووشی هەڵە بووم بەڵام بە سرنج و دووبارە و چەندبارە ژمارەی خاڵەکان تێگەیشتم کە بەڕاستی ئەو مێژوودانانە شێستودووهەزار ساڵە. لەوانەیە ئەو نووسراوە شوێنێکی گونجاو نەبێت بۆ کردنەوەی ئەم مژارە بەڵام وەکی ئاگادارم بەشکەم بە تەواوی ئەو حەولانەی کە دراوە، توانراوە تەنیا چەند زمانی مردووی جیهان هەتا چەند هەزار ساڵ(ئەوپەڕی شەش هەزار ساڵ) بگەڕێننە دواوە)؟ بەکام مێژوونووسی؟ بەکێها ڕێفرێنسی زانستی؟ گەلۆ ئەو بانگەشانە تەنیا ڕیشەبڕکردنی ئەم زمانە نییە؟ گەلۆ گاڵتەپێکردن بە زانستی زمانناسی نییە؟ ئەرێ تەنیا بە وێکچوونی چەند وشە دەکرێ زمانەکان بە هاوخێزان داندرێن و ڕیشەدۆزی واژەییان بۆ بکرێت و حوکمیش سەبارەت

بەئەوان بدرێت؟ (لەو جۆرە بانگەشانە زۆرە. بانگەشەگەلێک کە تەنیاوتەنیا لەبەر وێکچوونی فیزیکی دوو وشە لە دوو زمانی بە داڕشت و ڕێسای وشەسازی تەواو جیاواز دێتەئاراوە. گەر تەمای شیکردنەوە هەبێت زۆری هەڵدەگرێت)

٢

ڕیشەی فەرهەنگی کوردەکان کوێیە؟ سەری ئاڵوگۆڕی کلتووریی کوردی لە کوێڕا دەستپێدەکا؟ بنەما و ژێدەری کلتووری کوردەکان کوێیە؟ ئاخۆ کوردەکان مادن یا مادەکان کورد؟ ئاخۆ پێش سەرهەڵدان و هاتن و پەنابەری مادەکان کوردستان بەتاڵ لە ئاکنجی بووە؟ئاخۆ تەنیا لەبەر پابەندی زمانی بە یەک قەوم (نەک ڕەگەز) دەکرێ فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە سەر بە فەرهەنگی کۆچەر/هێرشبەر داندرێ؟ ئیزن بدەن باسەکەی زۆرتر بکەینەوە، زمانی کوردی یەکێک لە ژێرلکەکانی زمانی ئاریاییە ئاخۆ تەنیا لەبەر ئەو هۆیە دەتوانین کوردەکان بە ئاریایی بزانین؟ گەروایە میسرییەکان لەگەڵ وەی خۆیان قیبتین و زمانەکەیان عەرەبییە ئاخۆ وەک فەرهەنگ عەرەبن؟ ئەرێ پێوەری زمان دەتوانێ ئەوەندە شوێندانەر بێت؟ قەومە خۆجێییەکانی زاگرۆس (وەک ژینگەی سەرەکی کوردەکان) چ کەسانێک بوون؟ و دوای کۆچکردن/هێرشبردن ئاریاییەکان چیان لێهات؟ میتانییەکان، لۆلۆبییەکان، گۆتییەکان، ئۆلیپییەکان، ماناکان و چەند قەومیتر چیان بەسەرهات؟

بەڵام لایەنیتر دۆزەکەش بوونی هەیە: کوردەکان وەک ناوەندی جیهان و هەبوون...!!! هەرشتێک کە لە جیهاندا بوونی هەیە بەرهەمی کورستانە! ئاخۆ لانکەی شارستانییەتی مرۆڤ کوردستانە؟ کێها شارستانییەت؟ ئاخۆ تەنیا لەبەر دۆزینەوەی حەسارێکی شوێنەوارناسی لە کوردستاندا و سازکردنی فیلمێک لەو، و بڵاوکردنەوەی لەیەکێک لە کەناڵە ئاسمانییە بەقاپێکراوەکاندا دەکرێ لێدوان بدرێ کە مێژووی"شارستانییەت"ی کوردی گۆڕاوە و کوردستان لانکەی شارستانییەتی جیهانییە (ئەو ماوەیەی یەکێک لەو کەناڵە ئاسمانییە بیانییانە فیلمێکی بڵاوکردوە سەبارەت بە حەسارێک لە تورکیا. ئەو حەسارە بەپێی ئەوەی نووسەر دیتوویەتی خاوەنی پێوەرگەلی کلتووری نایابە و بێگومان لە بواری کلتووریییەوەش گەلێک گرینگە. بەڵام یەک خاڵ هەیە و ئەوەش ئەوەیە کە بە گوڵێک بەهار نایەت. پرۆسەی ئەو پرسانە لە زانستی کۆنینەناسیدا بەو شێوەیە کە دوای دۆزینەوەی حەسارێک و هەڵکۆڵینی ئەو، سەرەتا ڕاپۆرتێکی لێ بڵاودەکەنەوە. دوایەش وەک وتارێکی زانستی لە گۆڤارە باوەرپێکراوەکاندا و دوایەش دەکەوێتە بەر ڕەخنە و بەریوانی و دواتر دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ و تێپەڕاندی قۆناغگەلی جوداواز وەک حەسارێکی گرینگ و سەرەکی ئاماژەی پێدەکرێ هەڵبەت نە وەک ژێدەری شارستانییەت. بەگشتی ئەو باسی ژێدەر و سەرچاوە ساڵەهایە کە هێندێک لە باسە زانستییەکاندا لاوز بۆتەوە و گرینگایەتی پێشووی نەماوە. گەرچی هەشن هێندێک ڕێباز و کەسان کە لەسەر ئەو گرینگە پێداگرن و لایەنگریشیان هەیە. هەرچۆنێک بێت بە ئەرخەیانی حەساری باسکراو خاوەنی گرینگییەکی فرەیە وەک حەسارێکی سەرەکی و جێگای باس و بایەخ و ڕێز (هەڵبەت دوای چوونە نێو کتێب و وتارگەلی بەبایەخ و ڕێکی ئاماژەپێکران)ـــــە.)

بە کام پێوەرگەل و نیشانەگەل؟ گەلۆ ئەمانە تەنیا ئافرێنداروی مرۆڤانی بێپسپۆڕی و بێکار نین؟ ڕادەی شوێندانەری کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی و جیهانی چەندەیە؟ ئەرێ ئێمە زۆرتر شوێندانەر بووین یا شوێنوەرگر؟ پرسیارێکیتر

هەواڵنامەی کتێب

کە لەوانەیە مشتومڕساز بێت ئەوەیە: ئاخۆ کوردەکان ئێرانین؟ ئاخۆ هەر شوێنێک کوردی لێبێت ئێرانە؟ لێدوانی ڕێبەرێکی ڕامیاری کورد_ پێداگەری لەسەر ڕامیاری بوونە_ ئاخۆ دەتوانێ پێوانە و پێوەرێک بێت بۆ ناسینەوە و دووبارەناسی شوناسی نەتەوەیەک(؟) (ئەو وتەیە هی ڕێبەری کۆچکردووی کورد مستەفا بارزانییە. ئەو لە نامەیەک بۆ ڕێبەری حیزبی پانئێرانیستەکاندا ئەو ڕستەیە باسدەکات و هەر ئەو ڕستەیەش بۆتە بیانوویەک بۆ زۆرکەس!!! و ئاگادار یا نائاگادار ئەو ڕستەیەی دووپات دەکەنەوە. بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی ئەو نامەیە سەردانی ئەو سایتە بکەن:)
http://www.iranglobal.info/node/30506

٣

نەورۆز نەریتێکی کوردییە؟ پیشەکانی ئەو دابە لەکوێڕا هاتووە؟ گەلۆ چاوگەیەکی کوردی هەیە؟

بەڕاست، دیرۆکی کوردستان لەگەڵ دیرۆکی کوردی چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئاخۆ تەنیا بە سرنجدان بۆ ڕوانگەکانی باو دەبێ دیرۆکی کوردستان لە ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە بنووسرێ یاکوو دەبێ سرنج بدرێتە داتا نوێیەکانی کۆنینەناسی و دیرۆکێکی نوێ بنووسرێتەوە؟ ئەرێ نەتەوەکان و دەوڵەتەکان حەولی چەواشەکردنی مێژووی کوردییان هەیە؟ ئەرێ ئەو خاڵە کە گشت حەولودەولی ئەو مێژوونووسانە بەلاڕێدا بردنی دیرۆکی کردی بووە ڕاستە؟ کوێی مێژووی کورد چەواشە کراوە؟

شوناسی کوردی چییە؟ کام لە نیشانە فەرهەنگییەکان تەنیا کوردین و بەس؟

٤

بەڵام پرسیارێکی گرینگی تر ئەوەیە کە ئاخۆ لە مێژوو، کۆنینەناسی و یا زمانناسی و یا هەر بوارێکی تری زانستی نابێ پسپۆڕی ئاکادیمیک سەبارەت بەوان بۆچوون دەربڕێ و قسەی کۆتاییش هەر ئەو بکات؟ ئاخۆ کەسێک تەنیا لەبەر ئەوەی وەک گردارێکی ژێدەر و سەرچاوەکان کاری کردووە دەتوانێ وەک لێکۆڵەرێک حوکم بدات(زانست لە سەدەکانی کۆتاییدا بووەتە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ناوزە و ئەویش پسپۆڕیخوازییە. بەڵام هێندێک لە دۆستان وادیارە ((لێئۆناردۆ داوینچی))نە. لە دار هەتا بەرد، لە موسیقا و هونەر و وێژەوە بگرە هەتا بابەتە زانستییەکان بانگەشەی پسپۆڕییان هەیە. بە ئاماژە بەو خاڵە دیسان وەبیر دێنرێتەوە کە لەو سەردەمانەی کە کەسێک بە نێوی حەکیم، لە فەلسەفەوە هەتا پزیشکی و هونەر و ئەدەبیات بابەتێکی هەبوو چەندین سەدە تێپەڕ بووە. وەپسپۆڕی گەڕانی زانستی باشە و خەراپەی خۆی هەیە کە هەڵبەت لەو نووسراوەدا ناگونجێ بەڵام حەول بۆ ((پێڕاگەیشتن بە هەمووشتێک)) یەکێک لەگرفتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی کوردناسییە.

ئاخۆ بەبێ ڕێبازی ئاکادیمیک دەکرێ سەبارەت بەو پرسیارانە و پرسیارگەلی لەوجۆرە قسان بکەین؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێک لەبواری موسیقا یا هەر ڕشتەیەکیتر خاوەنی نێو و نێوبانگە ئاخۆ دەتوانێ بێت و بە کاتژمێر لە دەزگاکانی

بەرهەم ٨

ڕاگەیاندندا (بە تایبەت کانالّە ئاسمانییەکان) لەسەر مێژووی کوردان قسەبکات و ئیدیعای سەیروسەمەرە و حوکمگەلی بێبنەما و قسەی قۆڕ لە خۆڵێ وەردا.

٥

تۆێژەر و هۆگری مێژوو و کۆنینەناسی کوردستان تا چ ڕادەیەک لەسەر داتاکان و زانیارییە نوێیەکانی کۆنینەناسی ئێستای دنیا یا لانیکەم کوردستان ئاگاداری هەیە؟ ئەرێ هیچ ئاشنایە بە وشەی پێشمێژوو؟ ئەرێ لە مێژووی 400هەزار ساڵەی کوردستان ئاگاداره؟؟؟؟ ئاخۆ گرینگی ئەشکەوتەکانی شاندەر دەزانێ؟ یا تەنیا بەقەرا وشەیەک و شێعرێک لە شاعیرێکی نێوبەدەرەوە و هیچیتر؟

بەپێی کێها سەرچاوەی بڕواپێکراو ئیمپراتۆری ساسانی کورده؟؟؟ ئاخۆ کوردەکان توانیوییانە قەت ببنە خاوەنی دەوڵەت؟ گەلۆ هێزی ئەو کارەیان هەبووە؟ لە گۆشەنیگایەکیتر بۆ دەسەڵاتێکی کوردی تا ئێستا پێکنەهاتووە؟ ئاخۆ جەبری جوغرافیایی و سرووشتی و کلتووری بۆتە هۆ و پێشگری ئەو کارە یا نا دۆسییەکە شتێکیترە؟

٦

ئوستووره کۆنە کوردییەکان کێهانەن؟ تا ئێستا چەندە ئەو ئوستوورانە لە توێژینەوەکانی کوردناسیدا کەتوونە بەرباسی لێکۆڵینەوە و شیکاری؟ ئاستی کارتێکەری ئەو ئوستوورانە لە بیچمگرتنی ئەمری قودسیی (بابەتی پیرۆز) کوردی چ بووە؟ لەبنەڕەتدا ئەمری قودسی لەنێو کوردەکاندا چییە؟ تا ئێستا تێکۆشانێک بۆ ناسینی ئەوە ئەنجام دراوە؟ بەڕاست ئایینی کوردان چ بووە؟ ئەرێ زەرتەشت پێغەمبەرێکی کوردی بووە؟ لەڕووی کام ژێدەر و بەڵگە؟ ئایینی میترایی چ ڕۆڵێکی لەنێو کوردانداهەیە؟


٧

پرسیارگەل سەبارەت بە کوردناسی زۆر و زەوەندن. ئەو پرسیارە بڵاو بە پڕتاوانە تەنیا مشتێ لە کۆگای پرسیارگەلی بێوڵام و یا بە وڵامی نیوە و یا هەڵە و بێبنەما و بنەڕەتە....

لە ئەنجامدا ڕێگاچارەی ئەو بابەتەی دەتوانین لە ئەنجامی پڕۆژەکان و لێکۆڵینەوە ئامانجدارەکان بدۆزینەوە هەڵبەت بە ڕێبازی زانستی و بێگومان بە کار و تێکۆشین و کردار وەدەست دێت نەک تەنیا بە قسە و دەستەوەستانی!!!

چاوەڕوانی ڕەخنە و بیروبوچونەکانی خوینەرانی ئەم وەتار دەکەم...

دیداری وشە لە شێعری فەرەیدوون عەبدول بەرزنجیدا



ئەحمەد حەقناس

فەریدوون عەبدول بەرزنجی لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی، دکتۆرای بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی . مامۆستای زانکۆی سلێمانی



وتەیەکی بچووک:

زۆر سات نووسین دژوار دەبێ، وەک چڕی کێو و جەنگەڵ و پێدەشتی کاکیبەکاکی شاعیر هەر ساتێ بێتاقەتی نووسین دەبێ، دەچێتە نێو خەیاڵی نووسینەوە، لەگەڵ نووسین دەکەوێتە ڕاوێژەوە، کاتی میوەکان بێتاقەت دەبن لە تەک لق دەکەونە وتووێژ، ئایا گەڵاکان دەتوانن لایەلایەی خوێندنەوەیان بۆ بکەن، بەڵام نا، شاعیر لەوانە لە پێشترە، دەتوانێ بخوێنێتەوە، دەتوانێ بنووسێت، هەتا ئەیشتوانێ لە بواری زمانی سەبکی خۆیا بە دوای ئەدای جوان و داهێنەریدا بگەڕێ. بریا لە جێی خاک لە وشە خوڵقابان. ئەوسا سەراپا خوێندنەوە و نووسین دەبوون. گەر میوەکان یەک چرکە لە جێی شاعیر دەبوون ئەو وەختە خوێندنەوە و نووسینیان لەمس دەکرد و لە بۆن و بەرامەی خۆیان جیا دەبوونەوە. بۆچی خوێندنەوە نەکەین بۆ ئەو نووسینانەی کە هەر هیچ نەبێ زووزەیەکی داهێنەریان تێدایە؟ بۆ دەبێ بێ هیچ هۆیەک بێدەنگ بین، تا کەی کەمتەرخەمی و بێمەیلی نیشاندان، ئەوەیش بزانن نووسینی بێخوێندنەوە وەک کاغەزێکی ڕەشە کە فڕێ درابێتە گۆشەیەکەوە، سادەترین پێناسەی نووسین خوێندنەوەیە .

کورتەیەک:

شێعر وەک داربەڕوویەک دایم لە لقوپۆپدایە، هەڵۆیەکی ئازادە کەس ناتوانێ لە سنووری خوێندنەوە ڕێی لێ بگرێ، بۆیە هەردەم لە بیرکردنەوەی شاعیردا خەریکی نوێ بوونەوەیە، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی یەکێکە لەو دەنگە شێعریانە کە ساڵەهایە لە دەقە شێعرییەکانیدا خەریکی گەشانەوەی دەنگ و ڕەنگی سەبکی شێعری خۆیەتی، وەک ئاشقێکی ڕاستەقینە لە تەک وشە شانیان بە شانی یەکەوە ناوە لە سەر ڕێتمی زمانی شێعری خۆی، بەهای جوانتر بە دەقەکانی ئەدا. زۆر لە مێژ بوو دەمویست بە چاو و مێشکی کراوەی خوێندنەوە، پەنجەی هەڵسەنگاندن بخەمە سەر دەقە شێعرییەکانی، چونکە شێعر ئەو کۆترە دڵسۆزەیە هەردەم گمەی نوێ بوونەوەیەتی بۆ جووڵانی هەستێکی بزواندن.

بەرهەم ٨

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لە نیگای حەزێکی ئاوارەدا وەک سەرەتایەکی شێعری بە شێعری ڕۆمانسیانە خۆی بە خوێنەری شێعر ناساند تا ئێستەش لە سەر ئەو شێوازە بەردەوامە و سات لەگەڵ سات داهێنانی باشی خوڵقاندووە. هەرگیزیش بە نیازی گوزەراندنی کات بە قەولی پێشینان خۆی نەخزاندۆتە سەر بەڕەی شێعر. هەردەم سۆزی شێعر بووە وای لێکردووە پەنجەرەی هەستی دایم بە ڕووی شێعردا بکاتەوە.

دیاری شاعیر/ تەنیا دیاریم هۆنراوەیێکە/ بۆم هێناوی لێم وەرگرە .../ ئەگەر هاتوو وشەکانی/ وەکوو لێوت ناسک نەبوون/ سەریان بڕە....

❊ ❊ ❊

گۆرانی بۆ تۆ ئەڵێم و/ گوێم لێگرە.../ گیانە ئەگەر ئاوازەکەی/ وەک قاقای تۆ و گریانی من/ بەجۆش نەبوو .../ نۆتەکانی لەتوپەت کە/ بیاندڕە....

دیاری گەر بە جوانی لێی بکۆڵێتەوە لە هەموو دەم و ساتێکدا کاریگەری خۆی هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئەو کەسایەتییە کە دیاریەکە دەبەخشێ بە کەسی بەرانبەری. مامۆستا فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی هاتووە سۆزی بە شێوەیەکی جوان لە وشە پێچاوە بە دیاری پێشکەشی خوێنەری شێعری کردووە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژی فکری داڕشتنێکی بەبەهایە نرخەکەی بە هیچ ڕەقەمێ مەزندە ناکرێ.

(عاشق چاوی لە ئەودیوی شتەکانە)

خۆشەویستی خۆی ئەزانێ /دڵی شاعیر چەند گەورەیە/ شاعیر ئەمرێ و/ حەزەکانی بە هەتیوی گەورە ئەبن/ وەکوو پیرێک/ گەنجێتی لە خوێنیا بژی .../ بە هیوای عومرێکی ترم/ هیواکانمی تیا بێنە دی....

هەمیشە بە لای خوێنەرەوە دڵی شاعیر وەک ئاوێنەیێکە کە هەموو ڕوخسارێکی جوان و ناحەز دەتوانێ خۆی تێدا ببینێ. خۆشەویستی و حەز لای فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لەم شێعرەدا وەک یەک دیدی خۆی بۆنی کرانەوەی تەمەنێکی تر و هەناسەیەکی ئازادتر دەکا و هیوایەک دەخاتە سەر ڕێی گەڕانەوەیەکی تر.

من عاشقم/ عاشق چاوی لە ئەودیوی شتەکانە.../ بۆیە لەودیو/ نیگای چاوەکانی تۆوە/ ڕەنگی بەیانی ئەبینم/ لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە/ خەڵکەکەی هەموو شاعیرن .../ بۆ عیشق و جوانی ئەنووسن.

گەرچی ئاشق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە پانایەکی بەرینی لە دڵی هەموو کەسێکدا داگیر کردووە ئەمەیش بەو مانا نییە شاعیر گەر ئاشق بوو ئیتر ناتوانێ بیرێکی پتەوی هەبێ، نەخێر وا نییە، بەڵکوو ئەو هەوڵی داوە لە ڕێی گرتەی دەقە شێعرییەکانیەوە جیهانێکی تر لە تێگەیشتی ئاشق بوون و شتە شاراوەکانی دەروون لە هەڵوەشاندنەوەی فەرامۆشی دەرباز بکا.

(حەزێکی شێت)

کە جێمدێڵی/ هەموو شتێ/ نیشانەیە بۆ تەنیایی ../ من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە/ فلیمێکە بێ کۆتایی/ بۆیە ئەبێ/ فرمێسک لە چاوی هەڵبەستما/ شتێک بێ زۆر زۆر ئاسایی....

لە سەرەتای ئەم شێعرەدا لە جێمانەدا پێکهاتەی شێعرێک پێکدێنێ کە خاوەنی تێگەیشتنێکی پێکهاتە بێ بۆ کەشف و دۆزینەوەی مانای خۆشەویستی لە حەزێکی شێتا لە ڕووی فۆرمێکی ڕێکوپێکەوە.

هەولێر کتێب

بەرهەم ٨

ئەی ئەو کەسەی / لە ناو دڵما گەورە ئەبێ و/ تاجی وڵاتی شێعری من/ لە سەر ئەکەی/ بە عەشقی تۆ بۆ نەسووتێم/ تۆ نازانی / چی لە عەشقت پیرۆزترە؟ .../ بە نیگای ئەو جووتە چاوەی/ لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن/ پەپووڵەی گیانی مردووی من/ بۆ کوێ ئەبەی ؟..../ کە نیگا ئەگۆڕینەوە/ سەوز و شیرین گەورە ئەبێ/ دە چاوەکانت دامەخە/ دایانمەخە/ ئەی فێری نەبووی/ چۆن لە خەمی شاعیر بگەی؟....

زۆر سات نەمادی ئەو کەسایەتییە کە لە خەیاڵداڵە دایک ئەبێ دەبێتە کردەیەکی سەرسووڕهێنەر و خۆی لە ناو بازنەیەکی گەمارۆدراوی چەقبەستوودا دەبینێ. بەڵام شاعیر فەرەیدوون ئەو کەسایەتییەی وا پەروەردە کردووە لە زاکیرەیدا بۆیە چاوەڕوانی خۆی پێ دەسپێرێ سۆزی و بڕوا بوون و دەروون و دەوروبەرەکەی دەڕژێنێتە یەک ڕووباری هاوبەشەوە تا لە داخستنێکا فێری وانەی گۆڕانکارییەکانی فکری بێ.

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم/ خۆشەویستیت .../ خەمێکی هێچگار گەورەیە و/ لە دڵما جێی نابێتەوە./ ئەترسم دڵم بتەقێ/ ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە .../ ئەوسا گڕی حەزێکی شێت/ هەموو گیانم ئەسووتێنێ/ ئیتر کێ شێعرت بۆ بڵێ؟/ کێ بگری بۆ/ نیگای چاوت؟..../ کێ بێ خەمت لە گەڵ بەش کا و/ بتوێتەوە/ لەگەڵ دەربڕینی ناوت؟!...

شاعیر لە سروشتی خۆشەویستی و لە یەک گەیشتن زۆر جوان تێفکریوە لە بەر ڕووناکی جێ پەنجەی سۆز و ڕەوانبێژی بیر کردنەوە هەڵوێستی خۆی دەستنیشان کردووە. هیچ بزواندنێکی هەست بەبێ تیۆرێکی کرانەوەیی لە یەک گەیشتن نابێت. زمانێکی چڕوپڕی بە باڵای شێعرێکدا کردووە بێئەوەی دوچاری گیروگرفتی زمانەوانی بێت.

(شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ)

تووڕە مەبە/ خۆت زیز مەکە/ خوا ئەتگرێ/ کە بێدەنگم وا مەزانە تاوانبارم/ چیم پێ ئەکرێ؟/ حەزێکی شێت/ دەم و دەست و چاوی بەستووم/ قوڕگی گرتووم.../ ناوی خواشم بۆ ناوترێ!.../ ئەگەر عەشق/ وەکوو من داخی ئەکردی .../ ئەتزانی چۆن/ شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ!....

هەموو ڕووداو هەستی لە دەروونداً گڕی گرێک پاڵی پێوە ئەنێ تا ڕاستییەکان بێتە کوڵ و خۆیان لە درکاندن بئاڵێنن. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بە هێمنییەکی شاعیرانەوە ڕوو دەکاتە خۆشەویستی ناو شێعرەکەی و پێی ئەڵێ تووڕە مەبە بە نیگای سەرنجم بۆ شوێنی دڵخواز ڕاکێشە. هەوڵ ئەدا بزە بخاتە سەر لێوی خۆشەویستە دڵڕەقەکەی چونکە شاعیر هەردەم وەک مرۆڤێکی دڵسۆز بە پەرۆشە بۆ ساتێکیش بێ چ دەوروبەری و چ خۆشەویستەکەی دڵیان لە خۆشی و بەختەوەریدا بێ.

(کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە)

هێندەی حەزی هەموو دنیا / حەزم لێتە/ خۆشم ئەوێی / تا دوا ڕادەی خۆشەویستی/ کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە/ بیر کردنەوە بەهارێکە و/ تۆوی حەزەکانی منی/ تیا سەوز ئەبێ!

بیر لە یەک کردنەوە لێکدانەوەی فکر و ئەندێشەی قوواڵیی حەزە خۆشەویستی وەک بایەک وایە بە ئارامی لە بەر بارانی سۆز خۆی دەخووسێنێ تا ڕادەیەک لە دڵی مانای ئاشق بووندا ڕیشە دائەکوتێ هەر جارێ بە ناوێک بانگ دەکات.

دە گیانەکەم/ سەرت بنێ بە سنگمەوە/ با لە باوەشما بتگوشم/ هەتا تاسە و خەمی دووری/ دوو بەهاری پێ دەربکەم/ لێوم هەنگێکی تینووە .../ بۆ مژینی لێوەکانی تۆ هاتووە

بەرهەم ٨

گیان ئەو شتە بەنرخەیە کە هەموو ساتێ بە بیر کردنەوەیەکی درکان‌خوازی ئامێرەکانی بزواندن دەخاتە بواری کارکردنەوە. فەرەیدوون وەک مامۆستایەکی بەئەزموون بە حەزەوە لە نێو کۆنسێرتی وشەدا بە لێوی شێعردا دەتەقێتەوە تابلۆیەکی جوانی نەقش کردووە «جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان زمانی قسە کردنی ڕۆژانە و زمانی دەقە شێعرییەکاندا هەیە، ئەم جیاوازییە لەو ئەرک و ساتەدا دەردەکەوێت کە شاعیرێک پێویستییەتی تا دەقە شێعرییەکەی بەرهەم دێنێت، لە کاتێکدا قسەکەری ئاسایی هیچ پێویستی بە ئەرک و کات نییە بۆ ڕێکخستنی قسەکانی و بەبێ هەڵوەستە کردن هەرچی بیەوێ دەیڵێ.»

سەرت بنێ بە سنگمەوە/ گیانە با هەتا ئەتوانم .../ بۆ ناو دوورگەی/ چاوەکانی تۆ بڕوانم/ سەرسام مەبە/ هەتا ئێستاش/ خۆم بە ڕێبوارێکی وێڵی/ دوورگەی چاوی تۆ ئەزانم.

کرانەوەی پەنجێرەی بیر کردنەوەی سنگی خەیاڵ بۆ هەموو دوورگەیەک چاو ئەگێڕێ. فەرەیدوون لە بەر زەینی شێعر بووندا داوایەک ئەکاتەوە و بە ڕوون کردنەوەیەک مانا لە نهێنیدا ئەهورژێنێ کۆتایی شێعرەکەی وەک سەرەتای شێعرەکەی بە ئەنجامی بنیادخوازی گەیاندووە. ئەوەیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شێعری فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی کە پڕە لە ڕستەی شێعری سەرنجڕاکێش.

(ئاخۆ ئێستا)

ئاخۆ ئێستا ... لە کام جێدا/ بێناز کەوتووی؟ .../ ئاخۆ ئێستا/ لە کام سووچی ژوورەکەتا/ پەژارەی دڵ جێی مەینەتی/ بۆ ڕاخستووی؟/ ئاخۆ ئێستا ... هەر بەئاگای/ یا خود وەنەوز.../ پێلووی چاوی پێ داخستووی؟ ...

هەندێ شاعیر لە کۆنەوە تا ئێستە زۆر سارد و لاواز هەنگاویان ناوە و هەنگاو دەنێن زۆریش هەبوون و هەن نەیانتوانیوە لە سنووری بەرتەسکی دیالیکت و بن دیالیکتی ناوچەیی خۆیان ڕزگار بکەن. زۆریش هەبون و هەن زۆر لە سەرخۆ لە سەر ڕێچکەی تایبەت بە هەستێکی لێپرسراوانەوە هەنگاوی باشیان ناوە. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بە یەکێک لە سەرکەوتوویانی ئەم دەستەیە دێتە حیساب ئەوەتا لە دەستپێکی ئاخو ئێستادا زۆر بە زەریفی تارای بووکێنی ڕازێک هەڵئەداتەوە تامەزرۆی ڕووناکی زەردەخەنەی شاعیری لێ دەبارێ.

ئاخۆ ئێستا/ وەک چۆن من بیری تۆ ئەکەم/ تۆش بیر لە من ئەکەیتەوە؟/ ئاخۆ ئێستا.../ گەردەلوولی کام ئەندێشە/ هەڵیگرتووی/ کام خەفەت لێک ئەدەیتەوە؟ ...

ئەوەتا بە هەمان شێوە لە ئاخردا مەزنی ئەو ڕێیەی دەستپێکی ڕەچاو کردووە تا شێعرەکەی بە ئەدایەکی ڕەنگینی بیر کردنەوە گەیاندووە بە ئاخر. شاعیر تێدا جۆرە گەمەیەکی شێعری خۆی تێدا بە کار بردووە تا مایەی دروست بوونی وێنەی لێکچواندنووە.

(هەژارەکان لەگەڵتانم)

هەژارەکان/ ئەی ئەوانەی/ باڵندەی هیواتان ئەفڕێ/ بۆ ئاسمانی جیهانی نوێ/ ئەی ئەوانەی/ دوێنێ و ئەمڕۆ/ بۆ نەمانی چەوسانەوە/ بوونە پشکۆ/ لەگەڵتانم لە کەوتنا/ لە برسێتی و لە مردنا لەگەڵتانم/ دڵم لەگەڵ گیانتانایە

هیوام زادەی هیواتانە

بڕوام وەکوو بڕواتانە

هەژاری ئەو شتە بزوێنەرەیە کە هەردەم بیر بە خۆیەوە ئاڵۆز دەکا، ڕەنگە زۆر کەس هەژاری بەو چاوە ببینێ کە ژیان تێیدا دایم نووزەی مردنیە بەڵام نا ئەمە هەڵەیە هەژاری هەناسەی ئەو ژیانە بەپێزەیە کە سات بە سات هەناسەی نوێ بوونەوە بە

هەواڵنامەی کێب

بەرهەم ٨

خۆیەوە دەبینێ شاعیریش هاتووە زۆر زیرەکانە لەگەڵ وشە مامەڵەی هزری تێدا کردووە سەرکەوتووانە مانای هیوای نوێ بوونەوەی تێدا خولّقاندووە. لە دەروونیدا تاوتوێی کردووە ئەمجار بە شێوەی شێعر گوازتوویەتەوە سەر کاغەز دیارە لە پێشدا ئەوەی زانیوە پەیوەندی نێوان شێعر و دەروون پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمە و بەهێزە

هەژارەکان/ لە سەر تەختەی/ ڕەشی فێر بوون/ بیرتان ئەکەم/ لە کاتی برسێتی و تێر بوون/ بیرتان ئەکەم/ لە هەر کاتێ/ خۆم لە بیر بێ/ بیرتان ئەکەم/ هەژارەکان

وەک دەزانین بەزەیی کەرەسەیەکی زۆر گرنگی داڕێتنی شێعری کۆمەڵایەتییە چونکە داڕشتنەکە بە جۆرە وشەیەکی سەرنجڕاکێش خۆی دەڕازێنێتەوە تا بەم هۆیەوە کاریگەری خۆی هەبێت بە سەر خوێنەریدا. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لەمەیشدا شانی لە شانی تەمومژ نەداوە و وێنەی شێعری ناسک و بەهرەی کێشاوە خوێنەر بە خوێندنەوەی تام و چێژی تایبەت بە زاکیری خوێندنەوەی دەبەخشێ.

(بۆچی هاتووی)

ئەمڕۆ هاتووی/ پەشیمانی خۆت دەرئەبڕی؟/ هاتووی بگری؟/ هاتووی ئەوە بسەلمێنی/ لەو کاتەوەی بەجێت هێشتووم/ وەختە بمری؟.../ حەز ئەکەی لە باتی جارێ/ دە جار بمرە/ کام ئەستێرەی هێجگار بەرزە/ بۆی سەرکەوە و لێمی بگرە/ من جارێ تر باوەشت بۆ ناکەمەوە/ جارێ تر نابمە دڵدارت/ ئەگەر مردووی بەو خەمەوە.

پەشیمانی گەر لە سەرەتا و زۆر زوو فریای بکەوی لە سەر کەشی فکری دەتواندرێ یەک یەک درگا کلیلکراوەکان بە ئاسانی بکرێنەوە بەڵام گەر هاتوو لە کۆتاییدا قۆڵی بۆ هەڵماڵی ئەوە بەر پلاری ونجڕونجڕی دەکەوێ کات بە پەلە تێدەپەڕێ نەک هەر خۆت ژیانیش تووشی ئاڵۆزی دەبێ شاعیر لەم شێعرەیشدا چەشە و دەربڕینێکی بەرزی بە کار هێناوە دەسەڵاتێکی شاعیرانەی تێدا وەرد داوەتەوە. بە جۆرێک کە پرپەتی لە سۆز و ئەندێشەی ڕۆمانسیانەی ڕێ ڕاستەقینەی خۆشەویستی.

ئەنجام

گەر بە سەرنجەوە سەیری هەموو شێعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بکەین لە ڕووی هونەری شێعرەوە چ لە داڕشتندا چ لە ناوەرۆکدا زۆر سەرکەوتووانە بە شێوەیەکی ورد و سەربەخۆ بە شێعر وێنەی تابلۆی خەیاڵی دڵگیری خولّقاندووە. بە ئاستێکی بەرز و بەهێز لە شێعریدا مۆسیقایەکی پرسۆزی چێژداری دەربڕیوە. زمان و سەبکی تایبەتی بۆ خۆی داهێناوە گەر خوێنەری شێعر لێم تووڕە نەبن بە بڕوای من وەک چۆن ئەڵێن گەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی نەبوایە شێعری کوردی ناقیس دەبوو. گەر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی نەبوایە تەرازووی شێعری کوردی سەرەی دەکرد.

ژێدەر:

١ـ فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠٠٥

٢ـ نیگای حەزێکی ئاوارە، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ١٩٧٧

٣ـ ڕێبازی ڕۆمانتیکی، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ١٩٨٩

٤ـ ڕۆژان ئەڕوا و هەر خۆشەویستی منی، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ١٩٨٣

٥ـ با خۆمان خەمی خۆمان بخۆین، ئەحمەد حەقناس، دەسنووس

٦ـ شما هم می‌توانید، امیر سمامی حائری، ١٣٨٣

٧ـ پێکهاتەی زمانی شێعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢

٨ـ جوایەز، ژمارە ٢، ٢٠٠١

بەرهەم ٨

دوا ساتەکانی سادق هیدایەت

بابەک سەحرانەوەرد



هەروا کە جەهانگیر هیدایەت، بەرازای کەڵە نووسەری ئێران، واتە سادق هیدایەت، لە ئاهەنگێکی تایبەتی کە کەناڵی ئاسمانی (بی بی سی) بڵاوی کردەوە و لەلایەن تاقمێک لە برادەر و هەڤاڵە نزیکەکانی هیدایەت پەسەندیش کرا و لە کتێبەکانی دوکتور هومایون کاتوزیان، ڕەخنەگەر و لێکۆڵەری بەرهەمی هیدایەت ئاوڕێکی هەمەلایەنەی لێدراوە، بەشێوەیەکی بەڵگەیی ئەم مەسەلە هاتوتەئارا کە سادق هیدایەت لە دواییں سەفەر بو وڵاتی فەرەنسا بە هیوایەکی فرەزورەوە پێدەخاتە ئەم وڵاتە تا بتوانێت لە فەزا بەستراو و سەرکوتکەرەکەی ئێران تا ئەو ڕادەیە کە بۆی دەگونجێت خۆی دوور بخاتەوە و لانیکەم بۆ ماوەیەکی کەم لە ژیانی، بەدوور لەسۆزانی و ملوڕ و خوێڕییەکان (ڕەجالەکان) تێپەڕێنێت و لە لایەکیترەوە ئەم هەلەی بو بڕخسێت کە کتێبەکانی لە فەرەنسا چاپ بکات و بەو شۆڕەت و پێگەیە کە بە ڕاستی بە مافی خۆی دەزانی بگات و بە فرۆشی نووسینەکانی بە بڵاوگە فەرەنسییەکان بتوانێت ژیانە ناخۆشەکەی پێوە بەرێتەبەرێت و ئیدی چاوی لەدەستی خێزانەکەی نەبێت کە جارجار داوای پارەی لێدەکردن و ئەمە ببوە کەڵکەڵەیەکی هەرە جیدی بۆ خودی سادق هیدایەت.

سادق هیدایەت بە ویزایەکی دوو مانگانەی پزیشکی و بە ناوی نەخۆشی خەمۆکی!!! بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ڕێگەی هەندەرانی گرتەبەر و دەرەنجام لە وڵاتی فەرەنسا گیرسایەوە. ئەگەرچی بو ئەم درۆیە کە کردبووی (نەخۆشیی خەمۆکی) زۆر پەشۆکاو بوو، بەڵام بە هۆی هیوایەک کە تەواوی هەست و نەستی تەنیبوو، ئەم شتەی قەبوولْ کردبوو و بە خۆشی قەبڵاندبوو کە نەخۆشە. ئەم دوو مانگە بەرەبەرە ڕوو لە تەواو بوون بوو، بەڵام لە پاریس، هاوڕێکەی (حەسەن شەهید نورایی) کە لە چاپکردنی کتێبەکانی هیدایەت یارمەتیدەر بوو، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشییەوە لە خەستەخانە کەوتبوو و نەیدەتوانی کارێک بۆ هیدایەت بکا. هیدایەت تەنانەت شوێن ویزاگرتن بۆ (لەندەن)یش کەوتبوو هەتا بتوانێت بەم چەشنە خۆی بگەیەنێتە لا هاوڕێ نزیکەکەی مەسعوود فەرزاد و لەم تەنگژە بە لەونێک خۆی قوتار بکات، بەڵام بە هەر هۆیەک بووە، ئەم کارەی بۆ نەرخساوە و لەولاوە وادەی پشووەکەی بەرەبەرە ئەکەوێتە کزی و مولّەتیی گەرانەوەکەی نزیک دەبووەوە و ئەگەر هیدایەت بە دەستی بەتاڵ (واتە نەبوونی بەڵگەی پزیشکی بۆ نەخوشییەکەی) بۆ تاران بگەرایەوە، دیاربوو ئیشەکەی بەهاسانی لە زانکۆی هونەرە جوانەکان لەدەست دەدا و لەدەسدانی ئیشەکەی واتە دیسان بێپارەیی و قورسەری و دەستەنگیی و هیدایەت پتر لە هەر کاتێکی دی دەبووە سەربار و سەرخۆری خێزانەکەی و خۆشی هەر بەم شتە پەست بوو و وەک ئیهانەیەک بەخۆی تەماشای ئەکرد.

هەوارنامەی کتێب

بەرهەم ٨

لەولاوە باری تەندروستی (شەهید نورایی) ڕۆژ بە ڕۆژ بەلا خراپییەوە دەچوو، بەڵام ناخوشترین هەواڵ، تیرۆر و کوشتنی ڕەزمارا (زاوای سادق هیدایەت و سەروک وەزیرانی ئێران لەو سەردەمە) لە تاران بوو و بە یەکجاری هیوا و ئاواتی هیدایەت بە باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس کە بەر لە تیرۆری ڕەزمارا، ئەویان هەر خۆش ئەویست و وێدەچوو کاروباری سەقامگیربوونی هیدایەت لە فەرەنسا بە یەکجاری ڕێخەن، لەدەس دەچێت و ئێستا، دوا مردنی ڕەزمارا، ئیدی وەڵامیشی نادەنەوە و هیدایەت بە یەکجاری لە هەموو شتێ شەکەت، ناهومێد و وەرز بوو. دالغەی خۆکوژی کە کاتێکی درێژخایەن لەگەڵ هیدایەت مابوو و بەرەبەرە پەرەی سەندبوو، لەم قوناغەدا هەمیسان لەزەینیدا ژیاوەتەوە.



هیدایەت دەچێتە لای (مستەفا فەرزانە) تا پارەیەک کە لە لای ئەو بە ئەمانەت داینابوو وەربگرێت و بتوانێت بەوە خەرجی کفن و ناشتنی خوی لێدەرکات و ئەوی تریشی بۆ بە کرێ گرتنی ژوورێک لە هوتێلێکی هەرزان لە پاریس دابین بکا و ناونیشانی هۆتێلەکەی بە چ کەسێ بەر لە یەکێک لە هاوقوتابیانی هەرەتی منداڵی خۆی نەدات. لەبەر ئەوەی بتوانێ چەند ڕۆژ پێش مردنی بە زەینێکی ئاسوودە لەوێدا ژیان بەسەر بەرێ و خۆی ئامادە بکات بۆ کارەساتە گەورەکە کە چەند ڕۆژێش پیلانی بۆ دارشتبوو.

(شەهید نورایی) شەوێک بەر لەخۆکوژی هیدایەت کۆچی دوایی دەکا و بەم لەونە هیدایەت بۆ خۆکوژییەکەی مسرتر دەکا، بەڵام لەولایشەوە دەبێ ئەم باسەیش بێتەگورێ کە برایار بەخۆکوژی، دیارە هەموو شتێک نەبووە و ئەنگیزەیەکی ئەوتۆ و بزیویەکی فرەزۆری دەویست کە هیدایەت ئەم شتەی بووە. بزیویەکی فرەزۆر کە تاقمێک لە هیدایەتناسان لە شاکارەکەی واتە (کوندەبووە کوێرە) بە جۆرێ دیاریان کردووە و دەیانزانی مەبەستی هیدایەت لەم دەقە ئاڵوزاوییە چییە.

هەر چەند لە سەر ئەم باسە کۆکم کە خۆکوژی هیدایەت گرینگە، بەڵام نەک بەقەد کەسێتی و چیرۆکە ئاڵۆزەکانی کە بە یەکجاری جیهانی بەرینی چیرۆکیان بە پانتاییەکی فرەواتان، فرەلایەن و فرەڕەهەندە بەرامبەر کردۆتەوە و ئەمە ڕەنگە یەکێک بێ لە کارە هەرە گەورە و گرینگەکانی ئەم نووسەرە پایەبەرزە جیهانییە کە جیهانێکی بۆ داڕدارانی چیرۆک ڕخساندووە تەڕی لە هیوا و بێ هیوایی.

بەرهەم ٨

بە کام پێوانە بۆ لای خۆمان دادێ

بەشی یەکەم

عەلی عەبدالّی



ئەدەبی زارەکی بە درێژایی مێژوو، شان بە شانی بەرهەم گەلی نوسراوەیی مرۆڤ بەرەو پێش هاتووە و بەش بە حالّی خۆی هەلّگری بیر و ڕاو "پێداویستی" تەنانەت دابونەریتی کۆن و بارگەلی جۆراوجۆر بووە.(1) بەلّام هەر چەندە لە هەلّسەنگاندنی "قەیاتەکان" ناتوانین پێداگری بکەین کە چەندە درۆ و چەندە ڕاستن، بەلّام گەر بشمان هەوێ خۆ لە قەرەی ئەم بوارە بدەین ئەوە ئەجەلی قەیاتەکان هاتووە و ئەو جار بەم بیرۆکە تەنیا توانیومانە لاپەرێکی مێژوو هەلّدەینەوە یا ڕاو و بۆچوونێکی زانستی کە بزانین باشە یا خراپە دەخوێنینەوە.

لە نێو کۆمەلّگای مرۆڤایەتی گشت قەیاتەکان، هەر چەندە، جێی ڕێزن بەلّام لە پەیکەرەی ئەدەبی زارەکی هەموو لە پلەیەک جێ ناگرن و نرخیان بە قەرا یەک نییە. شایەد ئەم هەلّاوردنە زۆر بێئینسافانە بێ، بەلّام بە لایەنی زۆر سادە و ساکار دادەتوانین بلّێین قەیاتەکان تاقمێک زیندوون و تاقمێک مردوو. هەر چەندە هەر دووک لە سەر زمانڕا گوێزراون و بوون بە دەق.

ئەم کۆ قەیاتانە کە توانیویانە بیر و باوەڕی نەتەوەیەک یا خەلّکانێک لە ناخی خۆیاندا تۆمار بکەن و گێرانەوەیان دەمارگرژی پێدێنیتە ئارا ئەو ڕەنگی زیندوویان هەیە و قەیاتێکی زیندوون و لە دڵ و میّشکی جەماوەردا متمانەیان پێ دەکرێ و سینگاوسینگ و تۆرەمە بە تۆرەمە ڕادەگوێزرێن و دەیان گێرنەوە و زیندو بوونەوە، لە سەر دەست و بە چاوی ڕێز تماشایان کردوون. بەلّام لەو دیوی باسەکەدا، تاقمە قەیاتێک دەمێنەوە کە بە دوورن لە ئاسەواری ژیان و کەسایەتێکان هەلّسوڕاو نین و نەزوکن و هەلّسوکەوتیان و"قسەیان پووشی بەر ڕۆژە" و سەربەخۆ و لە کەلێن و قوژبنی کۆمەلّگا هەلّدەقوتێن و زۆر لە زاری خەلّکان نابیندرێن و لە نێو کۆمەلّی قەیاتەکانیشدا چیان بۆ کوتن پێ نییە و بە قەیاتی مردوو نێویان دەبەن. لە تاریفی تاکە وشەی "هەقایەت" هەرچەندە هەلّگری حەقیقەت نییە بەلّام دابەشکردنی هەقایەت لە ناو پڕۆسەی "حەقیقەتی هەیە یا نا"؟! بیرێکی ساکاری - مرۆڤی - هەیە کە خۆی پێهەلّداوسین و هەست بە بیرمەندێکی خەیالّاوی یا - ئەندیشەیەکی ئەفسانەیی - دەکەین. بە ڕای پسپۆڕانی بواری میتۆلۆژی "مەرگی ئەفسانەکان هاتووە و مرۆڤ خۆی لە بیرێکی عەقلّانی و زانستی نیزیک کردوتەوە".

ڕا و ڕاوێژ سەبارەت بە حەقیقەتی ئەفسانە زانستێکی ڕەخنەگرانە دەخولّقێنی و خۆی لە ئەندیشەی ئەفسانە بۆ لای ئەندیشەی عەقلّانی دەگوێزیتەوە و جا بلّێین ڕێی کۆتایی هەر ئەوەیە و ئەمجارە حەقایەت خۆی لە کەش و هەوای حەقیقەتدا دەبینێتەوە و چیتر خۆ وەبەر دەس نادا وا کە لە ڕوانگەی بەرهەمێک کە بتوانن دونیایەکی خەیالّی تێدا ببینەوە و مامەلّەی لە تەکیا بکەین و بە وردی لێی بڕوانین. جا ئەمەش لە حەیفان حافز کوتەنی "چون ندیدند حقیقت ره افسانه زدند".

پێوەندی نێوان ئەفسانە و حەقیقەت بە قەد تالّەموویەکە. نە ئەوەندەیە ئەو پێوەندە بە درێژایی کولتوور و مێژوی مرۆڤ هەلّگری ئەم پرسیارە بکەن کە "مرۆڤ چۆن و کەی توانیوێتی لە ئەفسانەڕا بگاتە حەقیقەت"؟!

هەوالّنامەی کێبێ

بەرهەم ٨

ناسینی ئەفسانە هەڵگری چەند ڕاو و بۆچوونە، کە جیاوازن لە یەکتر و تاقمێکیان لە بواری زانستی سەردەمانێکە کاڵ بونەوە کارایەکی ئەوتۆیان نەماوە، بەڵام بە کورتی چاوێکیان لێدەکەین تا مەبستمان لە ناسینی "ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم " گرداری قاسم تاباک پتەوتر بێت و هەڵی سەنگێنین و تاکوو بۆمان دەرکەوێ لای گرانی بە کام لادا شۆر دەبێتەوە خۆمانەیە یا بێگانە؟!

1. ڕوانگەی هیند و ئوروپایی

لە ساڵی 1818 - 1814 دوو برای زمانناسی ئاڵمانی بە ناوەکانی ویلیام و یاکوب گریم هەندێ حەقایەتی خەڵکی ئاڵمانیان کۆ کردەوە کە توانیان لەو سەردەمە ڕوانگە و بیر و سرنجی زۆر نووسەر و تۆیژەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، سەرجەمی بۆچوونی برایانی" گریم" ئەوە بوو کە دەیان وت: سەرچاوەی گشت هەقایەتەکانی کە باس لە بەدیهاتنی سروشت و کاینات دەکەن لە دایک بووی ولاتی هیندن.

2. ڕوانگەی هیندی

تیۆدۆربنفی لە ساڵی 1859 لە فەڕانسە بە دوای پشکنینی زمانەوانی لە سەر کۆمەلێک ئاسەواری کەونارا کە سەر بە (قرونی وستا) بوون، بۆی دەرکەوت، کە حەقایەتی 7حەکیمی ڕۆمی بنکەی ڕۆژهەلاتە و لە ولاتی هیندڕا هاتوە کە بابەتەکانی ئەم ئەفسانە دەگەڕێنەوە سەر "کتێبی پنجانترا" (کلیلە و دمنە).

3. ڕوانگەی دەستکردی مرۆڤ "مردم نگاری"

گەورەترین نوێنەری ئەم بۆچوونە "ئاندرۆ لانگ" کە بە پێچەوانەی "ماکس مولیر" کە ڕای وابوو: حەقایەتەکان بنکڕ و پاشماوەی ئوستورەکان نین و بەڵکو هەوێنی ئوستورەکانن.

قەیاتەکان لە هەموو شوێنی ئەم دونیایە چ لە بواری کلتووری یا زیندوو بوونی سروشت تۆتێم هاتوونە دیی. قەیاتەکان هەڵگری ڕەمز نین و بە پێچەوانە پڕن لە بەرهەمگەلی کۆن، سیحر و دابونەریت و تەنانەت خزمایەتی گیانلەبەران و هتد.

4. بۆچوونێکی ئایینی

پۆل.سن.نیۆ دەڵێت: کەسایەتی نێو ئەفسانەکان بیرەوەری ئەم بەڕێوەبەرانەن کە لە کەونارادا ئاینە جۆراوجۆرەکانیان بەڕێوە بردووە.

5. بۆچوونی ماڕکسیستی

ولادیمێر پراپ دەڵی "بنەما و چوارچێوەی هەقایەتەکان لە سەر بەرهەم ساغ بۆتەوە.!!

ئەم هێزە و دەسەلاتدارانەی کە مرۆڤیان بە سۆغرە گرتووە، یا بۆ خرکردنەوەی دەغڵ و دان بە نانە زگی ڕایان گرتوون بۆ وەی کە بیر "لە ژێردەستی و نەزانی خۆیان نەکەنەوە، خەلە و خرمان بە داب و ڕەسمی تایبەت هەڵگرنەوە و سەرقاڵی ئەمری خانەخۆی بن و دوایەش هەر ئەم ئەمرە و دەستورانە بوونە ئایین و دابی وەرزێری و ئەفسانە و هەقایەتەکان لەپاڵ ماندووبوون و شەوچەلە و گەڕەلاوژەکاندا لە دایکبوون و تاکوو گوێی ژێردەستان چاکتر باخنن. دەنا"نە کەس جادووگەر لە دایک بووە نە کەسیش بە فێل ژەکیان داوەتێ بەڵکوو ئەوەی هەیە ژن ژنە و پیاویش پیاوە.

6. بۆچوونی فرۆید و یۆنگ


فرۆید: هەقایەت ڕووخساری ساکارە و هەرەسی ئوستورەیە. بڕواشی وایە دوا ماوەیەکی خوار و خێچ لە ئارەزۆکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانە لە پێگەی ئاواتەکانی لاوەتی مرۆڤ خۆیان نواندووە.

یۆنگ: قەیاتەکان هەست و نەستی مرۆڤن بە درێژایی ژیاندا.

بەرهەم ٨

خۆزە بالّتازار

ناسر وەحیدی



خۆزە بالّتازار پیاوێکی کولّەبنەی تێکسمڕاوی قولە ڕەشەیە. ڕووت و قووتە. تەنیا کۆتە چەرمێک نەبێ، وەک فۆتە بە بەر عەیبەیەوەی هەلّدەدا، تیتۆلّێک پارچە چییە! پێیەوە نییە. تووکی سەری، چەشنی بنجی گوێنییە. غەیری دەوری دەم و چەنەی نەبێ، چلّە موویەکی لێ نەڕواوە. جگە لە سپێنەی چاو و ددانەکانی نەبێ ـ ئەویش بە هۆی ئەو بزەیەی قەت لە سەر لێوی ناتۆرێ و لە یەکەمین نیگادا، وەک قیل بە نیگای ڕووبەڕووەکەیەوە دەنووسێ ـ ڕۆشنایی لە سیمایدا بەدی ناکرێ. دارێکی نووک تیژی پێیە، لە بری گۆچانیش بە کاری دێنێ. لیزگەیەک مووڕوی درشتی لە مل دایە. لە ناوەڕاستەکەیدا سێ ددانی درێژ، لە چەشنی کەلّپەی ورچ و گورگ و شفرەی بەراز، تێدایە. خۆزە لە گەلّ ئەوەی زوو بە زووش خۆی دەشۆڕێ، بۆدڕنی لێدێ. بۆنێک وەک بۆنی پیوی کولّاو، خامی گنخاو. خۆزە ژنێک و کوڕێک و دوو کچی عازەبی هەیە. بەو سیمایەوە لە بەر چاوی جەماوەر زۆر ئاسایییە، کەس لێی ناپرینگێتەوە.

ئێستا پاش ئەوەی چەشنی وێنەکێشێکی نەریتخواز، وێنەی خۆزەمان خستە بەرچاو. تکایە ئیتر مەپرسە، ئەم کابرایە چۆناوچۆن و لە کوێوە پەڕیوەی ئەم ولّاتە بووە. چونکوو ئەوە نە من دەیزانم و نە کەسیتر. بەلّام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، خۆزە لە ئاسمانڕا نەهاتۆتە خوارێ. لە سووچێکی ئەم گۆ خۆلّینەوە هاتۆتەوە ئێرە. لە هەوەلّ ڕۆژەکانی سەرهەلّدانی خۆزە و بنەمالّەکەیدا، ڕۆژێک خۆزە لە ناو بازاڕ تووشی دەبێ بە تووشی قالە کوێرەوە، کە کەیخودا و پیاوماقوولّی شارە. قالە کوێر لێی دەپرسێ ناوی چییە و لە کوێوە هاتۆتە ئێرە. خۆزە پێی دەلّێ ناوی خۆزە بالّتازارە. قالە کوێر دوا بە دوای خۆزەدا دووپاتی دەکاتەوە: هم! خولە بالّتەزەرد. خۆزە بە دەم نەرمە پێکەنینەوە دەلّێ: خولە نا! مامە قالە. خۆزە، خۆزە بالّتازار. قالە کوێر دەلّێ: بە خوا کاکە لێرەکانێ چ تەوفیرێک نییە لە مابەین خولە و ئەوەی تۆ دەیلّێی. خولە بە زاری خەلّکیەوە زۆر سووکترە. خۆزە دەلّێ خولە لە بەر خاتری چاوی ئەو هیچ، ئیتر ئەم بالّتەزەردە چییە؟ ئەو بە ماوەی ژیانی جگە لەم کۆتە چەرمە نەبێ، قەت تیتالّێکی پەڕۆ لە خۆ نەئالّاندووە. بشیکوژن بالّتەزەردی ئیتر قەبوولّ نییە. قالە کوێر بە تووڕەییەوە دەلّێ: بێدەنگ بە. تۆ بالّتەی زەردت نەبووە. دلّم ختور دەکا. دوور نییە باوکت یان بابەگەورەکەت، یان بنەچەکە گۆڕبەگۆڕەکەت، دلّنیام سەگبابێکیان بالّتەیەکی زەردی سەربازی دوگمە ئاسنی بووە. ئیتر تەواو، کەلّەوەکێشی ناوێ. لەو ڕۆژەوە خۆزە بە سەر زاری جەماوەرەوە بووە خولە و بالّتازار بووە بالّتە زەرد.

هەلّوالّەی کتێب

بەرهەم ٨

منداڵەکانی خۆزە بە پێچەوانەی خۆزە و خێزانی وەک خەڵکی ئەم وڵاتە جلوبەرگ لەبەر دەکەن. ئەمانەش گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە. ڕاستییەکەی ئەوەی بۆتە هۆی سەرسوورمان، نەخۆشینەکەی خۆزە بوو. خۆزە ماوەیەک لەوە پێش نەخۆش کەوت. حەوت رۆژان بە جێوبان، بێ سەروزمان کەوت. کەس تاقە کەلیمەیەک قسەی لێ نەبیست. خێزانی بە دەمە کەوچک چۆڕە هەلیماوێکی بە دەمییەوە دەکرد. لەو خواردنەش کەوت. حەوت رۆژی دواتر، بە لۆکە زاریان تەڕ دەکرد. تاکوو نەخۆشینەکەی خۆزە زۆرتر دەبوو، بۆدڕنی خۆزەش زیاد و زیاتر دەبوو. بۆنی پیوی کوڵاو و خامی گنخاو، وڵاتی هەڵگرتبوو. پاش ئەوەی لە زار تەڕکردنیش کەوت، ئەو جار کوڕەکەی چاوی نووقاند و بێ هەست و خوست وەکوو خۆزە حەوت رۆژ لە تەنیشتی ڕاکشا. بۆنی پیوی کوڵاو و خامی گنخاو لە زیاد کردن بوو.

پاش ئەو حەوتەیە، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و دەبوو ڕوو بدا، خۆزە و کوڕەکەی وەک جووجەڵە، سەر لە هێلکە بێننە دەر، وە جووڵەجووڵ کەوتن. چەشنی کوللە و تانجییلۆکە، هەر جارناجارێک بە چەپۆک یان بە پێلاقە لە یەکیان دەسرەواند. ئەو شەڕ و چنگە پڵماسکێیەش حەوتوویەکی خایاند. تەنانەت جاری وابوو سواری سەری یەکتریش دەبوون، یەکیان دەخرپاندەوە. بۆدڕنی خۆزە، زیاد و زیاد و زیادی دەکرد. ڕەنگە هەموو شتێک بۆنی خۆزەی گرتبوو.

لە کۆتایی سەعاتەکانی ئەو حەوتووەدا، خۆزە سواری سەری کوڕەکەی بوو. لە چرکە ساتێکدا، هەردووکیان پێکەوە چاویان هەڵێنا. چەقۆی نیگایان چەقاندە چاوی یەکتر. بە شێوەی فیلمی سینەما، دەمیان خستە ناو دەمی یەک. ئیتر لە پاش ئەو ماچە سێحراوییە، تاقە کەسێک چییە، کوڕی خۆزەی نەبینیەوە. وەک ئەوەی خۆزە کوڕەکەی خۆی چەشنی جگەرە، بە لا لێویەوە نابێ و فڕی کردبێتە ناو دەروونی. بۆدڕنیش هەر لە گەڵ ئەو ماچە، لە ناو ماڵ و لە هەموو شوێنێک قڕ بوو. ڕەنگە ئەویش خۆی هەڵدابێتە ناو سییەکانی خۆزە.

خۆزە گوڕ و تینی لاوی هاتەوە بەر، زەق و زیندوو بۆوە. تەنیا فەرقێکی کە کردوویەتی ئەوەیە. لە بەر دەم بڕێک شوێن وەک قاوەخانە، سینەما، هۆڵی بیلیارد، بەزازی ـ کە لەمەوبەر کوڕەکەی دەچوو ـ لەنگەڕێک دەگرێ. دەست بە سەر چەند پارچە قوماشی سەوزی دامەیی، سووری سادە و بنەوشی پەڵەپەڵەدا دێنێ. پاشان بزەکەی سەر لێوی وەک پۆلووی دەم با دەگەشێتەوە، وە شنەشن دەکەوێ. بە لاقرتییەکەوە لۆقەیەک دەهاوێ. وەک ئەوەی ئەو حەزانەش لە ناخیدا هەڵبلووشێ.

خێزانی خۆزە بە دەم خولیا، کچە گەورەکەیەوە دەخنێتەوە. لامە لامەی لە بەر دەکا. خولیا لە سەرخۆ و بێپەروا بە دایکی دەڵێ، ئەو قێزی دێ لە بۆدڕن. قێزی دێ لە شتی کۆن و پیسی شەقیلە بەستوو. دڵنیا بێ، هەزار ئەوەندەی تریش بیلاوێنێتەوە، بێ کەڵکە. ئەگەرکوو لە بری نۆ مانگ، نۆ ساڵیش بە چەرمی زگ هەڵیگرتایە،لە بری دوو ساڵ، بیست ساڵ شیری پێ بدایە. دیسانیش ئەگەرکوو لە سەر جێ بکەوێ، وەک کاکی ناچێ چاوی بنووقێنێ و بێ هەست و خوست لە تەنیشتی ڕاکشێ. تاکوو ئەو فڕی کاتە ناو سییەکانی.

هیچ دوور نییە. بەر لەوەی کار بگاتە ئەو کاتە، وەک ئیسکیموو بە شتێکی قورس لە سەری بدا، خەلاسی کا. یان کاتێ لە جووڵە کەوت، چەشنی هیندوو ئاگری دا و خۆڵەمێشەکەشی نە دەکاتە ناو هیچ زێیەک و نە دەیباتە ناو هیچ مەعبەدێک. ڕەنگە هەر لە یەکەمین ڕۆژی نەخۆشینەکەیدا، بۆ ئەوەی لە بەر چاوی گوم و گۆڕ بێ. وەک زەردەشتی، بیباتە ناو دەشتێکی کاکی بە کاکی فڕێی دا. با ببێتە خۆراکی دااڵش و سیسارکە کەچەڵە. خەڵاسی بێ لە بۆدڕن. لە بۆنی پیوی سووتاو و بۆنی خامی گنخاو.

بەرهەم ٨

درێژەی هەوالەکان

جەلیل ڕەحیمی



گوێم دابوە هەواڵەکان. خێزانم خەریکی سفرە ڕاخستن بوو، دەبوو نانی شەومان خواردبا. دوو کچە چکۆلەکەم بە دوای دایکیاندا وەک بێچوو مراوی دەهاتن و دەچوون و هەر جارە شتێکیان دێنا سەر سفرە و پێکەوەش دەدوان. شەرێکی قورس و ماڵە و ماڵ و دەستەو یەخە بوو. شەڕێکی تایبەت بوو، لە ناو هەواڵەکان دا. وەک پەرانتێزێکی کراوە، لە پاش سەردێڕی هەواڵەکان چەندین وێنە و تەفسیر و تەگبیر، تێیدا لێک دەدراوە. ماوەیەکە کە لە سەر کار دەگەڕێمەوە، یەکڕاست و بە پەلە دێمەوە ماڵ و دەچمەوە لای هەواڵەکان و بەنیگەرانێوە سڕ و کاس، لە بەر دەم تەلەفیزیۆنەکە دادەنیشم. هەواڵەکان دەمێکە خۆش نین. بە دەنگی کچە چکۆلەکەم وەخۆ دێمەوە کە دەڵێ: بابە ئەو مێشانە لە کۆڵم نابنەوە. هەڵدەستم و مێش گووژەکە دەست دەدەمێ و وە وڵاتی دەکەوم. کچەکانم یەکییان باڵنجێکی چووکەی بە دەستەوەیە و ئەوی تریش لێچکەیەک. دەست دەکەین بە مێش گووشتن. ئەوانەی بە بەری میچی هۆدەکەوە نووساون باڵنجەکەیان تێدەگرین. کچە چووکەکەم کە تەمەنی هەر وا نیزیک دوو ساڵە، بە قامکە چکۆلەکانی کە هەر دەڵێی دەنکە برینجن، هەڵدەپەڕێ و بەختەوەر لەو کایەی کە دەستمان پێکردووە، دەتریقێتەوە و پڕ بە ماڵەکەمان دەزیقێنێ و هاوار دەکا و پێدەکەنێ و مێشەکانم نیشان دەدا. کچەکەی ترم ئەو ڕاودوونانەی پێخۆشە و لە پڕ ڕا دەست دەکا بە هەڵپەرین و بە لێچکەکەی دەستی سەر چۆپی دەگرێ و لە شوشەکەی پەنجەرەدا سەیری خۆی دەکا و پێدەکەنێ. چاوێکم هەر وا لە تەلەفیزۆنەکەیە، هەر وا کە تانگەکان دێن بۆ پێشتر، لوولەی تۆپەکان زیاتر دەسووڕێتەوە بۆ لای ئێمە. کچەکانم هەر وا لە دەوری من هەڵدەخولێن و لە مێشان دەگەڕێن و منیش جار جار فرمێسکەکانم بە پەلە دەستڕمەوە و ناهێڵم بەزمی مێش گووشتن و هەڵپەرینی کیژۆلەکانم تێک چێ.

هەر وەک ڕۆژەکانی تر بڕێکیش زووتر گەرامەوە. خێزانم خەریکی سفرە ڕاخستنی شەوێ بوو و کچە چووکەکەم هەر جارە و لیوانێکی لەگەڵ دەستی خۆی دێنێتە سەر سفرە؛ ئەوی تریش تورنگێک ئاو. بۆ خۆیان خەریکن. کچە چووکەکەم مان دەگرێ و دەیهەوێ لیچی بکا کە ئەوی تر، چەند دانە نان دەخاتە ئامێزی و دەڵێ: باشە باش ها، بۆ خۆت ببەبە. مەگری بە قوربان. کچە گەورەکەم پۆلی دووهەمی سەرەتاییە و لە خەمی نانەکە دایە تا بڵاو نەبێتەوە. سەردێری هەواڵەکان دەست پێدەکا. تێیان دەخوڕم، بە دەنگێکی بەرز؛ دا ڕاوەستە ڕۆڵە، دا بێدەنگ بە ڕۆڵە. نانەکە دەمێکە تێکراوە. هیچیان هیچ نااڵێن. شەڕێکی قورس و نابەرانبەرە. کچە چکۆلەکەم دێت و دەستم دەگرێ و دەڵێ: بابە وەرە نانە بخۆ. بە هێزی دەستە قوولەکانی تەکانێک دەدەمە خۆ. وەک کۆتەڵێک کە پاشی هەزار ساڵ ڕووحی بێنیەوە بەر. لە سەر سفرەکە دانیشتم. سیلەیەکی چاوم لە تەلەفیزۆنەکەیە. بە ئارامی پارووێک دەگرم. عەوڵا سووری باوکی خاڵۆژنم لە بەر چاوە. ڕادیۆیەکیان لە پشت بەستووە و ئانتێنی ڕادیۆکەیان تەواو هەڵداوەتەوە و وە پێش خۆیان داوە و پێی پێدەکەنن و ڕادەبوێرن. کا عەوڵا لە پێش ڕێچکەیەک سەرباز دا دڕوا کە لە ناو کۆڵانەکاندا گەشت لێدەدەن. خاڵۆژنم دەیگوت: بابم کە لە سەر کار دەگەڕێتەوە ماڵ، دەست و

بەرهەم ٨

چاوی ناشوا و نانی ناخوا و دەخزێتە ژوورەکەی و ڕادێۆکەی هەڵدەکا. ناوێری دەنگی داتێ. ڕادێۆکەی بە گوێوە دەگرێ. جاری واشە ڕادەکشێ و تا کۆتایی هەواڵەکان ڕادیۆکەی لە باوەش دەگرێ.

لای ئێوارەیەک، شەڕ دەستی پێکرد. شەوێ لە قوتابخانەدا مابووینەوە. دوو سەد سێ سەد منداڵ. تا بەیانی زیق و هۆر و گریان بوو. لە چەند هۆدە، لە ناو ژێرخانی قوتابخانەکەیان کردبووین. پۆڵی دوو و سێی سەرەتایی بووین. ڕێزێک مامۆستا لای دەرگایان گرتبوو و بە هەڕەشە و پاڕانەوە و ترسەوە چاوەدێریان دەکردین و ڕێگای ڕاکردنمان نەمابوو تا لە پلیکانەکان سەر کەوتباین و دەرباز ببابین. ئێوارێ کە تەقە دەستی پێکرد پۆلێک منداڵ خۆیان بە دەرێ داکرد. مامۆستایەک بە دوویان دا هەڵات و لە ناو گوللە باران دا، منداڵی دە ژوری قوتابخانە کردنەوە. بۆ خۆشی بە شەلە شەل و پاتۆلی خوێناوێوە، ئاخر کەس گەڕاوە دیوی ژووری قوتابخانە.

لە چرکە ساتێک، دڕەنگانی شەو، کاتێک منداڵەکان لە ناو ترس و برسێتی و گریان دا، دەهات و خەو بە سەریان دادەکشا، لە دەرفەتێک دا، لە ناو تاریکی بە کەلێن لاقی مامۆستایەک دا، بە پلیکانەکاندا سەر کەوتم و چوومە ڕاهڕەوەکەی سەرێ. هەر تەقەی ڕەگبار و ویزەی گوللە بوو دەهات. لە ناو ئەو تاریکە سەلاتەدا هەستم کرد دایکم لە ئاخری ڕاهڕەوەکەدا چارشێو بە سەر دوور دەکەوێتەوە. هەرام لێکرد و هەڵاتم بۆ لای. شووشەی پەنجەرەکان خرمەیان دەکرد و بە سەرمدا دەبارین. گوێم لە ناو ئەو ڕەگبارانەدا کپ ببوو و هەر وا هەڵدەهاتم و شووشەکانی ئەو ڕیزە پەنجەرەیە دەهاتنە خوار و دایکیشم پشت بە من دوور دەکەوتەوە. دایکم ئاوڕی نەداوە و لە پشتەوەڕا ئامێزیان پێداگرتم و لە عەرزیان بەرزەوە کردم و فڕاندیانمەوە بۆ ژێر خانەکە و تەنیا بە دەنگی مامۆستاکەمان گوێم کراوە کە هەرای کەسێکی دەکرد تا بێت و بریندەکانی سەرم و لا چاوم ببەستێ. بەیانی دەرنگانێک کاتێک وڵات ئەهۆن بۆوە، جانتاکانمان لە کۆل کرد و دەرگای قوتابخانەیان کردەوە. ئەو مامۆستایەی گوللەی وە لاقی کەوتبوو دەیان برد بۆ نەخۆشخانە. دەستیان گرتم تا منیش بخەنە ناو ماشێنەکە. سەریان بەستبووم. لە بەر دەرگای ماشێنەکە و لە ترسی دەرزی لێدان مانم گرت و بە زۆری زۆرداری نەچوومە ناو ماشێنەکە و بە شەقامە سەربەرەو ژێرەکەی قوتابخانەدا هەڵاتمە خوار. وڵاتێکی چۆل و هۆل بوو. ئێستا کەس نەهاتبوە دەر. پشیلەیەک گوللەی وێکەوتبوو و بە خێشکە خێشک خۆی کێشابوو هەتا قولینچکی دیوارێک. بە شوێن خوێنی پشیلەکەدا ڕۆیشتم و لە سەر جەنازەکەی ڕاوەستام. شتێک وەک قور بەری ئەوکی گرتبووم. شەوەکانی تریش هەر وا بوو. هەر شەوە و یەکێکمان نەیدەتوانی بگەڕێتەوە. شەوێک دایکم و برا چکولەکەم کە نەخۆش بوو و لە ڕێگای دکتۆر ڕا نەیانتوانی بگەڕێنەوە. شەوێک کوڕە مامەکەم، کە قەد نەگەڕاوە. هەر کەسە و لە ناو تاریکیدا خۆی بە شوێنێک دادەکرد. دەرگای هەر هەموو ماڵەکان ئاوەڵا بوو. خۆت لە هەر ماڵێک هاویشتبا، لەگەڵ ئەو ماڵەدا، لە قووژبنی ژێرخانێک یان لە قولینچکی پەستوویەکدا، لە ناو دوعا و پاڕانەوە و ئەڵڵا ئەڵڵا و گرمەی تۆپ و قۆمپاراندا، شەو دەکرا بە ڕۆژ. بریندەکانی ناو سەرم دەزوورێنەوە. هەست دەکەم زاریان کردۆتەوە .

ئاگام لە خۆ نەبووە و لە سەر سفرەی نان خواردنی شەو گریاوم و فریا نەکەوتوم تا فرمێسکەکانم بستڕمەوە تا منداڵەکانم دڵتەنگ نەکەم. کە سەرم هەڵێنا هەر چوارمان بە چاوێکمان دا فرمێسک دەهاتە خوار و بە چاوەکەی تریشمان سەیری درێژەی هەواڵەکانمان دەکرد....

بەرهەم ٨

ولاتی سەگ

سەدیق ڕەسوولی



ولاتێکی نامۆ نییە. بەقەرا زەوی تۆپێنی لاوانی گەنمانە. لەسەر تەپەیەکی گڵی بە قەڵایەکی چکۆلە و چۆڵەوە.

تەنیا ئەو کەسانەی بە دزی شەوانە دێن ولات هەڵدەکەنن بۆ دیتنەوەی شوێنەوارێکی مێژوویی، دەزانن لە توانای کەم کەسدایە شەوێک هەتا بەیانی لە قەڵای ولاتی سەگ بمێنێتەوە.

زۆریان لەو دیوە چکۆلە دەگەڕێن وا چوار دەرگای هەیە و سەربانەکەشی قیلوگوونی کراوە و تێکقوپاوە.

دەمانچەی ولاتی سەگ ئەو شتە مێژوویە لەسەر سەکۆیەکی بڵێند دانراوە، تەنیا لە مانگەشەودا جوان دیارە، بۆیە زۆر ڕاوچی شتە مێژوویەکان لەو شەوانەدا ڕوو دەکەنە ئەو ولاتە و ئەو قەڵایە و ئەو دەمانچەیە.

دەڵێن دەنگێک دێت. دەنگێک پڕ لە نالە و نەعرەتە. نالەی پیاوێک بە دەم خنکاندنەوە، نەعرەتەی ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی.

بازێکیان لە ترسان نازانن چۆن هەڵێن؛ خۆ بە دار و دیواردا دەدەن، بە سەر و گوێلاکی خوێناوی دێنە دەرێ.

هاواری هاوسێمان پارەکە چوبوو زۆر بە وردی چووبووە ژوورێ. نە دەنگێگی بیستبوو، نە وێنەیەک، نە کەسێک. لەبەر ڕووناکی تریفەی مانگ دەگاتە ئەو سەکۆیە. لە ژێر دەمانچەکەدا پەرتووکێکی کۆنی لێیە. دەست دەداتە هەردووکیان. هەر چوار دەرگای لەسەر دادەخرێ. دایاندەنێتەوە، دەرگا دەکرێتەوە. کتێبەکە هەڵدەگرێ، دەرگا داناخرێ. دەمانچە بە تەنیا هەڵدەگرێ، دەرگا داناخرێ، بۆیە دەست دەداتە پەرتووکەکە و بە وردی و بە فیتوو لێدان لە قەڵای ولاتی سەگ دێتە دەرێ.

پەرتووکەکە زۆز مێژوویی نییە، پەڕەکانی تازە و خاوێن. دەڵێی تازە نووسراون. بە پێنووسێکی شین، بە خەتێکی جوان شێعری لەسەر نووسراوە:

بۆ مەیدانی شەڕ

بۆ چەکوچۆڵ

بۆ نەرمین

بۆ سەمای سەمسامی پیر

ئەو کات من ڕووم کردە ولاتی سەگ، چواری دوا نیوەڕۆ بوو. چوومە قەڵاوە. دەرگاکانم لە پشت کردەوە. ولاتم گەسک دا. لە هەموو دیوەکانی چرام هەڵکرد. ولاتم ئاوپرژێن کرد. تەپوتۆز و خۆڵم لادا.

لەسەر ئالایەک نووسیم: ولاتی سەگ مالّی منە.

لە پێستیدا خەڵکی دێهاتەکانی دوور و نیزیک بۆ سەیر دەهاتن و لە لامەوە ڕەت دەبوون و دەستیان هەڵدێنا. هەرچی فەرموو دەکردن، نەدەهاتنە ژوورێ.

ئێوارەیەکی دایکم لە دوورڕا هات و زۆر گریا. هەرچی بۆلای چووم، ئەو دوور بۆوە.

: تۆ نەدەبوو ولاتی سەگت ئاوەدان کردبایەوە.

هەولێری کتێب

بەرهەم ٨

باوکیشم هەروا لە دوورڕا هەڕەشەی کرد و تووڕەیی خۆی نیشان دا. بەڵام نازانم لە کوێوە هات. خۆی و دوو سەگ خۆی بە ژووریدا کرد.

: باران دەباری. هەوا سارد. پەنام دان و مانەوەی لە وڵاتی سەگ.

وڵاتی سەگ تەنیا ئەو دوو سەگەی تێدا بوو. لە چەشنی حەیوان. دوژمنیان نەبوو. بۆیە خێرا لێیان دا و زەماوەندیان کرد وڵاتیان پڕ کرد لە تووتکەسەگ.

بە داخەوە من و کوردستان منداڵمان نابێ، نازانین لە کاممانە. من پێم وایە ئێمە لە وڵاتی سەگ بڕۆینە دەرێ، بەختمان دەکرێتەوە. بەڵام کوردستان ناهێڵێ: چۆن وڵاتی خۆم بەجێدێڵم.

لە وڵاتی سەگ پیر دەبم و بێهێز، بەڵام ئەو دەمانچەیەم بەرچاو نەهات.

ئێوارەیەک وا لەگەڵ کوردستان لە وڵاتە چکۆلەکەی خۆماندا پیاسەمان دەکرد و تەنیا چەند هەنگاو لە قەڵا دوور بووینەوە و سەگە وردیلانەکانیش هەر بە دوای ئێمەدا لە وڵاتە چکۆلەکەی خۆیان سەیری سنووری نێزیکەکانیان دەکرد و دڵیان خۆش بوو... هەروا سەیرمان دەکرد لەودیو سنووری وڵاتە چکۆلەکەمان سواڕێک بە ئەسپێکی ئەبلەقەوە وەدەردەکەوێ و سڵاومان لێدەکا. لیباسێکی ئەتڵەس و کڵاوێکی شایانە... دەنگ هەڵناهێنێ. هەروا سووک و دەنکە دەنکە قسە دەکا و بە باشی گوێمان لێیە/

: وا دیارە ئێوە ئێرەتان گرتۆتەوە.

کوردستان وڵامی دەداتەوە و سەگەکانیش تۆزێک لووتیان بردۆتە پێشێ.

پیاوە دەڵێ: من شائیسماعیلی سەفەویم. ئەگەر دەکرێ ئەوشۆ میوانتان بم.

فەرمووی دەکەین. دێتە ئەوبەر سنوور. ئەسپەکەی لەوبەر بە شاخێک دەبەستێتەوە.

قەدبڵیند و سمێڵبابڕی و ئەنگوستیلەی نەقیمداری لە دەستدا.

لەبەر ئەوەی قەڵاکەمان تۆزێک نەوییە، بە شا دەڵێین: ئەگەر دەکرێ..

شائیسماعیل دەڵێ: خۆم دەزانم.

بۆیە ڕوو دەکاتە هۆڵە چکۆلەکە و دادەنیشێ. ئێمەش لە ڕووی‌دا دادەنیشین.

: بۆ میوانەکەتان خواردن چی دادەنێن؟

: گەورەم! هیچمان نییە بۆ خواردن.

" لەتەنانێک؟

" نیمانە.

: من ماندوو و شەکەت و تێکشکاو لە شەڕی چاڵدوڕان گەڕاومەوە.

: بۆ بریندار نیت؟

: من شەڕم نەکردووە، بەڵکوو سەربازەکان تێداچوون.

کوردستان چاوێکم لێ دەکا.

: وا دیارە لە پیاوێکی باش ناچێ.

: من شای ئێرانم.

ئەسمەر وڵامی دەداتەوە: ئێمەش لەو وڵاتە شایەکی گەورەین.

بەرهەم ٨

شائیسماعیل سەیری سەگەکان دەکا و دەوریان داوە و کلکەسووتەی بە دەوردا دەکەن.

: من برسیمە.

: هیچی لێ نییە.

: چۆڕێک ئاو؟

: ئەگەر هەتا زستان ڕاوەستی.. ڕەنگە...

: شۆخی دەکەن!

: لەمێژسالّە بەو نەخواردنە عادەتمان کردووە.

کوردستان پێی دەڵێ: سەیری وڵات کە، قەڵاکەی ئێمە لە پەنا شاخێکی وێشک درسوت کراوە و وڵاتی ئێمەش هەتا بەهار سەوزایی بە خۆیەوە نابینێ. کاتی بەهار من و ئەسمەر تێر دەخۆین.

کوردستان دەچێ و لە دیوێکی قەڵا شتێک دێنێ لە تۆپی پارچە دەچێ.

دەمانچەکەیە! خۆیەتی! بریقە دەداتەوە. شا سەیری دەکا و دەڵێ: عوسمانییەکان لەوانەیان پێ بوو... بۆیە سەرکەوتن.

شا دەستی دەداتێ و چاوی لێدەکا. بەڕاستی شتێکی سەیرە! نازانێ لووڵەکەی ڕووی لە خۆی دەکا و ئێمەش زۆری گوێ نادەینێ. نازانێ و قامکی لە سەر پەلەپیتکەی دادەنێ. کوردستان هەست بەوە دەکا، بەڵام گوێی ناداتێ. قانکی لە سەر پەلەپتیکە دادەنێ و دەتەقێتەوە. لووڵەی دەمانچە ڕووی لە نێوچاوانیەتی و گوللە نێوچاونی کون دەکا و خوێنی دەڕژێتە سەر دیواری قەڵا چکۆلەکەی ئێمە. شائیسماعیل دەکەوتەێ عەرزی و خوێنی لە ژێر سەری‌دا بڵاو دەبێتەوە.

سەگەکان بە قرووسکە قرووسک دەکەون. وا دیارە ئەوانیش ترساون.

بە کەوتنە عەرزی شائیسماعیل، سەگەمان دوو هەنگاو زیاتر دەکشێنەوە.

کوردستان سپی سپی هەڵگەڕاوە.

: کوژرا.

زۆر بە ترسەوە وا دەڵێ.

: نەماوە.

نەمانوێرا لێی نزیک بینەوە.

سەگێکی سپی خرپنە بۆنی کرد و لە خوێنەکەی وا لە ژێر سەری بڵاو دەبۆوە، نزیک بۆوە. سەگەکانمان دەنگ دا و هەر لەوێ خێرا و بە ترسەوە قوولّکێک هەڵدەکەنین.

: بۆ بە ترسەوە؟

: سەربازەکانی؟

: هەمووی تێداچوون.

بە شێنەیی دەستمان بە ناشتنی کرد و بە وردی گڵمان بە سەردا کرد.

بە سەگەکانم کوت: دوور بنەوە... لەو وڵاتە دوور بنەوە... ئێمە هەموومان تۆمەتی پیاوکوژیمان لەسەرە.

دەمانچەکە لە ژێرسەری شائیسماعیل دادەنێین و ئەوکات گڵی زۆری بە سەردا دەکەین. کوردستان جوان گڵەکە دەشێلێ.

بە ژێر بارانی پایزی‌دا بە سەگەکان دەڵێم: بڕۆن دوور بنەوە...

لەگەڵ کوردستان سواری ئەسپە ئەبلەقەکەی شا دەبین و دەڕۆین. بەڵام سەگەکان لەوێ دوور نابنەوە. دوامان ناکەون.

هەولێر کتێب

بەرهەم ٨

دەنگ

سەلاح گوڵئەندامی



لە ژیانمدا چەند جاران ون بووم هـەم بـە منـدالّی و هـەم بـە گـەورەیـی، بـە منـدالّی شاعیرێک ئەمنی گەیاندەوە مالّێ، بە گەورەیی جارێک بۆخۆم جارەکـانی دیـش هـیچ کەس...

بە یادی کاک قادری لوتفیانی ئەو کاتەی کتێبەکـانی خـۆی لـە بـەر دوکـانی بـابی دانابوو دەیفرۆشت و چوار پاکەت جگەرەی دەکێشا، نا بە یـادی ئـەو دەمـەی لـە سەر کلاس بە دەنگی بڵێند شێعرەکانی یەکەم کتێبی خۆی بۆ دەخوێندینەوە وەک خۆمان منالّانە پێدەکەنی...

لە سەر پێپلیکانەکانی بەر دەرکەی شارەداری مەهاباد دانیشتوم. لەو بەر زنجیری دەوری فەلەکـە، چـوار شـێرە بەردینـە هـەر یەکەی ڕوو بە لایەک، یەکێک لەو شێرانە بەرامبەرم زاری ئاوەڵە کردووە، دەگوڕێنێ و دەنگی نایـە. کـە منـدالّ بـووم، دەسـتە بچکۆلەکانم دەخستە زاری ئەو شێرە و بە شوێن دەنگیدا دەگـەڕام. ئێوارەیـەکیان کـە لـە سـەر پشـتی شـێرەکە دانیشـتبووم ئەوەندە دەستم خستە ناو زاری و بە شوێن دەنگیدا گـەڕام کـە شـەوم بـە سـەر داهـات. چراکـانی دەوری فەلەکـە هـەڵبوون، پەڕامەوە ئەو بەر شەقام و چاوەکانم گێڕا، حەبەساو لە جێگای خۆم ڕاوەستام، نوور و شـەو و بـێپـەنا بـوونم بـۆ هـەوڵ جـار تەجروبە کرد دڵم پڕ بوو لە پڕمەی گریانم دا، پیاوێک هاتە پێشێ و لێـی پرسـیم، کـە بـابم نێـوی چییـە و مالّمـان لـە کوێیـە، خەڵک زۆرتر لە دەورم کۆ بونەوە، ئەو کات بوو کە زانیم ون بووم، دوچەرخە سوارێک، بـە خەڵکەکـەی کـوت کـە دەمناسـێ و دەمگەیەنێتەوە مالّێ، ئەو کات ئەمنی لە پشت دوچەرخەکەی سوار کرد و بە قسە کردن بەرەو مالّ ڕێکەوتین. ئەوەش یـەکـەم تەجروبەی سوار بوونی دوچەرخەم بوو. دواتر کـە هـەر ئـەو کەسـە بـوو بـە موعـەلـیمم، بـۆم دەرکـەوت ئـەو کەسـەی سـواری دوچەرخەی کردم، قادری لوتفیانییە کە شاعیرە. ئێستا وا بیر دەکەمەوە کە دەنـگ زۆر جـار نابیسـرێ و دەدیتـرێ. دەڕوانمـە فەوارەی ناو مەیدانەکە، ئاو باڵندەیەکی شووشەییە تا هێزی هەیە هەڵدەفرێ، پاشان لە فڕین دەکەوێ، دەکەوێتە خوار و ورکە شووشەکانی باڵ و پەڕی پڕش و بڵاو دەبن، دیسان خۆ گرتنەوە و هەڵفرینێکی دی. بۆ یەک چرکە دەبینم ڕازی ژیـانی خـۆم و چارەنووسی شارەکەم لەو فـەوارەدا خـۆی ئاشـکرا دەکـا. بـاران دەسـت پـێدەکـا، هەڵدەسـتم دەپـەڕێمـەوە ئـەو بـەر شـەقام. دڵۆپەکانی باران بە گۆشەی چاوی شێرەکەدا دێتە خوار، سێ منداڵ خەریکی کایە کردنن لـەگـەڵ شـێرەکان، یـەکیان خەریکـە فرمێسکی چاوی شـێرەکە بـە قـۆڵی کراسـەکەی دەسـڕێتەوە. لـەو بـەر شـەقام چـاوم لـە منداڵەکانـە، پـێش ئـەوەی خـۆم لـە چایخانەیەک خزێنم، دەبینم منداڵەکە دەستی لە زاری شێرەکە ڕۆ دەکا، نوور و شەو ون بوونم دێتـەوە بیـر کـە ئێستا بۆتـە خەمێکی شیرین، بزەیەکم دێتێ و بە خۆم دەڵێم، منداڵەکانی ئەو شارە ئێستاش بە شۆێن دەنگی شێرەکاندا دەگەڕێن.

بەرهەم ٨

پلیکانی بەرقی

هیوا قارەمانی



منداڵی و لەخۆ حاڵیبوونێکی ساکار، شادبوونێکی زۆرت بۆ بەدیاری دێنێ. بۆ وێنە هەرئێستا لێرە کە دەستت لە دەستی دایکت کردەوە و لەو پلیکانە بەرقییە نزیک دەبیەوە، وێڕای ئەوەکە چاوێکت لەبەر پێی خۆتە و چاوێکت لە پێی دایکتە، پا دەنێیە سەر پلیکانەکە. ڕادەوەستی و پلیکانەکە دەتباتە سەرێ. لەنەکاو هەر بەوەندە ناوەستی و دەست دەکەی بە وەسەرکەوتن و زووتر لە پلیکانەکە دەگەیەسەرێ. بەڵام پێیەکانت تێکدادێن و دەکەوی.

پێشتریش ئەو کارەت بەتاقی کردبۆوە. نازانم چەندە و چۆنت لەبیرە. بۆ وێنە ئەوکات کە دەستی باپیرت گرتبوو، لەنێو ساختومانی پلاسکۆ کە ئەوکات یەک لە خۆشترین و نایابترین ساختومانەکانی تاران بوو ئەو کارەت هەر کردبوو. بەڵام باپیرت لێت قەڵس ببوو، گوتبووی ئەوە کارێکی پڕمەترسییە؛ دیارە هەتاکوو هێستاش کە پتر لە سی ساڵ تێپەڕیوە هەرباش تێنەگەیشتووی کە مەترسی چییە؟ ئەخە لە ڕاستیشدا حەق بەتۆیە، کوا منداڵ دەزانێ مەترسی چییە؟ کە سرنجت دەدەمێ شتی سەیرتر و کاری منداڵانەترت لێدەبینم. بەڵام هەرچەند ڕێم نییە ئەوەی لەزەینم دایە بەتۆی بڵێم، ئەوەی ئەتۆ دەیکەی بەڵای منەوە جیددی بوونێکی سادقانەیە. لەهەموو شتێک سەیرتر بەڵای منەوە ئەوە نییە کە تۆپی بەسکتبااڵ لەحەوا دەکەی و لەوپاشی دەتهەوێ بە کەللە لێیدەی کە چیت لێبشارمەوە هەرجارە کە گرمە لەسەرت دێنێ، ئەمن مچۆڕکم پێدادێ، یان ئەوەکە دووچەرخە سواربوونت چاولێدەکەم، دەڵێم ئەلعان نا ئەلعان بەردەبێتەوە، یان لە داوەتێ کە بەبێ سرنجدان بەوە کە بکەوییە بەرپێیان پوولی شاباشکراوی هەاڵویژتراو هەڵدەگرییەوە، یان ئەوکات کە دەتهەوێ لەگەڵ دایک و باوکت بچی بۆ میوانی، چۆن ماوەیەکی بەرچاو لەبەر ئاوێنە بەوردی خەریکی بەخۆڕاگەیشتن دەبی، چووزانم هیچ یەک لەوانە لەبەر چاوی من بەقەدرا ئەوە سەیر نییە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە قوژبنێک مات دەبی و جارجارە لەبەرەخۆتەوە و لەگەڵ خۆت شتێکی دەڵێی دەنا حزووری هیچکەس و هیچشتێک خەڵوەتت لێ تێکنادا. ئەرێ جارانت وەبیر دێ یان نا؟ هەڵبەت ئەودەمی کاری سەیرت زۆر دەکرد بۆ وێنە هێاڵنە زەرگەتە نەمابوو کە لە کەلێن و قوژبنی دیوارە گڵێنە دەریَنەهێنی و بە چەند ڕۆژان جارێک، هێندیان پێوەدابووی خارابووی، لەخۆشاردنەوەکێنیشدا لێهاتوو بووی، خەستەکێنێ بۆ نااڵیی کە بەدزی کوپەکانی دی لەگەڵ کچان دەتکرد. بەڵام ئەوەی ئەوکاتیش پێم سەیربوو ئەوانە نەبوون بەڵکوو ئەوە بوو کە بۆ وێنە بەزۆری داوات لە خاڵت دەکرد کتێبی"قلعەی حیوانات"ی "جۆرج ئۆرویڵ"ت بۆ بکڕێ و سەرەڕای ئەوە ئەو پێیوابوو ئەو کتێبە چەڵێ بۆ تۆ نابێ، بەڵام هەر پێت کڕی...

... خەریکم بیر لە تۆو لەو شتانەی تۆ دەکەمەوە کە لەنەکاو وەبیر دێتەوە یەکجار زۆر لەمێژە نەمدیوی! پێم سەیرە چۆنە هەستم بەوشتە نەکردووە؟

بەرهەم ٨

کۆلان بۆنی کایەی تۆی لێنایە و من نەمزانیوە! منداڵیەکەت و جیددیبوونی سادقانەی کایە و گەمەت دیار نیە و من نەمزانیوە! سەیرە لێرە و لەو کاتەدا ئەوە لە هەموشتێک سەیرترە، چۆن شتێکی کە زیاتر لە سی ساڵە بەدایمە لەبەر چاوم بووە وا بەساکاری هەستم بە وێبوونەکەی نەکردووە؟

لە بازاڕچە خەریکی گەشت لێدانم، لە نهۆمی دووهەم لەگەڵ برادەرێکم ڕاوەستاوم و قسان دەکەین. لەنەکاو پلیکانی بەرقی کە بەکاوەخۆ بەرەوسەرێ لەگەڕدایە، منداڵێکم لێ وەدیاردەخا. منداڵەکە جەعبەیەکی پڕ لە سیگاری جۆراوجۆری بە قایشێک بە ملییەوە هەڵاوەسیوە. "ناسیمێوە". دەمهەوێ کارێک بکەم وابزانی نەمدیتووی بەڵام بەخۆم نیە، هێندەم پێسەیرە ناتوانم چاوت لەسەر هەڵگرم. هەرچەند ڕوانینی بێڕۆحی تۆ واپێشان دەدا کە بارودۆخی منییان هەست پێنەکردووە یان نا هەر پێی شتێکی ئاسایی‌یە! دەگەیە سەرێ. بۆلای ئەو جێگایە دێی کە من و ئەو برادەرەم لەوێ ڕاوەستاوین. پێویست ناکا پرسیارت لێبکەم. جوان دیارە کە بەخۆم نیە لێت دەپرسم چۆنی؟ لە ولاّمدا دەڵێی کاکە ماڵمان لەوێ ڕۆیشت؛ ئەخە دایکم مرد... خەریکم گوێ بۆ درێژەی قسەکانت ڕەیاڵکەم کە موشتەرییەک داوای پاکەتێکم وینیستۆن لێدەکا. هەتا بەڕێم کرد لەوێ نەمابووی... ویستم بەدواتدا بگەڕێم کەچی تێکچڕژان و هاوهاوی حەشامەت ئیزنی ئەو کارەم پێنادا.



بەرهەم ٨

چاوەکانم کە هێشتاش بۆنی باڵندە دەدەن

سالار ڕاهەوی

ئێوارە بوو. ڕۆژ لە ڕامانی چاوەکانیڕا ئاوا دەبوو، تا دوایین بزرۆکەی زەرد و سووری چاوەکانی برِیبوو ئاسمان. مەودای تەمەنێک دەبێ چاوەکانی بوونە بە هاوڕێی ئاسمان، پێکەوە سەیری یەک دەکەن یەکڕا دەبارێنن و هەرکیان دڵیان بۆتە بە کانیاوێک کە هێدی هێدی لە دڵی قورسایی دێنە دەرێ.

ڕۆژ کە ئاوا دەبێتەوە دڵۆپە فرمێسکێک دەبێتە میوانی کوڵمەکانی، فرمێسکەکە ڕێگەی خۆی لە سەر کوڵمی چاک پێدەزانێ بۆیە قەت ون نابێ.

زۆر سەیر نییە کاتێ باڵندەیەک هەستی فڕینی نەبێ بەڵام کاتێ مرۆڤ دەچێ بەرەو فڕین چ نامێنێتەوە جگە لە فرمێسک و چاو لە بەری ئاسمان بۆ ڕۆژانێک کە بەر لە ڕۆژئاوابوون چاویان پێکدەکەوێت.

ئەو کات بەفرەکە بە دوو جۆر دەبارێ سپی لە سەر ڕا و ڕەشەکان تەنیشتاوتەنیشت جێگرانی خودای شەڕ لەو ولاتە، ئەوانەی ئاسمان وەخویان ناکات و تەنانەت ڕێگەی بارینیشیان نییە، ئێستا تێدەگەم بۆ سواڕە دەڵێ:" ئای کە چەندە خوێڕی گرە ئەو عەرزە".

ڕوو بە چاوانێک کە ئێستا فرمێسکی بۆ دەڕێژن ڕاوەستابوو دەیکوت حەز دەکەم ببم بە مێژوونووس کە بە پێنووسی ڕەق لە لێنووسی چیا بنووسم و لە کۆتاییدا بڵێم چۆن فێرە فڕین بووم. سەر لەبەیانی دەرگەی حەوشەکەی بە ئاستەم پێوەدا و لەبن دەرگا ڕا دەستی کرد بە نووسین، زەردەپەڕە و ئێستا گەیشتۆتە یەکەم لاپەڕەی نووسراوەکانی، کە سەری هەڵهینا لە نێو ئاپۆرەی مێژوونووسان بوو، بوو بە چەقڵەسەما لە باوەشی دایکی هەموان.

ڕۆژ ئەنگوت لەم بەیانە جوانە بەو بەهارە ئاسمان بۆ وا ڕەشە، گرمەگرمی هەوران هاودەمی بریسکە و بەفرە ڕەشەکان ڕوخساری نوسراوەکانی دەشۆردەوە و مێژوونووس خۆی دەکرد بە سەریان و ئەو وشە ناسکانەی کە بە هەستەوە نوسرابو دەگرتە باوەش، دەهات کە بنوسێ ئاوایە ڕێگەی فڕین بەناکاو چوو ژیێر گەمارۆی هەورەکان. ئەو ڕەشتاڵانەی کە دەنگیان لە دوورا دەهات ڕەزڵترین بەرهەمێکی بێ حیکمەتن لەم جیهانە، ئەی بۆ دەڵێن کاری سێحەبی بێ حیکمەت نییە.

تاو و ساوی هەناسەکان، گەرمی ژێر پێی مێژوونووس و چاوی پڕ ئامێزی ڕۆژانی زوو، بیرەوەری تاسە نەبینراوەکان مێژوونووسی دەخستە فڕین. لە یەکەم شەقەی باڵی بریسکەی خوێڕی دای بەسەری و باڵی سووتا پڕ بە دڵ دەیچریکاند کە ناتوانی هەستی فڕینم بسووتێنی منیش نەفڕم هاوڕێم دەفرن. مێژوونووس داهاتەوە دەستی پڕ لە خۆڵەکەی ژێر پێی کرد ئەو خۆڵەی کە لە ترسان خاو بوو، خۆڵەکەی هەڵێنا و سێ جاران کوتی سوێند بەوە دەفڕم ، لەناکاو دڵی هەستی بە فڕین کرد و یەک بە یەک قامکەکانی دەستی دەکرانەوە و خۆڵیان لێ دەڕژا چاوەکانی مات بوو چۆکی فیزان سەر بە ئەژنۆ داکەوت و سینگی خستە سەر وشەکانی مێژوویەکی کە دەیهەویست شتێکی پێ بسەلمێنێ. ئەو کەسەی چوو کە مێژووی ولاتێک بە هەستەوە بنووسێ خۆی بوو بە مێژوویەک دوور لە بەڵێنی زستانپەرەستان و نوستوانێک کە هەست بە هەستان ناکەن.


فرمێسکەکانی سڕێوە و لە لام دانیشت، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دەستە لەرزەکانی وێنەیەکی پێ نیشان دام و کوتی: (ئەوە مێژوونووسەکەیە کە هەرگیز دەستی بە قەڵەم نەگرت) ئەو سات چاوێکی لێکردم، میوانە هەمیشەیەکەی لەسەر گۆنای دیسان هات و ڕێگەی جارانی خۆی گرتە بەر.

پێکەنی و بە بزەیەک کوتی: « ئای لە چاوەکانم کە هێشتاش بۆنی باڵندە دەدەن».

من شارۆچکەیەکم کڕی

نووسەر: دۆنالد بارتلمێ

وەرگێڕ: کەژاڵ سالّحی



بەڵێ من شارۆچکەیەکم کڕی (گالوێستۆن لە تێگزار) و بە هەموو کەسم ڕاگەیاند زۆری لە کەس ناکەین ئەوێ بەجێ بێڵێ. بڕیارمدا بەوردی و بە هێمنێکی ئەوتۆوە ئەو کارە بکەم، ئەویش نە لە ماوەی شەوێکدا و بە ئاڵوگۆڕێکی زۆرەوە. ئەوان پێمل بوون، بەڵام دوودڵ.

بە پێیان چوومە بەندەر: شوێنێک کە عەمباری لۆکە و دووکانی ماسی فرۆشتن و دامەزراوەی پێویستی بۆ دابەش کردنی نەوت بەسەر تەواوی دونیای ئازاد لێبوو. لە دڵی خۆمدا کوتم: چەند دارەسێو ئێرە زۆر جوان دەکا. هاوتەریب لەگەڵ بوڵواڕە پانەکە، نێوەڕاستەکەی پڕ بوو لە دارەخورمای بە خۆوە و بەرزی نزیک بە ١٢ میتر، قەراغەکانیشی (گوڵ و گیایان) لێچەقاندبوو. وەڕێکەوتم. بۆڵواڕەکە لە سێچوار چوارڕێ تێدەپەڕی و دەگەیشتە کەنداوی مەکزیک. لەم لا و لەو لای بوڵواڕەکەخانووی ڕازاوە و کلیسای گەورەی کاتۆلیکەکانی لێبوو، کە زۆرتر لە مزگەوت دەچوو. کۆشکی ئوسقۆف و خانوویەکی جوانیشی لێبوو کە بە خشتی سوور دانرابوو، جێی کۆبوونەوەی ئەم کەسانە بوو کە بۆ زیارەت دەهاتن.

بۆ ساتێک بە زەینمدا هات چ شارێکی بچووک و جوانە. بۆ من ڕازاوەتەوە. ئیتر وردە وردە دەستم کرد بە گۆڕانکاری. داوام لە خەڵک کرد دەوروبەری چوارڕێی شەقامی «I» چۆڵ کەن. پاشان خانووەکانیم تێکدا.

ئەوانم لە هوتێل گالوێز نیشتەجێ کرد کە جوانترین هوتێلی ئەم ناوچەیە بوو. ڕاست لە لای بەستێنەکە.

دڵنیا بووم هەموو وەتاغەکان ڕوانگەیەکی جوانیان دەبێ. ئەوان زۆریان پێ خۆش بوو بچنە هوتێل گالوێز بەڵام لەبەر نەداری لە تەواوی ژیانیان دا نەیان توانیبوو ئەوێ ببینن. زۆر کەیف خۆش بوون.

خانۆکانیانم ڕووخاند و پارکێکم لێ دروست کرد. ئەوەندەی جێی دەبۆوە دار و گوڵم لێچاند و چەند چرپای سەوزی ئاسنیشمان لێدانا و فوارەیەکی بچووکیش. هەموو شتێک ئاسایی بوو. نەماندەویست ئیشەکانمان زۆر خەیاڵاوی بێ.

پێم باش بوو. تێکڕای ئەم کەسانەی کە لە چوار کۆڵانی دەوروبەری ئەم ناوچە خاڵییە دەژیان شتێکیان وەگیر کەوتبوو کە لەمەوبەر نەیان بوو ئەویش «پارکێک» بوو. دەیانتوانی لە پارک دانیشن و زۆر شتی تریش... دەچووم و چاوم لێدەکردن کە لە پارک دانیشتبوون.

یەستا هیچ نەببوو قوولەڕەشێک پەیدا بوو و دەستی کرد بە «تۆمبا» لێدان. ڕقم لەم تەپڵانەیە. ویستم پێی بڵێم واز لەو تەپڵە بێنێ. بەڵام لە دڵە خۆمدا کوتم: نا، جوان نییە، تۆ دەبێ ڕوخسەتی پێبدەی هەرکات کەیفی لێبوو تۆمبا نەفرەتلێکراوەکەی لێبدا.

بەرهەم ٨

ئاخر ئەمەش لە چارەڕەشییەکانی دێموکراسییەکە منیش داکۆکی لێدەکەم. کەوتمە بیری خانوو دروست کردن بۆ خەڵکەی بێخانە و لانەم کردبوون.

ئاخر خۆ ئەوان نەیاندەتوانی هەتا هەتایە لەو هوتێلە لۆکسەدا بمێننەوە. بەڵام هیچ تێبینییەکم لەمەڕ خانوو دروست کردنی نوێدا نەبوو. هەر ئەوندەم دەزانی کە نابێ خەیاڵاوی بێ. بەو بۆنەیەوە دەستم کرد بە قسە کردن لەگەڵ یەکێک لەو کەسانەی وا بێ مااڵ و حاڵم کردبوون. کابرایەک بوو بە نێوی «بیل کالفیلد» کە لە بازاڕی تووتنفرۆشەکان لە شەقامی «مکانیک» کاری دەکرد. لێمپرسی: «پێت خۆشە لە کوێ بژی؟» کوتی: «شوێنێک کە زۆر گەورە نەبێ». «ئەها». کوتی: بۆ وێنە جێگایەک کە لە سێ لاوە حەساری هەبێ، کاتێ لە ژوورێ دانیشتی بتوانی دەرێ ببینی، وەکوو هەیوانێکی ئەاڵحیدە.

«جا دەتهەوێ چاو لە چی دەرەوە بکەی؟». «دار و چیمەن و.... تێگەیشتی»، «وا دیارە پەڵە زەوییەکت دەوێ لە دەوروبەری خانووەکەت؟ و «ئەیچی بۆچوونێکی خراپ نییە. «دەی باشە چەند میترت زەوی دەوێ؟ «هـا... زۆرم نـاوێ» «دەزانـی چییـە؟، ئەوە خراپ کە تەنیا X میتری چوارگۆشە زەوی هەیە و هەموشیان دەیانهەوێ چاو لە شتێک بکەن و پێیان خۆشە چاویان بە جیرانەکەیان نەکەوێ. چاوپێکەوتنێکی تایبەت. مەسەلە ئەوەیە. کوتی: «ئەرێ ـ وایـە، پێمخۆشـە جێگایـەکی ئەاڵحیـدە و تایبـەت بێ. کوتم باشە، ئێستا قەڵەمێک بێنە بزانم هیچم پێ دەکرێ. لەو شتەڕا دەستمان پێکرد کە بڕیار وابوو خەڵک چاوی لێکەن.

زۆریش چەتوون بوو. مرۆڤ وەختێ دەڕوانێ نایهەوێ تەنیا یەک شت ببینـێ بـەڵکوو دەیهـەوێ لێـرەو لـەوێش بڕوانـێ. باشـتر وایـە مرۆڤ سێ چوار شت بە یەکەوە ببینێ. بیل کالفیلد مەسەلەکەی حەل کرد.

قوتوویەکی پێنیشان دام. کردمەوە، نێوەکەی پارێزێکی تێدابوو بـە وێنـەی مۆنـالیزاوە. کـوتی: جـوان چـاو لێـرە کـە، ئەگـەر هـەر پەڵەزەوییەک وەکوو بەشێک لەو پارێزڵە وابێ و ریزەدارەکانی هەر ماڵێک وەکوو خەتی دەوروبەری پارێزڵەکە، دەیجـا شـتەکە تـەواوە. ئەوە هەمووی ئەو شتەیە کە مۆنالیزا نووسیوێتی. کوتم: ئەی خەڵکی ئۆتۆمبێلەکانیان لـە کـوێ ڕاگـرن؟ «پـارکینگێکی ژێرزەمینـی دروست دەکەین».

باشە بەڵام خاوەن ماڵەکان چۆن دەگەنەوە ماڵێ؟» کوتی: «پیادەڕەوەکان بەردڕێژ کراون سێبەری ئەم دوو ڕێزە دارەش زۆر جوان دەکەوێتە سەر ئەم پیادەڕەوانە. ئەم لا و ئەو لای پیادەڕەوەکەش گوڵی بگۆنیای لـێدەچێنین». کـوتم: دەبێتـە مەکۆیـەک بـۆ دز و جەردە. کالفیلد کوتی: «شتی وا نابێ» چونکە تۆ هەمووی شارەکەی ئێمەت کڕیـوە. ئیتـر ئـێزن نـادەن ئـەم جـۆرە مرۆڤانـە لێـرە بخولێنەوە.

ڕاستی دەکرد من تەواوی ئەم شارەم کڕیبوو. دیار بوو دەمتوانی ئەم کارە بکەم بەڵام لە بیرم چوو بۆوە.

ئاخرێکەی کوتم! دەی باشە، دەست پێدەکەین بزانین دەبێتەچی. هەر ئەوەم پێ ناخۆشە کە زۆرتر خەیاڵاوییە.

کارەکەمان تەواو کردوو و خراپیش نەبوو. تەنیا کەسێک ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی. پیاوێک بـەنێوی «ئـا. جـی. بـارتی» هاتـە لام، ئاسمان هـەور بـو. بـۆم ڕوون نـەبۆوە چـاوی دەبریسـکێتەوە یـان سـووڕ هەڵگـەڕاوە، کـوتی: دەزانـی چییـە؟ هەسـت دەکـەم لـەنێو پارێزڵێکی گەورەی قۆڕدا دەژیم. وابـوو، ئەگـەر لەسـەرێوە چـاوت لێکردبایـە ئـەویش وەکـوو ئـەمانیتر لـە نێوەڕاسـتی مۆنالیزایـەکی مەزندا کە لە سەرڕا خوڵقابێتەوە، دەژیا. کوتم: «هەر باسی نەکەم چاکترە. ڕوخسەتمان پێدا زەوییەکەی لە پانتـایی ئەسـتاندردی ١٨ × ٣٠ میتری چوارگۆشەدا، داڕێـژێ. پاشـان هێنـدێکیتریش وایـان کـرد. پـێم وابـوو هێنـدێکیان تـەنیا چوارگۆشـەی لاکێشـەیان لاپەسـندە. دەبـێ بڵـێم ئـەو کـارە گەاڵڵـە گشـتێکەی ڕێکوپێـک و چـاکتر دەکـرد. لـە باڵەخانـەی «نسـێی داربـەڕوو» (هەڵبـەت نەماندەویست ناوێکی خەیاڵاوی لەسەر ئەم گەاڵڵەی پەرەپێدانە دانێین) کاتی ڕۆیشتن هەرجار ناجارێـک چوارگۆشـەیەک دەبینـی کـە سەرسوورهێنەرە، ئەوەش سەرنجڕاکێشە.

بەرهەم ٨

بە خۆمم کوت: من خاوەنی شارۆچکەیەکم، شارێکی زۆر جوان. تا ئێرە وا بە هێوری و ژیرانە مافی بە خاوەن بوونم لە کارکردبوو کە لە پڕ دوودڵ بووم لەوەکە بۆخۆشم ئەو کارەم پێ خۆشە یان نا. (پارەیەکی زۆریشم خەرج کردبوو، نزیک بە نیوەی سامانەکەم)، لەبەر ئەوە چوومە سەر شەقام و شەش هەزار سەگم وەبەر گوللەدا. بەو کارە زۆر کەیفخۆش بووم. ئێوە هەر بە بیریشتان دانایە ئەم کارە تا چ ڕادەیەک بارودۆخی شارەکەی باشتر کرد. ئێستا دوای ئەوەش نزیک بە ١٦٥٠٠٠ سەگمان هەبوو لە بەرابەر حەشیمەتێکی ٨٩٠٠٠ی ئینسانەدا. پاشان چوومە نووسینگەی گالوێستۆن، یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە لە بەیانیانەدا بڵاو دەکرایەوەو سەروتارێکم لەسەر مەحکووم کردنی خۆم وەکوو دزێوترین بوونەوەرێک کە خودای مێهرەبان تا ئەمڕۆ لە سەرزەوی خوڵقاندبێتی نووسی.

بڵێی ئێمە هاوولاتیانی ئەم کومەڵگا نەجیمە، کە سەرەڕای هەموو شتێک لە هەر نەتەوە و بە هەر بیر و باوەڕێکەوە بین ئەمریکییەکی ئازادین؛ بێدەنگ دەبین کاتێ پیاوێک، تاقە پیاوێک ئەویش ئەگەر بکرێ نێوی ئەم دڕندەیە بنێین پیاو و... و... و...؟ وتارەکەم دایە دەست لێژنەی نووسین. پێمکوتن دەمهەوێ لە لاپەڕەی هەوەڵدا بە فۆنتی چاردە لە چاپی دەن و لەنێو چوارچێوەیەکدا جێی بکەنەوە.

بۆیە ئەم کارەم کرد کە تەواو لێی ئەرخەیان بم. وێدەچوو بۆخوشیان پێیان خۆش نەبێ، ئەم کارە بکەن، لەبەر ئەوەی لە فیلمی «ئۆرسۆن وێلز»دا دیتبووم کە کابرایەک پەخنەیەکی تووندوتیژ و ناجسنانەی لەمەڕ دەنگی ترسێنەری ژنەکەیدا نووسیبوو. هەر بۆیە ئەم کارە بەلای منەوە لە زۆر لایەنەوە پەسند بوو.

یەکێک لەم پیاوانەی کە سەگەکەییم وەبەر گوللەدا بوو هاتە لام و کوتی: (تۆ «باچ»ت وەبەر گوللەدا؟).

«باچ! کامەیان باچ بوو؟ کوتی: ئەو سەگەی وا گوێچکەیەکی سپی و ئەوی‌تریشی قاوەیی بوو».

سەگێگی بێدەنگ بوو. کوتم: «بەڕێز! من شەش هەزار سەگم وەبەر گوللە داوە، ئێستا تۆ چاوەڕوانی ئەوەی باچم وەبیربێتەوە؟ کوتی: باچ هەموو کەسی من و نانسی بوو، ئێمە منداڵمان نییە.

کوتم: «دەی باشە، بە داخەوەم بەڵام من خاوەنی ئەم شارەم»، کوتی: «دەزانم». «من تەنیا خاوەنی ئەم شارەم و تەواوی یاساکان ئەمن دایدەڕێژم».

کوتی: «پێیان کوتوم». «بۆ باچ زۆر بەداخەوەم بەڵام ئەو ببووە کۆسپی سەرڕێگای ئەم پڕۆژە گەورەیە.

«دەبایە بە قەڵاتە بتان بەستایەتەوە. کوتی: «قسەکەت دەسەلمێنم». «دەبایە لە مااڵێ راتان گرتبایە، «ئەو حەیوانێکی بەستەزمان بوو، جاروبار پێویست بوو بچێتەدەرێ».

«ئەبەم شێوە دزێوە شەقامەکان بۆگەن کا؟» کوتی: «راست دەکەی، گیروگرفت پێکدێنێ، بەڵام دەمهەویست پێت بڵێم چ هەستێکم هەیە. کوتم: «یەستا نەتگوتووە چ هەستێکت هەیە؟».

کوتی: «دەمهەوێ کەللەسەرت ورد ورد کەم» لوولەیەکی کورتی پێ نیشان دام کە بۆ ئەم کارەی هێنابوو. کوتم: ئەگەر ئەم کارە بکەی زۆر گرانت بۆ تەواو دەبێ. کوتی: دەزانم.

«رەنگە بەم کارە هێندێ بێیەوە سەرخۆ، بەڵام پاشان ئەوە منم کە خاوەنی زیندان و قازی و پۆلیس و نووسینگەی ناوچەیی یەکیەتی ئازادییە مەدەنییەکانی ئامریکام. هەمووی هەر هی منە.

دەتوانم بە حوکمی دەستەی باڵای بڕیاردان لە بەینت بەرم. کوتی : «ئەم کارە ناکەی».

ـ «دەڵێن لەوە خراپتریش دەکەم» کوتی: «من پێم وایە تۆ پیاوێکی دڵڕەشی، سەرکڵی جەهەننم جێگاتە و وەبەر عەفووی خوداش ناکەوی و لە هیچ لایەکەوە فێنکاییت بۆ نایە.

بەرهەم ٨

لەوەی کە ئەم قسانەی بە من کوتبوو زۆر کەیفخۆش بوو و لێیدا ڕۆیی. من پێمل بووم بەوەی کە لە زەینی ئەودا پیاوێکی دڵڕەش بم، بەڵام بەو مەرجەی کە مەسەلەکەی نێوان من و ئەو بەم جۆرە کۆتایی بێت.

چون ئەو لەتکە لوولەیەی کە پێی بوو شتێکی ناڕەبار بوو. بەڵام وەک شتێک من ئێستاش ٦ هەزار سەگ لەو لە پێشتر بووم.

دەیجا بوومە خاوەنی ئەم شارە کە یەکجار جوانە. ئێستا هیچ شتێکی تازە بە بیرمدا نایە کە بیخوڵقێنم یان تەنانەت شتێک کە ببێتەهۆی ئەوەی ئەو بۆچوونەی خەڵک لەمەڕ «هۆی. پی. هانگ» حاکمی پێشووی لوئیزیانا هەیان بوو لەمەڕ مندا نەیانبێ. مەسەلە ئەوە بوو کە ئاشقی ژنی «سام هانگ» ببووم. لە شەقامی «تێرمۆنێت»دا دەخولامەوە. چوومە دووکانێک کە کەلوپەلی ڕۆژهەڵاتی دوور، لەنتەری کاغەزی، قاپ و کەوچکی چینی هەرزان و قەفەسی قامیشی و چرپای حەسیری و لەو جۆرە شتانەی دەفرۆشت.

ئەو لەمن کورتەبالاتر بوو، لە عومرمدا ژنێکی ئاوا ڕوخسار جوانم نەدیبوو. ڕەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام جوانترین دەم و چاوێک بوو کە تاکوو ئێستا دیتبووم. کوتی: «ناتوانم ئەو کارە بکەم، چون ژنی سامم»، «سام؟» ئامارەی بۆ لای سندووقەکە کرد. پیاوێکی چینی جوان بە ناقاییلییەوە قوت و وریا، لە منی دەڕوانی.

کوتم: «هەواڵێکی ناخۆش بوو! پێمبڵێ بزانم منت خۆش دەوێ؟ کوتی: کەمێک، بەڵام سام پیاوێکی ئاقڵ و مێهرەبانە و منداڵێک و نیوەی لەتە منداڵێکیشمان هەیە.

وێ نەدەچوو زگی پڕبێ. موبارەکبایيم پێکوت و چوومە شەقام. پیاوێکی پۆلیسم بانگ کرد. ناردمە شەقامی H تا لە مریشکی بڕژاوی کێنتاکی کۆلۆنێل ساندرێز بەشی جەمێکم بۆ بکڕێ.

لەبەر ناجسنی ئەم کارەم کرد. پۆلیسەکە بەم کارەی من بە خۆدا دەشکاوە، بەڵام هیچ چارەیەکی نەبوو.

کوتم: من خاوەنی شارێکی بچووکم، شارێکی زۆر جوان. ناکرێ یاریدەی ئەم خەڵکە بدەی، بەڵام دەکرێ ئازاریان دەی، سەگەکانیان وەبەر گوللە دەی، ژیانیان لێبشێوێنی. خەیاڵاوی کار بکەی، دار بچەقێنی وا چاک نییە لێیان گەڕێین لە حاڵی خۆیان دابن؟ کێ دەتوانێ بڕیار بدا؟

ژنی سام، ژنی سامە و لە ئارەزووی ئەودا بوون کارێکی باش نییە. پاشان مریشکە برژاوەکانی کێنتاکی کۆلۆنێل ساندرێزم خوارد. زۆر چاک برژابوو.

گالوێستۆنی تێگزازم فرۆشت. لە بری قەرز دامەوە. نایشارمەوە، قومارەکەم تەواو دۆڕاند.

بەڵام شتێک فێربووم ـ ناتوانی دەوری خودا بگێڕی ـ زۆربەی خەڵک ئەوە دەزانن، بەڵام منیش هەمیشە ئەوەم زانیوە کە زۆربەی مرۆڤەکانی تر لەمن وریاترن و زووتر لە شتەکان دەگەن، خوداشیان هەیە و خورماشیان هەیە.

ڕەنگە هەڵەی من لەوە دابێ کە هێندێک خەیاڵاوی کارم کرد. هەرچەند زۆر وریا بووم ئاوای لێ نەیە.

زۆر بە کەمی سەلیقەم لە کار کرد. زۆر بە تابشت بووم. خودا هەموو ڕۆژێ لەگەڵ بنەماڵەیەکی بچووک یان هەر بنەماڵەیەکیتر زۆر خراپتر دەکا لەوەی کە من لەگەڵ تەواوی ئەم شارە بچووکەم کرد. بەڵام ئەو بە هێزێکی خەیاڵاوی زۆرترەوە کار دەکا. بۆ وێنە من ئێستاش لە حەسرەت سام هانگ دام. ئەوەش ناخۆشە. ئێستاش چاوم بە دوای ژنی سام هانگەوەیە و ڕەنگە بۆ هەمیشەش هەروا بم. ئەم بارودۆخە لەوە دەچێ، ددانت بکێشن و دوای ساڵێک دیسان هەر ئەو ددانە بکێشنەوە. ئەمە وێنەیەکە لە هێزی خەیاڵاوی ئەو. هێزێکی دەسەڵاتدارانە.

دەی باشە ئاخرێکەی بوو بە چی؟ ئەوە بوو کە نیوەی تری سامانەکەم هەڵگرت و چوومە پارکێک لە گالێنای تێگزاز و بێئەوەی سەرنجی کەس بۆ لای خۆم ڕاکێشم لەوێدا ژیانم دەبردەسەر.

کاتێک لە منیان ویست ببمە پاڵێوراوی لێژنەی متمانەپێکراوی قوتابخانە، کوتم من منداڵم نییە.

سەرچاوە: گۆڤاری کارنامە، ژمارەی ١٤، لاپەڕەی ٦١ ـ ٥٨

هەوارنامەی کێبڕکێ

شاری ئەو

نووسەر: هاروکی مۆراکامی

وەرگێڕانی: هەرمان وەتمانی



یەکەم بەفری ساڵ لە شەقامەکانی ساپۆرۆ، هەڵکەوتوو لە باکووری ژاپۆن، دەستی بە بارین کردبوو. سەرەتا بە دڵۆپەکانی باران دەستی پێکرد، دواتر بوو بە شڵێوە و هێندەی پێنەچوو سەرلەنوێ بۆوە باران. هەر چەندە لە شەقامەکانی ساپۆرۆ بارینی بەفر شتێکی سەیر نییە و وەک خزمێکی ڕەزاگران پێشوازی لێدەکەن. ئەمڕۆ هەینی، بیستوسێیەمی مانگی ئۆکتۆبرە. کاتێک کە بە فڕۆکەیەکی ٧٤٧ لە فڕۆکەخانەی ناریتا تۆکیۆم بەجێهێشت، تەنیا بڵووزێکی قۆڵ کورتم لەبەردابوو و بەر لەوەی گوێ ڕاگرتنم بۆ شریتە ٩٠ خولەکێکە بە کۆتایی بگات، بەفر دەستی بە بارین کرد.

برادەرەکەم پێی وتم: "لێرە ئەم شتانە ئاساییە، هەمیشە یەکەم بەفری ساڵ هەر ئەم کاتانە دەبارێ و پاشان ئیدی هەوا بەرەو سارد دەچێ."

- زۆر سارد دەبێ، وایە؟

- ئەرێ سەرماکەی بۆ فشە نابێ.

ئێمە لە شوێنێکی چکۆلە و بێدەنگ لە کووبە، هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای ژاپۆن، گەورە بووین. خانووبەرەکانمان نزیک ٥٠ مەتر مەودایان لێک هەبوو و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە یەک پۆل بووین. لە ئۆردوەکانی قوتابخانە بەردەوام بەیەکەوە بووین. دوای تەواو کردنی دواناوەندی، بۆ دوو زانکۆی جیا وەرگیراین. من چوومە تۆکیۆ و ئەو چوو بۆ لای باکوور شاری هۆکایدۆ.

من لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانی تۆکیۆ زەماوەندم کرد و ئەویش لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانی کە خەڵکی ئۆتارۆ لە هۆکادیدۆ بوو، ئەمە ڕەسمی ژیانە. ئێمە هەر وەک دانەوێڵە لە بادا لێک جیا بووین. ئەگەر ئەویش هاتبا زانکۆیەک لە تۆکیۆ یان من چووبامە زانکۆیەک لە هۆکایدۆ ژیانمان بە گشتی جیاواز لەمەی کە هەیە دەبوو. لەوانەیە من لە ئاژانسێکی موسافیربەری کارم کردبا و دەوری دنیا گەڕابام. ئەویش بووبا بە نووسەرێک لە تۆکیۆ. بەڵام چارەنووس ئەمەی ویستبوو کە من ببمە ڕۆمانnوس و ئەو کاربەدەستی ئاژانسی فڕۆکەوانی. ئێستاش هەتاو تیشکی خۆی دەردەخات.

برادەرەکەم کۆڕێکی تەمەن شەش سالانەی بە ناوی هۆکۆتۆ هەیە و هەمیشە سێ وێنەی لەو لە کیفی پوولەکەیدا پێیە. هۆکۆتۆ خەریکی یاری لەگەڵ مەڕێکە لە باغی ئاژەڵان، هۆکۆتۆ لە حاڵێکدا کە جلوبەرگی فستیوالّی پایزەی شیچی گوسانی پۆشیوە، هۆکۆتۆ لە زەوی یاری و ڕاکێتێک لە دەستدا. بەر لەوەی ئەم وێنانەی بدەمەوە، هەر وێنەیەی سێ جارم چاو لێکرد، یەک لە دوای یەک. خواردنەوەکەم دەست دایە و لەگەڵ هێندێک ڕۆیبەی سەهۆڵ بەستوو، چێشتی بەتامی هۆکایدۆییەکان، خواردم.

لە منی پرسی:" ئەرێ چ خەبەر لە "پ"؟"

بەرهەم ٨

ولامم داوە: "باشە، ڕۆژێکی دی لە شەقام تووشی بووم. لە ژنەکەی جیا بۆتەوە و ئێستا لەگەڵ ژنێکی لاو دەژی."

ـ خەبەرت لە "ک" نییە؟

ـ لە کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندن کار دەکا و کۆڵێک قسەی قۆڕ بۆ خەڵکی دەنووسێ.

ـ دیار بوو هەر دەبێتە ئەوە.

نێوئاخنی گفتوگۆمان ئەو قسانە بوو. پوولەکەمان حیسێب کرد و لە ڕێستۆڕان هاتینە دەر. دیسان باران دەستی بە بارین کردبۆوە.

پرسیم: "ئیتر نەچوویەوە کوبە؟"

سەری لەقاند و وتی:"نا، پێگەیەکی زۆر دوور و درێژە. ئەی تۆ؟"

ـ منیش نەچووم، هێندم حەز لێ نییە بگەڕێمەوە وێ.

ـ ئەڕێ.

ـ دیارە گەڕەکەکەتان لەم ساڵانەدا زۆر گۆڕاوە.

دە خولەکی دیکە لە شەقامەکانی ساپۆرۆ بە یەکەوە پیاسەمان کرد، دواتر مـاڵئاواییمـان لـە یـەکتر کـرد و مـن گەڕامـەوە بـۆ هۆتێـل و ئەویش بۆ بینا بچووکەکەی.

ـ خۆت حەشار نەدەی. ئاگات لە خۆت بێ.

ـ تۆش هەرواتر.

ڕابوردنی کات وەبیرهێنەرەوەی ئەمە بوو کە سـبەی دیسـان ٥٠٠ کیلۆمـەتر لـە یـەکتر دوور دەبینـەوە و تـا چەنـد ڕۆژی دی لـە شـەقامە جیاوازەکان خەریکی ڕۆیشتن دەبین. سەرلەنوێ دەگەڕێینەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی ماندووکـەرمان و هـەر وەک ئەنـدامێک لـە جسـنی مشـکی بیابان، بە هەوڵدان بۆ وەسەرکەوتن لە سەرەوڵێژییەک، بەبێ ئامانج درێژە دەدەین.

کە گەڕامەوە هۆتێل تەلەویزیونم هەڵکرد و خەریکی تماشای پڕۆگرامێکی خۆماڵی سەبارەت بە خزمەت بـە کۆمـەڵگا بـووم. بـەبێ ئـەوەی پێڵاوەکانم دانێم بازم دا سەر تەخت و قەپاڵێکم لـە سـاندویچی "سـالمون دودی" دا و خواردنـەوە لـە دەسـت، لـە حاڵێـک کـە فکـرم لـە جێیەکی دی بوو لە تەلەویزیون ڕامام. ژنێکـی لاو بـە کراسـی ئامـاڵ شـین لـە ناوەڕاسـتی شاشـەی تەلـەویزیون ڕاوەسـتابوو. کـامێرا بـە چەشنێک لە سەر وی ڕاوەستابوو دەتگوت بوونەوەرێکی گۆشـتخۆری نەخۆشـە. هەسـتم کـرد خـەریکی چـاولێکردنی فیلمێـک لـە "گـۆدار" (فیلمسازی بەناوبانگی فەڕەنسی) م.

ئەو ژنە وتی:"من لە بەشی ڕاگەیاندنی قایمەقامی خۆجێی شاری "ر"دا ئیش دەکەم."

ئەو بە ڕاوێژێکی خۆماڵییانە دەدوا و دەنگی نەختێک دەلەرزی، لەوانەیە بە هۆی دڵەڕاوکێی سەرچاوەگرتوو لە کامێراوە بێت.

ئەو وتی:"شاری ئێمە شارێکی بچووکە، بە حەشیمەتی نزیک ٧٥٠٠ کەسی. هیچ تاکێکی ناسراو تا ئێستا لە شاری ئێمەدا چاوی بـە دنیـا هەڵنەهێناوە، هەر بۆیە پێم وا نییە هیچ کام لە ئێوە تا ئێستا ناوەکەیتان گوێ لێ بووبێ."

بیرم کردەوە: "قەباحەتە".

"وەرزێری و سپیاتی وەکوو پیشە گرینگەکانی بە ئەژمار دێن. چاندنی برینجیش پێشتر وەک بەرهەمی سەرەکی وەرزێری ئەم شـارە بـوو، بەڵام سیاسەتە نوێیەکانی دەوڵەت حوکمی گۆڕینی بۆ چاندنی جۆ، گەنم و سەبزییەکان داوە. لە دەوروبەری شـار لەوەڕگەلێکی لێیـە کە نزیک دووسەد سەر مانگا، سەد دانە ئەسب و سەد سەریش مەڕ دەلەوەڕێن. ئێستا زاو و زێـی و بـەخێوکردنی ئاژەڵـەکانمان خەریکـە پەرە دەستێنێ و بەرنامەی سێ ساڵی داهاتوو، بەرهەم هێنانی زیاتری بەرهەمە ئاژەڵێکانە."

ناکرێ بڵێین ژنێکی جوان بوو. تەمەنی دەوروبەری بیست ساڵانەی دەنواند و چاویلکەیەکی بە چوارچێوەی کـانزا لـە چـاودا بـوو، کـەچی پێکەنینەکانی لە هی پیرێژنە دڵ مردووەکان دەچوو. سەرەڕای ئەوە لەبەر دڵانم دەهاتە بەرچاو. ئەم کامێرا نما بڕە باشترین وێنایەک کە دەیتوانی لەوی گرتبووی، بە باشترین نوورپەردازی. تەنانەت ئەگەر هەر کام لە ئێمە دە خولەک لە پێش ئەم کامێرایە بووبایـن، لەوانەیـە ئێمەش جوان وەدیار کەوتبایـن. ئەو بیرە وا بە مێشکی منـدا هات.

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەرهەم ٨

"لە نێوان سەدەی نۆزدەهەم، گەردیلەکانی زێڕ لە چۆمی "ر" لە نزیک شاری ئێمە دۆزرایەوە و گەشەی ئابووری لەگەڵ خۆی هێنا، بەڵام هێندەی پێنەچوو زێڕەکان لە دووڕە دەست بەتاڵ دەکران و ئیتر شتێک بە ئێمە نەدەگەیشت."

لەتی ئاخری ساندەویچەکەم لەگەڵ خواردنەوەکە قووت دا.

"ئەم شارە... دەی... حەشیمەتەکەی دەگاتە نزیک دە هەزار کەس. هەر چەند لەم دواییانەدا هێندێک بنەماڵە کە ژیانی وەرزێرییان بەجێ هێشتووە، زۆر بووە. گرفتی دیکە ئەوەیە کە بەرەی لاوی ئێمە خەریکی کۆچ کردنن بۆ دەوروبەر. زیاتر لە نیوەی هاوپۆلەکانم تا ئێستا لێرە ڕۆیشتوون. بەڵام ئەوانەی بڕیاریان داوە بمێننەوە، دەیانهەوێ بۆ شارەکەمان بە گیان و دڵ تێبکۆشن."

بە چەشنێک ڕوو لە کامێرا قسەی دەکرد کە دەتگوت ئاوێنەیەکە کە داهاتوو پێش بینی دەکات و وا وێدەچوو کە لە من ڕامـاوە و ڕووی قسەی لەگەڵ منە. شاری ئەم ژنـە، زۆر بـە ساکاری دەمتـوانی لـە خـەیاڵدا ببیـنم. ئیزگەیـەکی شـەمەندەفەری بچـووک، شـوێنێک کـە شەمەندەفەرێک، ڕۆژانە تەنیا ٨ جار لەوێ ڕادەوەستێ. سۆبەیەکی بچووک لە ژووری چاوەڕوانی ئیزگەدا هەیە. گۆڕەپانێـک بـۆ پاسـەکان کە ڕادەوەستن و خەڵک سوار دەبن و دادەبەزن. نەخشەی ڕێنوێنی شار کە نیوەی پیتەکانی ناخوێندرێنەوە. گوڵە هەمیشە بەهارەکان لە هەموو جێیەک بڵاو بوونەوە و ڕیزێک لە دار بناوەکانی کێوی بەرز بوونەوە. سەگێکی سپی کە ماوەیەکە تووشی نەخۆشی گڕی بووە، لـە حاڵێکدا کە ماندوو لە ژیان لە قولینچکێک پاڵ کەوتووە، وەبەر چاو دەکەوێ. ڕێکلامێک بۆ یونیفۆرمی قوتابخانە و دەرمانەکانی ژانەسەر وەبەر چاو دەکەوێ. شەقامێکی سەرەکی تا ڕادەیەک گەورە کە هیچ چەشنە هاتوچۆیەکی تێدا نابینرێ. ڕاگەینراوێکی ئەرتەشی ژاپۆن لە دیـوار دراوە. فرۆشـگەیەکی گـەورە کـە وردەواڵـە و هێنـدێک شـتی جواروجـۆر دەفرۆشـێ. ئاژانسـێکی فرۆکـەوانی بچـووک، یـەکێتی هەروەزکارانێکی ئاوایی، ناوەندێکی مێشەوانی و بینایەکی بەخێو کردنی ئاژەڵ وەبەر چـاو دەکـەوێ. دووکەڵـدانی خۆڵەمێشـی و دووکـەڵ گرتووی حەمامی گشتی شار لە ئاسمانـدا بەرز بۆتەوە. پێش چوارڕێیـانی سـەرەکی دەسـتی چـەپ ئەگـەر بادیـەوە، دوو بلـووک پێشـتر، بینای سەرەکی شار دەبینرێ، شوێنێک کە ئەو لە پشت مێزی خۆی لە بەشی پەیوندییە گشتییەکان دانیشتووە. بەڵێ، بێشـک شـارێکی بچووکی ماندووکەر کە نیوەی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە. ئەو لە پشت مێز دانیشتووە و لە حاڵی نووسینی ئەم بابەتانەی خوارەوەیە: "بـە زووییی دەرمانی خاوێن کردنەوەی مەڕ لە نێو هاوشارییانی خوازیار دابەش دەکرێ. ئەگـەر حـەزتان لێیـە تکایـە فۆرمـە تایبەتییـەکان پـڕ کەنەوە و لە زووترین کاتـدا بیگەڕێننەوە."

لە حاڵێکـدا کە لە ژوورەکەم لە ساپۆرۆ بووم لەناکاو پەیوەندییەکی هەست پێکراوم لەگەڵ ژیانی ئەو ژنە هەست پێکرد. لەگەڵ شـێوازی ژیانی ئەو پەیوەندیم ساز کرد. هەر چەند واوێدەچێ لەم ناوەدا گرفتێک هەبێ و وام هەست دەکرد کراسێکی بـەکرێ گیـراوم لەبـەردا کـە بۆ بەرم نابێت و هەست بە ڕاحەتی ناکەم. دەڵێی قاچـەکانم لـە تـەنافێک بەسـتراونەوە. ئـەوەم بـە مێشـکی دادێ کـە تـەناف بـە لێـوی تەورێکی بچووک بپسێنم، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەم، گەڕانەوەیەکمان نابێت و لەوانەیـە ببێتـە هـۆی پـەژیوانی. هـەر چەنـد کـە ناچـارم تەناف بپسێنم. لەوانەیە زۆر ماندوو بم. ڕەنگە هۆی ئەم هەستە بارینی بەفر بێت. ئەمانـە هـەر هـەمـووی ئـەم شـتانەن کـە بـە مێشـکم دادێن. سەرلەنوێ دەگەڕێمە ژێر باڵە تاریکەکانی ڕاستی. شاری من، مەڕی ئەو.

ئێستا ئیتر لەوانەیە مەڕی ئەو ئامادە بێت بۆ خاوێن کردنەوە بە دەرمانی نوێ. منیش هەرواتر، دەبێ مەڕەکەم بۆ زستان ئامـادە بکـەم. دەبێ تفاق بنێمەوە و بەرمیلەکان پڕ کەم لە نەوت. دەبێ ئەو پەنجەرەیە چاک کەمەوە. دەبێ دەست ببزێوم، زستان لەم نزیکانەیە. ئـەو ژنە لە تەلەویزیۆندا درێژەی پێدا: "ئەمە شاری منە. زۆر سرنجڕاکێش نییە، بەڵام شوێنی حاوانەوەمە. ئەگەر توانیتـان سـەردانی شـاری ئێمە بکەن، دڵنیا بن ئەوپەڕی حەولی خۆمان دەدەین کە خۆش ڕابیبوێرن."

شاشەی تەلەویزیون بەجێ دێڵێ. تەلەویزیون دەکوژێنمەوە. لە خەیاڵی خۆمدا سەفەر دەکەم بۆ شاری ئەو. لەوانەیە ئەو بتوانێ یارمەتیم بدات. بەڵام بە دووری دەزانم کە ڕۆژێک بچمـە وێ. لـە دەرەوە هێستاش بـەفر دەبـارێ و نزیـک سـەد سـەر مـەڕ، لـە تـاریکیدا چاویـان دەقووچێنن.

بەرهەم ٨

"مۆتسارتی شێعر" و سەرەتای دەربڕینێکی نوێ

ویسواوا شیمبۆرسکا

وەرگێڕ: لەیلا سالّحی



ویسواوا شیمبۆرسکا شاعیری ناسراوی لەهێستانی، دووی ژانوییەی سالّی ١٩٢٣ لە ئاوایی "بنین" هەلّکەوتوو لە رۆژئاوای لەهێستان لەدایک بوو. سالّی ١٩٣١ وێڕای بنەماڵەکەی رووبان کردە شاری گەورەی "کڕاکوو". ویسواوا هەر لەو شارە خوێندنی سەرەتایی و کۆتایی و زانکۆی تەواو کرد. پاش وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانسی کۆمەڵناسی لە زانکۆی کراکوو، سالّی ١٩٥٣چالاکی رۆژنامەوانی لە حەفتەنامەی "ژیانی ئەدەبی"دا دەست پێکرد. شیمبۆرسکا تا سالّی ١٩٨١ واتە تەمەنی ٢٨سالّان، بەڕێوەبردنی لاپەڕەکانی شێعری ئەو حەفتەنامەیەی لە ئەستۆ بوو. هاوکات لە گۆڤار و بڵاڤۆکەکانی دیکەشدا رەخنەی شێعر و چیرۆکی بڵاو دەکردەوە.

ویسواوا لە سەردەمی مێرمندالّیەوە، دەستیکرد بە شێعر نووسین. یەکەم کۆمەڵە شێعری بە ناوی "بەو هۆیەیە دەژیم" لە سالّی ١٩٥١دا بڵاوکردەوە. پاش ئەو کتێبە چەند بەرهەمی دیکەشی بڵاو کردەوە کە بریتین لە:

چەند پرسیارێک لە خۆم (١٩٥٤)، هاوار بۆ بێتسی (١٩٦٣)، مرۆڤەکانی سەر پرد (١٩٨٦) و سەرەتا و کۆتایی (١٩٩٣).

شیمبۆرسکا سالّی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی پێ بەخشرا و بەو شێوەیە ناوبانگی جیهانیی وەدەست هێنا. داوەرەکانی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل ناسناوی "مۆتسارتی شێعر"یان پێبەخشیوە. واتە کەسێک کە وردەکاریی زمانییەکانی لەگەڵ هەڵپە و هەیەجانی بێتهۆوێنی ئاوێتە کردووە.

پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل، شێعرەکانی بە ٣٧ زمانی جیهان وەرگێڕدران.

شێعری شێمبۆرسکا خاوەنی تایبەتمەندییەکی بێوێنەیە، بە چەشنێک کە پاش خوێندنەوەی چەند شێعر، دەتوانین لە نێو کۆمەڵێک شێعردا بیناسینەوە. لە شێعری ئەودا هەموو شتێک کەسایەتی هەیە و هەموو کەسایەتییەکیش شاعیرانە

هەواڵنامەی کێژ

بیری لێکراوەتەوە و نەخشێنداروە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین لە شێعری شیمبۆرسکادا هەموو شتێک سێبەری پەسەنایەتی وەسەر دەکشێ. پوانینی ئەو بۆ شت، وشە و واتاکان، پوانینێکی هەڵقوڵاو لە دیناوە؛ بە شێوەیەک کە دەیهەوێ هەموو شتێک سەرلەنوێ بدۆزێتەوە. شێعری ئەو لە دۆزینەوەی سەرلەنوێی ئەو جیهانەدا دەنووسرێتەوە و پێکهاتە وەردەگرێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی شیمبۆرسکا، ئەوەیە کە پووداو و کارەساتە ڕۆژانەکان دەکێشێتە پانتایی شێعرەوە. ئەو پووداوانەی کە ئێمەمانان هەموو ڕۆژێک لە گەڵیان دەستەوئێخەین، بەڵام بە سارد و سڕی لە پەنایانەوە ڕادەبرین و سەرنجیان نادەینێ. ئەگەرچی وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری ژنانەیە؛ بەڵام شیمبۆرسکا لەو تایبەتمەندییە ژنانەیە کەڵک وەردەگرێ، دەیقۆزێتەوە و لەو ڕێیەوە ڕوانینێکی قوواڵ بە سەر بچووکترین بەشەکانی ژیاندا دەسەپێنێ.

شیمبۆرسکا شاعیرێکی ئاکارخوازە و تەنز پێگەیەکی تایبەتی لە شێعری ئەودا هەیە. شێعری شیمبۆرسکا لە سەر بنەمای ئەزموونە زۆر و زەوەندەکانی شێعری عاشقانەی لەهێستان هۆنراوەتەوە. لە بەرهەمە جیاوازەکانی ئەو شاعیرەدا، بەرپرسایەتی لە بەرانبەر بابەتە ئینسانی و ژانە کۆمەڵایەتییەکان، پلە و پایەیەکی بەرچاوی هەیە.

سەرەنجام شێمبۆرسکا ساڵی ٢٠١٢ لە ٨٩ ساڵیدا و پاش ژیانێکی دوور و درێژ کۆچیدوایی کرد، بەڵام وەک کوتوویانە " ژیان چ کورت بێ و چ درێژ/ ژیاننامە دەبێ هەر کورت بێ. " هەر بۆیە بە خوێندنەوەی شێعرە جیاوازەکانی کە هەم دەربڕین و هەم فۆرم و شێوەی چنینی وشەکانی نامۆ و تازەن، ڕەنگە زیاتر کەسایەتی و شێوە ڕوانینی تایبەتی ئەومان بۆ دەرکەوێ. لە کۆتاییدا سەبارەت بە شیمبۆرسکا دەتوانین بڵێین کە ئەو شاعیرە دەربڕینێکی تازەی شاعیرانەی خستۆتە ڕوو کە ڕەنگە نوێ بوونەکەی بۆ زۆر کەس چێژبەخش بێ و بۆ زۆر کەسی دیکەش ببێتە مایەی سەرسووڕمان.

وتوویژ لە گەڵ بەرد

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
_منم ئیزنم دە بێمە ژوور
دەمەوێ بچمە ناختەوە و
بڕوانمە ئەو دەور و بەرە
وەکوو هەوا هەڵتمژم.

-_ بڕۆ-بەرد وا دەڵێ
من بە تەواوی داخراوم
تەنانەت ئەگەر لەت لەت بین
هەر داخراو دەمێنینەوە
تەنانەت گەر ببینە خیز
هیچ کەس بۆ ناخمان ڕێ نادەین.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
_منم، ئیزنم دە بێمە ژوور

هەر بە هۆی وردبینی هاتووم.
وردبینییەک کە تەنیا دەرفەتی ژیانە.

دەمەوێ بڕوانمە کۆشکەکەت و
پاشان بچمە دیداری گەڵایەک و تنۆکێک ئاو
زەمان کەمە بۆو ئیشانە
دەبوو مەرگاوی بوونم کاری تێکردبای.

من لە جسنی بەردم_ بەرد وا دەڵێ-
پێویستە هەر وا قورس بم
لێرە بڕۆ
من ئەندامی بزەم نییە.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
_منم ئیزنم دە بێنە ژوور
وەک بیستوومە هۆدە گەلێکی گەورە و چۆڵ لە تۆدا هەن
هۆدەگەلێکی نەبەدی، بە جوانییەکی بێ کەڵکەوە
بێدەنگ، بێ خشپەی هەنگاوی کەسێک
دان بەوە دانێ
کە خۆت شتێکی وای لێنازانی.

هۆدە گەلێکی گەورە و چۆڵ! _ بەرد وا دەڵێ-
بەڵام لەواندا شوێنێک بوونی نییە
ڕەنگە جوان بن، بەڵام
بەدەر لە هەستی کورت و کۆڵی تۆ.
ڕەنگە بتوانی بمناسی، بەڵام قەت تەجرەبەم ناکەی
گشت دەرەوەم لە بەر چاوتە
بەڵام دەروونم ئاوەژوو.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
_منم ئیزنم دە بێمە ژوور
-بە شوێن دااڵدەیەکی هەمیشەییەوە نیم لە تۆدا
ڕۆژە رەش نیم
بێ خانوولان نیم
پێمخۆشە سەرلەنوێ بگەڕێمەوە ئەو جیهانەی کە تێی دام
بە دەستی خاڵی دێمە ژوور،

هەوارنامەی کتێب



بەرهەم ٨

هەر بە دەستی خاڵیش وەدەر دەکەوم.
پاشان بۆ سەلماندنی ئەوەی بۆ ساتێک
من لە تۆدا ئامادە بووم
جگە لە وشەگەلێک کە هیچ کەس نایانسەلمێنێ
هیچم نییە بە دەستەوەی دەم.

ئیزنت نییە بێیە ژووری -بەرد وا دەڵێ-
هەستی هاریکاریت نییە
هیچ هەستێک جێگەی ئەو هەستە ناگرێتەوە
تەنانەت ئەگەر چاوێکی ئەوەندە تیژیش بدۆزییەوە
کە هەموو شتێک ببینێ.
بە بێ هەستی هاریکاری هەر بێ کەڵکە.
ئیزنت نییە بێیە ژووری
تەنیا دەکرێ تۆزێک لەو هەستە
یان گەڵاڵەی سەرەتایی ئەو
یان هەر تەنیا بیرۆکەیەکت لێی هەبێ.

تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
-منم ئیزنم دە بێمە ژوور
ناتوانم دوو هەزار سەدە
چاوەڕێی ئیزنی هاتن بۆ بارەگات بم.
ئەگەر تۆ بڕوام پێناکەی_ بەرد وا دەڵێ-
لە گەڵا بپرسە _ هەر ئەوە دەڵێ من کوتم
لە تنۆکی ئاو بپرسە_هەر ئەوە دەڵێ کە گەڵا کوتی
لە کۆتایی دا لە تاڵی مووی سەرت پرسیار بکە
پێکەنین ئاوەڵام ناکا، پێکەنین، پێکەنینی تووند
پێکەنینێکیش کە ناتوانم لە گەڵی پێبکەنم.
تەق لە دەرگای بەردێک دەدەم
_منم ئیزنم دە بێمە ژوور
-_من دەرگایەکم نییە-بەرد وادەڵێ-

سەرچاوە: -شیمبۆرسکا، ویسواوا (١٣٧٦)آدمها روی پل، ترجمه مارک اسموژنسکی-شهرام شیدایی-چوکا چکاد، تهران: نشر مرکز
٢-شیمبۆرسکا،ویسلاوا(١٣٩١)شعر و زندگی شیمبۆرسکا، ترجمه محمد حسین بهرامیان، سارا شعر

١

شێعری نازم حیکمەت

وەرگێڕانی: دیاکۆ مەردانی



نازم حیکمەت گەورە شاعیری وڵاتی تورکیە لە ساڵی١٩٠٢ لە سالۆنیکی تورکیە و لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی و هەرە هۆگری شێعر وئەدەب لە دایکبووە.

باوکی«حیکمەت بەیگ»کوڕی نازم پاشا کارمەندی بالای وەزارەتی دەرەوە و دایکی«جەمیلەخان» کچی ئەنوەرپاشا ژنێکی خوێندەوار و ژیر و نیگارکێش بووە. نازم لەو بنەماڵە ئۆگر بە شێعر و ئەدەبەدا گەورە بووە و لەگەڵ شێعر بالای کردووە. چۆتە مەدرەسەی نیزام بەڵام بەهۆی نەخۆشی بۆ هەمیشە لە سەربازی مەعاف بووە و بەشی زۆری ژیانی لە زیندان و غوربەتدا تێپەڕ کردووە. هەرکات لە وڵاتی خۆی بووە کەوتۆتەزیندان. دەکرێ بڵێین یەک لە چواری تەمەنی لە زیندان و یەک لە سێی ژیانی لە غوربەتدا تێپەڕکردووە. زیندان وغوربەت کاریگەرییەکی زۆریان لەسەرژیان وهەستی شاعیرانەی کردووە .زۆربەی بەرهەمەکانی لە زیندانداا نووسیوە. نازم حیکمەت گەورە شاعیری هاوچەرخی جیهان لە ساڵی١٩٦٣ دا و لە تەمەنی شێستویەک ساڵیدا لە شاری مسکۆی وڵاتی ڕوسیەدا کۆچی دوایی کردووە.

سەفەر

من، تۆ، ئەو ڕووت لە شەوێکی هاوینیدا شاعیرێک سەفەر دەکا

ئەو تەنیا سپێدەی بەیانی دە بینێ. تۆ نیشتمانی منی! لە دەریایەک لە دنیای ئێمەدا

من،شەویش دەبینم. تۆ شەپۆلی کەسکی چاوانی گەورە بەڕوانین لە ئەستێرەیەک.

تۆ،تەنیا شەو دەبینێ تۆ مەزن، تۆجوان، تۆپیرۆز یەکێک لە شاعیران سەفەر دەکا

من،سپێدەی بەیانیش دەبینم. تۆ ئارەزووی دوورە دەستی منی لە دەریای ئەستێرەیەک دا

*** ناتوانم دەستەمۆت کەم بەڕوانینێک لە دنیای ئێمە.

تۆ تۆ نیشتمانی منی! شاعیران سەفەر دەکەن

تۆ دیلی و ئازادی منی تۆ ئارەزووی من. لە دەریای کائیناتدا

تۆجەستەی بەسۆزی من *** بە ڕوانین لە یەکتر.

منبع ترجمه:بسیار سپاس گزارم از به دنیا آمدنم!-گزیدەی شعرهای ناظم حکمت-ترجمەی مرتضی مجدفر-تهران نشرامروز-1387

بۆ غەریبی فوڕات

کازم نەوجەوانی



بۆ بێدەنگی شێعرێک بڵێ

تا هەموو دونیا تێبگا

لە وڵاتی ئێمە کەس بڕوا بە زیندوو ناکا

شێعرێک بڵێ...!

ببە نۆتێک

بخزێ پاڵ بە هێزترین شێعری دونیا

هەرچی پیت و نوختەی تێدا


گشتی یەکڕا بێنە سەما،

هەستە دیسان شێعرێک بڵێ

با هەموو دونیا بزانێ

هاژەی فوڕات سەمفۆنیای عەشق و ئەوینە

بە گوێی ژینەدا سرتە دەکا.



بۆ فوڕات

غەفوور پیرزادە

١. لێرە ئێستاش
ڕەزی کێژۆڵە عەزەبەکان
شیلانی نەگرتووە و.....

بە فرمێسکەکانی خاک دا
دێمەوە
دەگەڵ شۆرەکات
گرێبەست واژۆ دەکەم
قاقڕ
دەکەمە برا گەورەم
چیا و کوێستان و بەرزاییش
دەمێکە دەمشارنەوە و
ئاویش لە تۆ ڕا
دەگەڕێتەوە
بەرەو گڕنییەکانی ئەشق

((ئای فوڕات))
دواین هەناسەی
قەڵپەزەکانت ئاگر .

٢. لێرە ئێستاش
بە فوڕات دا خەونەکانی بێ متەق دەبینیین و
لە کەنارەکانی دەگمەن ڕا
دەگەڕاینەوە
هاوین بوو ، نەبوو
بەشکەم
((سیزیەف)) لە گاشە بەرد
ژنی تاشیبوو
هەینی بوو ، نەبوو

پشووی فەرمی

((ئای فوڕات))
دەبێ لە پەرژینەکانی هەتاو دا
بۆ هەرمان
بچەوسێینەوەو
ئێواران
ڕەشبەڵەکی شڵێژاوی
بهۆنینەوە
لە دەلاقەی ئاسپرین و پڕۆفین و
توخمی سۆز و
نەستەقی شێعر

٣.لێرە ئێستاش
لە حەسارەکانی پێچ پێچی ئاسمان دا
لاولاو ، بوراوەتەوە
کاتێک ڕامان لە نیهایەتی ، بێ قەراری دایە و
بەرەو پیرت هاتم
لە ئاساییەکانی شەونم
شەو کەوتبوو
وە ئەوڕۆش لە یادی
باخی شێعرم دا
گوڵە باخی و

((ئای فوڕات))
ڕوو ڕەش بن
ئەوانەی بە لاپەڕەکانی کەربۆنی
شاعیر دەناسن
ڕوو ڕەش بن

هەواڵنامەی کێب

بەرهەم ٨

بەردەوام لەپێناسەی باران دا ... واتایەکی دی بۆ بەفر

یوونس رەزایی



چۆڵم لە ئێوارانی دار
کە وەر دەبن بە سیمای وەرزەوە ... زەرد و زێڕین
پەلکەی
کچانی دەمەو بووکینی

بێدەنگ لە حیلەی بەیانانی دڵتەنگی
کە دادەبارێ بە داوێنی زنجیرە چیاکانی
ئەو دەڤەرەی
پۆل پۆل ژینگەی
وشەکانن ...
لە
قەفەس دا تەرە و هەوری

ڕووتم لە باڵ ... لە وەرزی تەقڵەی گوللەدا
بێدەنگیش لە ڕووناکایی ...
دەمە دەمی ئاوابوونی دوا گڵۆپی بریندی خۆم

چ وەرزێکە ئەو باڵندەی من سیمایم ...
لە وشەکان دا ون دەبوو
نە قەفەسێک لە شێعر دا
نە تەقەیەک لە واتای پێکەنینم دا

تەنیا گەڵای پەنجەکانم ... زەرد و وەڕەز
خەزەڵوەری وشەکانیش ... ڕکەی هەموو ڕابردووی بام



بەرهەم ٨

چ وەرزێک بی ... باڵت بە من دا روون دەبێ

چ خەزانێک لە شێعرم دا ... حیلەی سەوزت... کلوو کلوو؟

من واتایەکی دی بە زستان

ڕێیەکی دیکەش بۆ ئەوین...

لەو کاتە دا کە سەنگەر بە سەنگەر هەواڵەکان

پڕن لە دارستانی من

باڵم دەیە ...

لەو شێعرە دا ... کە دێڕ بە دێڕی واتاکان ...

هەر لە سەرەتای نیگای تۆوە

دادەگیرسێ تەمەنیان...

دوور لە کافە نوێیەکانی ... ڕووتی ئێستا

قاوەیەکی تاڵم دەیە

تا خەوم بزڕێ لە چاوانت دا ...

کە درەنگانێکی تەمەنمن

با گوللەکانم ون بن لە باڵی ئێوارە دا

کە بەرین دەبنەوە ...هەتا برینەکانی بەیانی

چۆڵ لە بێدەنگی ئەو جارە

وەستاو لە سنوورەکانی تۆ دا ... کلوو کلوو

بستێک پاشەکشەی چی... ئەی باران؟

من زستانی نیشتمانم!

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەبووبەکر ڕەشیدزادە "فۆرات"

مریەم قازی

شەڕاب و نان
لە سەر چەقی شەقامەڕێی خەیاڵە سەرشێواوەکەم
بەسەر ئەو ڕۆژە ئامادۆ شینەدا کەوتم
کە باسی جەستەی ساردی تۆی
کلوو کلوو بەسەر شاری سەرمابردوودا دەباراند
لەم هەوایە تەماوییەدا ئاگام لێبوو
لەنگەری یەکجاریت خست و
لە سەر دوامین گەڵای شێعرێک
بڕیاری کۆچی یەکجاری و
حەسانەوەی هەمیشەیت بە خۆت دەدا
ون دەبوویی و دەهاتییەوە
لە تارمایی ڕێژنەبارانی چاومدا
شێعرەکانت بەرگی ڕەشیان دامالێبوو و
سپی سپی شێتانە سەمایان دەکرد
بە هەوای دەسرەی گریان و مالئاوایی
بە دەوری ئەو خێزانەت کە
ڕۆژێ جارێک لە بەر دەستت
دەمردن و دەژیانەوە...
چ ژیرانە تێگەیشتبوون
ئەوە دوامین مەرگی وانە و تازە بۆی نییە بژینەوە لە تەک
تۆدا...
شەڕاب سەرمەستی کۆچی تۆ و
نانی برسی هۆنراوەکەت هەروا زیزە
لە سفرەی بەتاڵی ئەو منداڵانەی کە دەتگووت
بە زمانی بەڕۆژوو
میوانی سەر سفرەی هەمە ڕەنگی خودان
لە چوار وەرزی ساڵدا.
ئاواتی تۆ بزر بوون بوو
هەڵنەفریوان بە تراویلکە و
ڕاکردن لەو جەستە کزەی
گیرۆدەی زلکاوێک ببوو
کە گەمژانە پێی وا دەبوو
ئەوە ژیانە!



هەموو ڕۆژێ ئەم جەستەیەت دادەماڵی و فڕێت دەدا
دەتگوت با فریوم نەدا و
دارە مێو بۆ خۆی دەروەستە و
ئەو ژەهرە تاڵەی دەمداتێ
وشیاری ئەبەدی تێدا
ئەتۆ دەتگوت
مەزەم ژیانە و ئەوەم بەسە
لە قوژبنێکی ڕووتەنی بێ هەرادا
با ئەمجارە تێر بمرم و ئارام بگرم
لەم جەستەبی ئەنوایم دا
ئەتۆ دەتگووت
...
بو دوامین جار تۆیان دیبوو
لە پێچی کۆڵانێکی تەنگ بزر ببووی
کە گەیشتم درەنگ ببوو و هەرچی گەڕام نەمدوزیەوە
جگە لە قوچکە سیغارێک لە تەک چەند گەڵا مێوێک و
نانێک و جامێکی بەتاڵ
لە شەڕابێکی وەک ژەهر تاڵ

زانا قاسمی فەڕ



ئەرێ ئێوە ئەزانن
پیاوان چۆن بە لیمۆ ئەگەن و
سێو لە گۆرانییەکدا ئەخوێننەوە؟
تۆیش ئەتەوێ بڕۆی، ئەزانم
وەکوو هەموو گۆرانییەکان
کە بۆنی لیمۆ و سێویان لێدێت
بیانووی ڕۆیشتن زۆرە:
حەزم لە لیمۆ نییە ...
سێو نابێ ببێتە گۆرانی...
شەقامەکان پیسن ...
دراوسێکەمان لە مالّایە ...
حەوشەکە لارە و ...

بڕۆ
بڕۆ با گیرۆدەی پیاوێکی تامەزرۆ نەبی
من و تەنیا و خەونی گۆرانییەکی کۆن
ئەبینە ڕەفیقی حەسرەت و تامەزرۆ
من و تەنیایی و خەونی پیاوێکی شاعیر
ئەبینە ڕەفیقی چاوەڕوانی
لە کۆتایی ئەم خەونە پڕ لە تاسە
لە دێڕی دوایی، خۆم لە سێدارە ئەدەم
من
بۆ مردن هاتوومەتە ناوەڕۆکی ئەم شێعرە پڕ لیمۆیە و
کە هاتم
تاوانی لیمۆ و سێویکی سوور لە گۆرانییەکی قەدەغەیە
کە ئەڕۆم
تاوانی یاسایەکە کە تۆ فەرمانی ئەبەی
بەڵام ئەمە دێڕی کۆتایی هیچ شێعریک نییە
دوایی، لە گۆڕستانیک
لە تەنیشت قەبرێکەوە
چەند دارێکی لیمۆ و سێو ئەڕوات
کۆتاییەکی خەیاڵاوی.

هەواڵنامەی کێبڕکێ



بەرهەم ٨

شێعری بیرکاری

هادی تیتە

فاکتۆر

دەزانی دەمەوێ ساکارترین چیرۆکی مانەوەی بەشەر بم

تۆم لە کەمترین شێعری زمانی سوور دەزانی

ئێستەش سوورم لێ دەبارێ

دەتوانین وشەیەک لە سکووت بین

فاکتۆرێک لەشێعرەکانی تۆ بم

ببین بە شێعر

نیسێی جەرگی ڕامان بە پۆلوو بین

جا

هێرشی دەریای ئاگرینی پڕ لە با بین

لە ڕێگەی ئیگریگی مێرووێەک ڕوانگە بین

لە ئیکسی فانووسی ژیندا خۆم لە ژاندا

تا دەفتەری شێعری شێری شیرینی ژیان بین

دەتوانم پێکەوە بم

دەتوانین پێکەوە بین

***

یاد

لۆگاریتمێک لە مەبنای تۆدا

وەک موشتەقی ئیشتقاقی دڵ کەم دەکا

بە تەوانی تۆ دەگا دڵ،

ڕوو بە بینەهایەت مەیل دەکا

ئێستەش یادی تۆ دەکا

***

عاد

دێوانەیەک لە بیرەیدا شێتانە ڕێگای خۆی عاد دەکرد

ئەو دەڵێ شیبەکەی من دەکا

ئەگەرچی من دەڵێم من دەکا

ئێستەش یادی تۆ دەکا

***

Xی من ، yی تۆ

ڕێگایەک جێ لە ژێر جەزر نییە

لە ئیکسی من تا ئیگریگی تۆ

من مەنفیش دەخۆمەوە

کۆسینوسی من ـ ئاڵفای تۆ

من کوتم یارەکەم حەددی هەیە

مەیلی من و ماچی تۆ

***

هەواڵنامەی کتێب

« کەلاوەکانی اناالحق »

ئیبراهیم ئەحمەدی نیا



بەفر تکای لێکردم
مەسحەفێ بێنم
بە ڕێزمانی ئاگر
باران داوای لێکردم
کتێبێ تازە دانێم
بە زاراوەی پشکۆ!
ئاو فەرمووی: خولیامە بۆ شەریعەتی ئاژاوە!
بەڵام من نێردراوی شایەتینی
بێزار لە کەرامەتی کوندەبەبوو
حەیران لە زێرابەکانی خیانەت!
qorwww.dozex/behest.qsey
ئەی ئاو!
من چەن دۆلارم ماوە
تا کەلاوەکانی«اناالحق»؟
چەن یۆرۆ
تا ئیمپراتۆریەتی ئاو؟
مردن نیە لە لوولەی تفەنگ و چزووی شێرپەنجە
مردن ئەوەتا
لە شیرین
بوونی
هەنجیر،
لە خرمەی باران و
بەرامەی سێ شەممە!
ئەی بەرد!
تۆم داتاشی و سوژدەم بۆ بردی
وێنەی ژنی ڕووت و شیعرەکانم بە خەتی بزماری
لە سەر لەشی نەرمت هەڵکۆڵی
دیارە ئەی بەرد
تۆ لەمن گەورەتر بووی
یا من لە تۆ گەمژەتر بووم!
تێنەگەیشتم لە کەرامەتی ئاو
لە چێژی بڵندی ئاژاوە!
لە ئەشکەوتا لە دایک بووم و

لە شەقامەکانی کۆمپیوتەر گەورە بووم

لە بارانا چەکەرەم کردو

لە بڵێسەدا باڵەفڕ بووم!

لەو پەڕی سنوورەکانی ئاو

هیچ هەواڵێ نیە.....

ئاخۆ فریشتە گومڕاکان زووتر ئەگەنە دۆزەخ

یا سۆزانییە پاکیزەکان؟!

بە ژێر پێستی سەرابا ڕەت بووم

تا کارەسات دەستەمۆ کەم و

لەغاو بخەمە زاری ئەقڵەوە.....

ئاخۆ قوڕعان خوێنەکان ڕەزا سووکن

یا مەیگێڕی گازینۆ پڕ لە گوناحەکان؟!

ئەی ئاو!

شەرەفی گەورەت پێداین

نێرگس و ئەسپ و من

سەدا 75 مان لە تۆ!

بێگومان ئەی ئاو

من **خەلیفەی ڕێوییەکان** و

ئاڵاهەڵگری زاهیدەکان نیم!

من زیاترینم لە تۆ

بەشێکم لە ئاژاوە و

بەشێ لە بێهوودەیی!

من لە مەملەکەتی بارووت

ژێر چەپۆکەی ئادرەسەکانی بەهەشت و تاران و ژێ ▪ ٣

حەزم ئەمما لە شەقامەکانی سێو و هەرزەیی،

لە عیمارەتەکانی شەڕاب و چاوبڕکێ!

مووسا دای لە ڕووبار مەسحەفەکەی تەڕ نەبوو،

شوێنی نەکەوتم

زەردەشت لە چیاکان هاتە خوار فێری چاکەمان کا

شوێنی نەکەوتم

مەسیح لە "ئەلخەلیل" دابەزی

بانگەوازی مەلەکووت وپەیامی خۆشەویستی پێ بوو،

شوێنی نەکەوتم

لە گەرمەسێری لای خورماکانەوە مەسحەفی گەورە هات

ماچمان کرد و نوێژمان لە بەر کرد!

لەو پەڕی سنوورەکانی ئاو

هیچ هەواڵێ نیە.....

لە غوربەتی ئەم چوارشەممەیە

نێرگز تووڕەیە بە زاراوەی مردن

قەراڵەکانی ئەهریمەن دونیایان گرتە بەر.

تا قیبلە نما بە دەستی شەیتان بێ،

چ مەعلووم

حەزمان لە باخچە ساردەکانی بەهەشت؟

ئەگەر مەلەکووتی ئاسمان

من و ڕێوی ناگرێتە خۆ،

ئەی باران!

شایەتیمانم تەنها بە شانی تۆدا

حەقیقەتی سپی تەنها لای بەفرە و

تەنها ئاو جێی متمانەمە!

هەواڵنامەی کێژ

نازانم ئەم خەڵکە چی دەڵێن...

حسێن جەوانشیر



نازانم ئەم خەڵکە چی دەڵێن

بەڵام من بڕوام بەم وتەیەیان نییە

کە گۆیا باران کاتێ بە بەفر دەگا پیر دەبێ

من تەواو وەرزەکانم بڕیوە

پەنجەرەکانم خوێندوەتەوە

بەدەرگەکان گەیشتووم

دیوارەکان دەناسم و

لەکۆتایی ئەم کۆڵانە بەربەستانەدا و

لەدەسپێکی نامۆیی هەر ئەم خەڵکەدا

بەبیرم هاتەوە

من و تۆ

لەسەرەتای باڵندەوە

بەئاسمان گەیشتبووین و

بە بیرم هاتەوە

دەبێ بگەڕێمەوە بۆ پاییز

دڵنیا بووم

تۆ لەوێ دانیشتوویی و

دەپارێیتەوە هەتاباران ببارێ.



بەرهەم ٨

زۆزان بادبدەست

ماوەیەکە بێتۆیی
چرپنووکی بەسەر دڵم داهێناوە و
لە گێژەڵووکەی خەمەکاندا سەرم هەڵداوە
لە ناخی بێدەنگی دەگریم
بۆ حەقایەتە کەمتەمەنەکەی دڵداریمان
بێگومان
چاوێک ئێمەی ئەنگاوتووە
یا خو هەنگاوێک گوڵی هیوامانی پێشێل کردووە
ئازیزەکەم
دیسان جێژوانە چۆلەکەمان و
چاوی ژاراوی مانگ و
بێدەنگترین وشەکانم فیدای تۆ بوون

ئەنوەر بەهرامی پوور

ئەو دەمەی شێتانە عاشق بووم
بە دیمەنی نوێبوونەوەی گەڵای چڵەداری خۆشەویستی
بەستەڵەک لە ناخمدا
شەماڵی وەخۆ گرت
لێی گەڕێ با
شنەی تۆ
دەستبکا
بە تووانەوەی تەواو سەهۆڵەکانی شار.

هەوالنامەی کتێب



دوو شێعر لە شەپۆل ئاتەش پووش

شەپۆلی ڕەق و بێزاریم، زۆر چەتوونە لاوانەوەم
کە هەڵساوم نانیشمەوە، لەمێژە وا بەو ژانەوەم
زۆری و گوشار و تەوژم، تەنگی بە من هەڵچنیوە
ئۆقرە و هەدادانم نییە، نابینم ڕێی حاوانەوەم
من شەپۆلی شڵەژاوی تۆڕەیی ئا ئەو دەریایەم
ڕادەماڵم چیم بێتە ڕێ، بێ وەستان و پسانەوەم
بۆ پاک بوونەوەی ئەمجارە، تەمام گرتووە بێ بەزە بم
دڵنیا بە، بە هێند بگرە، ئەو هەستان و جوڵانەوەم
پێڵەکانم دەهەژێنێ بەحری قوڵ و بێ سنووری
هەتاکو پێت دەسەلمێنم پێش ناگیرێ بۆ مانەوەم
ئارام ناگرم تا ئەو ساتەی، نەما لە هیچ لا تەوژمێک
ئەوسا زانیم دڵنیا بووم جێگە هەیە بۆ سانەوەم
لەنجە و لاری پێڵی شادیم بە نازەوە خۆی ڕادەنێ
دەبمە قاقای مەنگی دەریا، "شەپۆل"م بێ بڕانەوەم

نامە

خۆشەویستم!
دڵدارەکەم
چۆن هەستی گڕگرتووی دەروون بەیان بکەم
بێ چەند و چوون
پەری ئاسا!
قامکەکانم ناگرن خامە
بۆ نووسینی چەند دێڕ نامە
دەچمە ناو دەریای بیرەوە
دەریای وشەی ڕازاوە و جوان
کە دڵ لە وێدا سەرسامە
بەڵام کوا؟
وشەی جوان کامە؟
بۆ نووسینی چەند دێڕ نامە!



بەرهەم ٨

ئاسۆ مینا

دەفتەرێک بێنن

لە ڕەنگی سووری هەڵکێشن

دێڕیشی بەڕەنگیسوور بنەخشێنن

مێژووی ئەم خاکە تەنیا

بە ڕەنگی سوور دەنووسرێتەوە .

هەوالنامەی کتێب

عەلی بایەزیدی

تەنیایی تۆ

وەک سیگارێکە

لە شەویکی تاریکدا

کە بەفر نەنم دەبارێت و

"با"ش بە تەنیشتمدا تێدەپەڕیت و

دەستێک نە نیشانەی سڵاو هەڵدێنیت و

هیچ دوکانێکیش

لە هیچ گەورە ڕێیەک نەکراوەتەوە

دەبڕی...

دوو شێعر لە پێژمان ئیسماعیلنژاد "ئاران"



دادێ

نە ...

نە ...

نە...

نا ...

نەکردبوومان ساز

کۆشکاندبومان ماڵی ئەوینمان

سەرسەرا بوو

ئاسمان هەورەبان

تلژینێک لە گوڵ دیوار

بێریتە کەوتبوون

چاویان دەنوقاند هەسارەکان لێمان

بە ئالووسەوە

دەستییان بۆ ڕادەوەشاندین باڵندەکان و

تۆم بووی لە ئامێزا

بۆ دەوالی سینگ و مەمکت دەخزام و

دەخەجاڵی

ساواق هات و ساواق هات و ساواق

نەمزانی ئەمە گرمژنی دڵە یان هی ئاسمان؟

نەمزانی چ ڕۆژێکە خەریکە دادێ؟

نەمزانی ئەمە ئاواتی منن دەگۆڕمێن یان هەسارەکان؟

نەمزانی ئەمە گوڵانی منن دەشەمزێن یان دیوارەکان؟

نەمزانی باڵندەکان لە تێک قرمانی گارۆیان دەسوڕمێن

یان لە دابڕانی مە؟؟ نەمزانی نەمزانی نە...

من بەس زانیم ئەمە لەشی تۆ بوو

چڵکاندیان و

چڵکاندیان و

چڵکاندیان...

خەیاڵ

کە پڕ دەبێ لە هەست

ژووری قەڵەم

تۆ دێی بە بەر دەرکی خەیاڵمدا

خۆرهەڵاتی بیر

کە بوو بە زێدت

بوو بە گەبجاڕی شەپۆلی زوڵف

گڕی نیگام

لێی دەتکا

لە شاڵەکەت بۆنی بەهار

سەیرە گەلێک

دەرباز دەبم

لە گێڕانەوەت

تۆ بووی ...

بیابانێک ...

ئیتر تاهەتایە

ڕەشپۆش بوو چاوانی من.

هەوالنامەی کتێب





بەرهەم ٨

دە هایکۆ
وەفا فەرهەمەندی

١

دەستەکان جوانن
چەتر بۆ چوار وەرزی ساڵ
سێبەری چەپۆک

٢

ئاواتی باران لە هەورێکی نەزۆک
چارەنووس
دایکێکی دڵپڕ

٣

فکر بێ سنوور دەفڕێ
"قەفەس"
هیوای ڕاوچێکی گەمژە

٤

ئاوێنە ئاوێنە نابینێ
وەرگرتن
ڕازی دەرکەوتن

٥

بەرزتر لە هاواری زەنگ
هاواری بێدەنگ
نووسراوەیەک

٦

ڕازی عاشق و مەعشوق
باران
خەبەردار و بێ خەبەرێک

٧

بە تیشکی ئاڵای ڕەشەبا
خۆر هەڵنەهات!
مردن ئەستێرە و مانگ

٨

دێتە خوازبێنی گیانەکان
گوللـە
مارەیی مەرگ چەندە؟

٩

ویشکەساڵە
گۆڕەپانی دەریا
بیرەکان پڕ کەن لە ئاو

١٠

لامپی تاریکی هەڵکەن
کاتی کۆچ
شەرمنن پێخواسەکان



شینێ لە شمشاڵەوە

محەممەد ئەسەدی

سڵاوێ بەڕێز بە بەرزی باڵات
لە خەزائییەوە بۆ برای دوور وڵات

بۆ نامۆشکینە کۆی شەنگەسواران
مەکۆی زانیاری و مەکتەبی سۆران

مەکتەب و مەوتەن شاهانی قەڵەم
سەیدی و حەقیقی و هەژار و ئەفخەم

مەئوای زیرەکی بێ وێنەیی کورد
وا بۆ گەلی ژیا و وا بۆ گەلی مرد

یادێ ئەی وەتەن سەوزەی بە سۆزی
جێی شانازی بوو بۆ گەل و هۆزی

ئاوای نەوای نای نایەکەی نایە
ئەی سەربەتەم خۆم ڕنجم بەزایە

ئەوجار با هەستێ لە نەی ڕابگرین
ئەویش بۆ ئێمە و ئیمەش بۆو بگرین

ئەمن شمشاڵم پیشەم نامۆیە
هاودەمم ئاهە و بەرهەمم شینە

دڵم زامارە و دەروونم کەیلە
دەرد و زامەکەم هۆی دووری لەیلە

لە کۆچەر ماوێ لە خۆ بێزارم
ئاوری گەشاوەی کۆنە هەوارم

زامی سەختی من هۆی جوودائیمە
نەوای بی دادیم بێ نەوائیمە

ئاوای نەوای نەی نایەکەی نایە
ئەی سەر بەتەم خۆم ڕنجم بەزایە

ڕەفیقی خەمم دژی دیلانم
ئاوارەی شاخم هاودەمی شوانم

پەری ئەوینی ناسک خەیاڵم
پەیکی دوور وڵات مەکۆی هەواڵم

زادەی سروشکی زوخاوی دڵم
بڵێسەی ئاوری بە سۆز و کوڵم

برژانگی پاکی تیشکی هەتاوم
ساڕێژکەرەوەی زام و زوخاوم

نەوای بی نەوای نامۆی جودایم
ساز و سۆزی دڵ ڕازی تەنهاییم

ئاوای نەوای نەی نایەکەی نایە
ئەی سەر بەتەم خۆم ڕنجم بەزایە

گەڵای با بردووی زەردی پاییزم
دوور لە دییاران زیز لە ئازیزم

سازی ناسازی دیاری جوانیم
بووژێنەرەوەی ڕازی نیهانیم

نەعرەی هەوری ڕەش دەمەو بارانم
هەی هەی و هۆهۆی نا دیارانم

شینێ وا بە کوڵ هەروا بە هۆهۆ
نامۆیەک لە من و وا ئاهێک لە تۆ

دڵێک لە لامان دێتە سکاڵا
کە لەو ئاهێک دێ و لەمن سەد نامۆ

ئاوای نەوای نەی نایەکەی نایە
ئەی سەر بەتەم خۆم ڕنجم بەزایە

هەوارنامەی کتێب

گۆرانی فۆلکلۆر

بنەماڵەی جەوانشیر ـ سایین قەڵا

لە فۆلکلۆری کوردیدا جگە لە لای لایە ،کاتێ منداڵەکەیان لە لانکە دەردەهێنا بۆ ئەوەی کۆڵنجی بشکێ گۆرانییەکی شاد و ڕیتمیکیان بۆ دەچڕی
یەکێ لەو گۆرانیانەمان کۆ کردووەتەوە:

ئەمان ڕەشۆ کاکە ڕەشۆ
بێری بەربێری
پەستەک ڕەشی مەرەز نێری
بڵێ بە دایکت بێتەوە شوان و بەربێری

نی نی نی نی ناوە
شیلان بە ناو کراوە
خوا ئەو کوڕەی پێداوە
خەم لای دایە نەماوە
ئەمان ڕەشۆ کاکە ڕەشۆ
بێری بەربێری
پەستەک ڕەشی مەرەز نێریی
بڵێ بە دایکت بێتەوە شوان و بەر بێری

نی نی نی نی دڵ وگیان
بن کۆتەڵ و سەرخەرمان
دایکت پیرە و باوکت جوان
ئەمان ڕەشۆ کاکە ڕەشۆ
بێری بەر بێری

پەستەک ڕەشی مەرەز نێریی
بڵێ بە دایکت بێتەوە شوان و بەر بێری

تۆ بۆقیلەی بن ئاوێ
سەردەرکە لە تەنکاوێ
با ماچ کەم خاڵ و چاوێ
ئەمان ڕەشۆ کاکە ڕەشۆ
بێری بەر بێری
پەستەک ڕەشی مەرەز نێریی
بڵێ بە دایکت بێتەوە شوان و بەربێری


لەسەرملەی ترکاشا
کچان بۆت بکەن حاشا
بە کراس دەرپێی مەڕمەڕشا
ئەمان ڕەشۆ کاکەڕەشۆ
بێری بەربێری
پەستەک ڕەشی مەرەزنێریی
بڵێ بە دایکت بێتەوە شوان و بەر بێری

بەرهەم ٨

دیمانەیەک لەگەڵ شانۆکاری مەهابادی ئومیدخاکپوور

ئومید خاکپوور: شانۆی مەهاباد تووشی شێرپەنجە بووە و بەرەو نەمان دەچێت...

ئامادەکردنی: پێژمان ئیسماعیلنژاد



سالّی سێهەمی دواناوەندی بووم. لە ناو پۆل دانیشتبووم و لەگەڵ هاوپۆلەکانم چاوەڕێی هاتنی مامۆستا بووین. گەرمی قسەکردن بووین کە کامڕانی هاوڕێم بە هەڵاتن خۆی بە ژووری پۆلەکە داکرد و بە هانکەهانک گووتی: فلّانی فلّانی، زوو وەرە ئەو کابرایەی سەداوسیما هاتووە دەیهەوێ تێستی بازیگەری وەرگرێ. بەدووی‌دا هەڵاتم و خۆم گەیاندە نووسینگەی قوتابخانە... جەماعەتێکی زۆر لەبەر دەرکە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تێست وەرگرتن بوون. بە زۆری خۆم دەژووڕێ ڕاکرد. لەگەڵ مودیری قوتابخانە خەریکی گفتوگۆ بوون. سڵاوم لێکرد و لە پەنای ڕاوەستام. چەندجارم لە تەلەویزیۆن دیتبوو. ئاغای مودیر لێی پرسی کاکە دەتهەوێ ئەو کوڕانە بکەی بە چی؟؟ ولّامی داوە: ئەگەر خودا بیهەوێ دەبن بە بازیگەر... دەتکوت هەموو دونیایان بە دوو دەستی داوە بەمن. بۆ چرکەساتێک باڵم گرت و خۆم لەسەر لووتکەکانی سەرکەوتن بینی. بەدەنگی مودیر وەخۆ هاتمەوە کە گوتی: کاکە هەموتان پچن بۆ ژووری نەمازخانە بۆ تێست وەرگرتن..... تێست وەرگیرا...

هەر بەوشێوەی دەخۆم ڕادەدیت لەگەڵ کامڕانی هاوڕێم و دۆستێکی دیکە لە تێستەکە دەرچووین و پێی گووتین: لە ئێوارێڕا دەست پێدەکەین بە تەمرینات. ئێواری لەگەڵ ئەو دووکەسەی دیکە چووین بۆ سالّۆنی ئامفی تئاتری ئیدارەی ئیرشاد. لەوێ چاوەڕێمان بوو. بە بۆنی سالّۆنەکە دیسان چوومە دە فکرەوە و خەیالّاوی بووم....

دەو دواییانەدا دەچمە نێو هەر کۆڕێکی باس باس وییە و باس لەو شاکارەی دەکرێ کە لەگەڵ گرووپەکەی خولّقاندوویەتی...

هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەیکە بۆ دیمانەیەک بانگهێشتنی بکەم. بە دلّیکی گەورەوە وەریگرت و بە هاتنی خۆی بۆ ژووری ئەنجومەنی ئەدەبی گەورەی کردم. پەیوەندیم لەگەڵ دۆستی زێدە ئازیزم حوسێن عەزیزی گرت و داوام لێکرد لەو دیمانەیەدا هاوکارم بێت...

کاتژمێر:١٢ی نیوەڕۆ

شوێن: ژووری ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد

بەرامبەرم کاک حوسین عەزیزی و لە دەستی ڕاستم کەسێک کە بۆ هەمیشە منی قەرزداری خۆی کردووە و حەقی ئوستادی بە گەردنی من هەیە دانیشتووە، کاک ئومید خاکپوور.

هەوالنامەی کتێب

بەرهەم ٨

ئومید خاکپوور لە دایک بووی ساڵی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباده، ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆ، سەرپەرشتی گرووپی تئاتری ئەهووڕای مەهاباد و بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی نەمایشی شارستانی مەهاباده.

پ: کاک ئومید تکایە لە زمان خۆتانەوە خۆ بە خوێنەرانی گۆڤاری بەرهەم بناسێنن؟

و: بە نێوی خودا، من ئومیدی خاکپوور لە دایک بووی ساڵی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباد، دەرهێنەر و دەورگێڕی شانۆ، سەرپەرشتی گروپی تئاتری ئەهووڕای مەهاباد سپاستان دەکەم بۆ ئەو بانگهێشتنەتان.

پ: لە ساڵی چەندەوە کاری شانۆتان دەست پێکردووە؟

و: من شانۆکاریم لە ساڵی ١٣٧٥ دەستپێکرد. هەڵبەت پێش ئەوە من لە قوتابخانەش کارم دەکرد، هەر لەوێڕا هۆگری هونەری شانۆ بووم و دواتر لە ساڵی٧٥ هاتمە نێو گرووپە شانۆکارەکانی مەهاباد و ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستا ئیفتخاری وەم هەیە کە لە خزمەت هاوشاریانی خۆشەویستی مەهابادی و جامعەی تئاتری مەهاباد دابم.

پ: ساڵی ٧٥ هاتنە ناو کام گرووپ؟



و: گرووپی "آیینە" بەسەرپەرشتی کاک ئومید پەیڕەوی‌ئیسلام.

پ: چەندکارت لەگەڵ ئەم گرووپە کرد؟

و: ٤ ـ ٥ کار

پ: یەکەم ڕێنوێنت کێ بوو؟

و: لە ڕاستیدا یەکەم ڕینوێنم کەسێکی تایبەت نییە، من هەر جۆرەی عەرزم کردن سەرەتا لە قوتابخانەوە دەستم پێکرد. هەر لە منداڵییەوە ئەو شتەم لەخۆمدا دەدیت بۆ وێنە کاتێک فیلمێک یا شتێکم دەدیت دواتر بۆ خزم و کەسەکانم و زۆربەی هاوڕێکانم بازی دەکردەوە و قومارم دەکرد. دواتر کاتێک تەمەنم چوو سەرتر دیتم ئەوشتەی کە من هۆگریم پێیەتی شتێکە بە نێوی هونەری دەورگێڕان لە شانۆ و سینەما. دواتر من هاتمە نێو گرووپە شانۆکارەکانی مەهاباد. بەڵام ئەگەر بمەوێ وەک کەسێک کە بۆ هەوەڵجار زۆر بە جیددی کاری دەگەڵ کردم و ڕێنوێنی کردم، کاک ئومید پەیڕەوی‌ئیسلام بوو.

پ: کاک ئومید تا ئێستا لە چەند کاری شانۆدا دەورت گێڕاوە و دەورەکانت چبوون؟

و: من بەو شێوەی کە لەیادم بێ پتر لە ٢٢دانە شانۆدا دەورم گێڕاوە، لە١٣کاریشدا دەرهێنەر بووم و لە چەند کاراندا هەم دەرهێنەر بووم و هەم دەورگێڕ. لە بەشی دووبڵاژێش هاوکاریم هەیە لەگەڵ دەنگ و ڕەنگی مەهاباد. لە ٢ تێڵێتئاتریش بۆ کانالّی ٤ی دەنگی و ڕەنگی ناوەند دەورم گێڕاوە.

پ: چ شتێک بوو بە هۆی ئەوەیکە هەم دەرهێنەری بکەی و هەم دەورگێڕی؟

و: من سەرتا بە دەورگێڕی دەستم پێکرد، من دەگەڵ زۆر لە دەرهێنەران کارم کردووە و لەڕاستیدا کاری دەرهێنەرم زۆر ئاسان دەکردەوە و دەرهێنەر لە بابەت منەوە هەمیشە دڵنیا بوو. دوای چەند ساڵان بە پێشنیاری هێندێک لە دۆستان ویستم دەرهێنەریش بە ئەزموون بکەم. هەوەڵکارم کە وەک دەرهێنەر لە یاد مابێ ساڵی٨٢ شانۆنامەیەک بوو بە ناوی"خرس" نووسراوەی "حەمید ئەمجەد" کە لە فێستیوالّی ناوخۆیی مەهاباد هەوەڵ هاتەوە. ئەوە هۆیەک بوو کە من دەخۆم ڕابیبنم کە وەک دەرهێنەرێک کار بکەم.

پ: وەک دەرهێنەر چ کەسێک ڕێنوێنت بوو؟

و: ئەمن ڕێزم بۆ هەموو دۆستانیتر هەیە بەڵام یەکەم کەس کە دنیایەکی دیکەی بە من نیشاندا لە دەرهێنەریدا دۆستی خۆشەویست و مامۆستای بەڕێزم کاک "بەختیاری پەنجەیی" بوو.

پ: دەکرێ ئاماژە بەو پلەوپایانە بکەی کە تا ئێستا بووی بە خاوەنیان؟

و: وەڵڵا ئەگەر ڕاستیت بوێ تاقتاق لە یادم نییە. بە لوتفی خودا و هاوڕێکانم توانیومە وەک دەورگێڕ و وەک دەرهێنەر ٥ دیپلۆمی ئیفتخار بەدەست بینم. هەوەڵی لە ئەکتەری، هەوەڵی لە دەرهێنەری و لە پلەی دووهەمی و سێهەمیشدا پتر لە ١٤دانە پلەم هەیە. لە بەشی تەڕاحی سەحنەش چەنددانە پلەم بەدەست هێناوە کە دواهەمینیان هەر ئەو شانۆی سروودی سەتەهەزار ئۆفیلیای ئەویندار بوو. لە چەندین فستیوالّی شارستانی و ئۆستانی و مەنتەقەییدا بەشدار بووم و بە لوتفی خودای دوو جاریش بەشداری فستیوالّی نێونەتەوەیی فەجری تاران بووم. شتێکتان عەرزکەم، ئەمن وەک ئومیدیخاکپوور دەڵێم: ئێمە لە ئێراندا ئەگەر هەڵە نەکەم هەوەڵین گرووپ بووین کە شانۆمان بە زمانی کوردی لە فستیوالّی نێونەتەوەیی فەجری تاران بردە سەر سەحنە.

پ: ئەوەندەی من ئاگادار بم پێوەبێ کێشەی دەقی شانۆنامەی کوردیت هەیە؟

و: بەڵێ کاکە ئەوە ڕاستە. ئاماژەتان بە خاڵیکی زۆرگرینگ کرد. ئەوەی ڕاستی بێ ناتوانین پیی بڵێین کێشە، ئێمە لە دەقی شانۆی کوردی زۆر فەقیرین، لە فەقیر ئەوبەرتر دەبێتە چی؟

پ: مالّ وێرانین؟

و: بەڵێ بەڕاستی مالّ وێرانین. هەر هیچمان نییە... بەداخەوە نازانم بۆ دەستبەقەڵەمەکانمان نانووسن؟ بە تایبەت ئێستا کە فستیوالّی کوردی هەموو ساڵێ بەڕێوە دەچێ. ئێمە شانۆکارەکان پێویستیمان بە دەقی کوردی هەیە. من هەر لێرەوە بە نووسەرە بەڕێزەکان دەڵێم: ئەی هاوار دەقی کوردیمان نییە، بۆ نانوسن؟

هاوڕێنامەی کتێب

بەرهەم ٨

پ: تۆ خۆت کە ئاوا پێویستیت بە دەقی کوردی هەیە تا ئێستا دەستت بۆ قەڵەم بردووە کە شانۆنامە بنووسی؟

و: نەخێر، بەداخەوە تا ئێستا ئەو حەولەم بۆ نەداوە و ئەو تواناییەشم لە خۆمدا نەدیتووە. بە ڕای من شانۆنامە نووسین شتێکی زۆر تایبەتە و تەخەسوسی زۆر باشی دەوێ و کاری هەموو کەسێک نییە و بە بڕوای من هەرکەس دەبێ بەپێی توانایی خۆی کار بکا و برواتە پێشێ.

پ: نەختێک باسی گرووپەکەتمان بۆ بکە... لە چ ساڵێک ئەم گرووپە دامەزرا؟

و: ئێمە ئەو گرووپەمان لە ساڵی ٨٠ پێکهێنا من خۆم وەک سەرپەرشت چەن کەس لە هاوڕێکانم لە دەوری یەک کۆ کردەوە کە پێویستە لێرەوە سپاسیان بکەم وەک کاک مێهران فەقری و ئەمیر محەممەدشاهی کە تەمەنیان لە من زۆرتر بوو و زۆر پێشتر لە من کارییان کردبوو. دۆستانیترین وەک کاک ئیبراهیمی بوومی کە هاوتەمەن بووین، ڕێزیان لە من نا و منیان بە سەپەرشت هەڵبژارد. ئیتر ئێمە لە ساڵی٨٠وە بەردەوام بووین و لە هەموو فستیوالّەکان بەشدار بووین. بە شانازییەوە ئێمە لە ئێراندا لە هەوەڵین گرووپەکان بووین کە سەبت بووین و پلەی "ب"مان وەدەست هێنا کە شارەکانی دەوروبەرمان تەنیا دەیانتوانی پلەی"ج" وەدەست بێنن.

پ: گرووپەکەتان چەند کەسە؟

و: لەڕاستیدا ئێمە بە فەرمی ٣٥ کەسین بەڵام بە لانی زۆرەوە هەر ١٠ کەس خەریکی چالاکین و بەردەوامن.

پ: بۆ وەیکە چرای شانۆی مەهاباد دە دواڕۆژدا نەکوژێتەوە و دوای ئێوەش کەسانێک هەبن کە کاری شانۆ بکەن، چ کارێکتان کردووە کە گەنجان بۆ لای شانۆ ڕاکێشن؟

و: کاک پێژمان وەک خۆت ئاگاداری من لام زۆر گرینگە کە چرای ساڵۆنەکان هەمیشە هەڵکرابێ، هەر بۆیەش من زۆر سەردانی قوتابخانەکەن دەکەم و لەو کەسانەی کە دەتوانن کاری شانۆ بکەن بانگهێشتن دەکەم. دواتریش بۆ وەدەستهێنانی ئەم گرینگە بەتەماین تا ماوەیەکیتر بانگەوازێک بڵاوکەینەوە و داوا لە هۆگرانی شانۆ بکەین کە بەشداری کلاسی فێرکاری دەورگێری بن.

پ: کاکە جەنابت چەند ساڵ بەرپرسی ئەنجومەنی نەمایش بووی؟

و: من بۆ ماوەی ٩ساڵ بەرپرسی ئەنجومەنی نەمایش بووم.

پ: بە هەڵبژاردن دەبوون بە بەرپرس یان ئیدارەی ئیرشاد ئەو ئەرکەی بە ئێوە دەسپارد؟

و: لە حەوت ساڵی سەرەتاییدا بە پێی هەڵبژاردنێک کە لە نێو هونەرمەندان دەکرا من هەڵدەبژێردرام بەڵام لە دووساڵی کۆتاییدا ئیدارە خۆی ئەو ئەرکەی بە من سپارد کە من هەڵبژاردنم زۆر پێ باشترە. چوون شانۆکار و هونەرمەندەکان باشتر لە ئیدارە ئەو کەسانە دەناسن. هەر لێرەوەش داوا لە بەرپرسی ئیدارە دەکەم ئەم شێوە داسەپاندنە لاچێ و بێتەوە سەر ڕەوالّی پێشووی خۆی.

پ: بەڕێوەبەری ئێستای ئەنجومەنی نەمایش چالاکی هەیە؟

و: داوای لێ بوردنت لێدەکەم ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ وڵامی ئەم پرسیارە نەدەمەوە.

پ: لە دواییین کارتدا پەیوەندیت لەگەڵ بەرپرسانی شار چۆن بوو؟یاریدەرت بوون؟

و: بەڵێ، ئێمە لە دواییین کارمان بە نێوی"سروودی سەت هەزار ئۆفیلیای ئەوین‌دار"نووسراوەی دوکتور قوتبەددین‌سادقی کە لە یازدەهەمین فستیوالّی شانۆی کوردی بەشدار بوو، بۆ هەوەڵین جار لە مەهاباد یارمەتێکی باشمان لە شووڕای شار دیت کە زیاتر لە بواری مەعنەوی بوو وە ئەوە بۆ ئیمە زۆر دڵخۆشکەر بوو. شاندێک لە شووڕا کە بریتی بوون لە: سەیدرەئوف سەیدی، سەیدڕەسوڵ نەبەوی، کاک کامران یەزدانفەر و خاتوو کوردستان خۆشی بە هاوڕێی مەهەندیس سەلاح کوردستانی هاتن بۆ بەدرەقەمان، لەو چەند ڕۆژەی فستیوالّدا بەردەوام دەگەڵمان لە پەیوەندی دابوون. دواتر بۆ گەڕانەوە هاتن بۆ پێشوازیمان و پیرۆزباییان پێکوتین. شووڕا ٢ ماشێنی لە ئیختیار ئێمە نابوو، نزیکەی یەک میلیۆنیان یارمەتی داین بە گشتی سالّەکانی‌تر ئەوە نەدەدیترا، سەرکەوتنی ئێمە بەشێکی زۆری هۆی دڵگەرمی و پشتیوانی وان بوو.

پ: باست لە ئیدارەی ئیرشاد نەکرد وەک لایەنی پەیوەندیدار؟ئەوان یاریدەرت بوون؟

و: باسی ئیدارەی ئیرشاد نەختێک جیاوازە، من بە هۆی نزیکی لە گرفتەکانیان دەگەم کە ئەوەش پەیوەندی بە ئیدارەی کول و وەزارەتخانەوە هەیە. ئەو ئیمکاناتەی لە دەستیان دێ بۆ ئێمەی فەراهەم دەکەن وەک کەرەسەی ڕووناکی و سالّۆن و شتی‌وا... بەڵام ڕەنگە بۆخۆشت باش بزانی ئێمە ئەگەر بە هیوای ئیدارە بین کە یارمەتی مالّیمان بدا بەخودای هیچ کارێکمان بۆ ناکرێ.

پ: وەک گرووپیش بودجەتان بۆ تەرخان نەکراوە؟

و: بەڕێوەڵّا بەڵام ئەوەندە کەمە بۆوەی نابێ باسیشی بکەی.

پ: با بچینەوە سەر کارەکانت؛ کارەکانت دەو دواییانەدا هەر باس لە شەڕ دەکەن بۆ وێنە: ئاژاکس، پەروانە بەرناقوس، مانگە شەو و دەو دواییانەشدا سروودی سەت هەزار ئۆفیلیای ئەویندار کە سەرکەوتووش بووی. لێرەدا پرسیارەکەم ئەوەیە، بۆ شـەڕ؟؟؟

و: پرسیارێکی باش و گرینگە، تەنیا شتێک کە دنیای شلّەژاندووە چییە؟شەڕە... وە ئێمە لە شانۆکانمان‌دا باسی بێزاری لە شەڕ دەکەین کە شەڕ چەندە مالّوێرانکەرە و ئێمەی کورد چەندە لە شەڕ بێزارین.

پ: بابەتێک کە لەزۆرجێگایان وەک خاڵێکی ئەرێنی باسی لێدەکەن ئەوەیە کە کارەکانت دایمە دوور لە پەڕاوێز و حاشییەن. بەڵام هەر لە مەهاباد کەسانی‌تر کە دەیانهەوێ کار بکەن بە دەرگایەکی داخراو دەگەن و دەچنە ناو پەڕاوێزەوە. کێ ئەو پەڕاوێزانە ساز دەکا کە لە بەرامبەر تۆدا توانای نییە؟یان بۆ توانای نییە؟

هەواڵنامەی کتێب

و: ئەوەی پاستی بێ کاتێک من دەمهەوێ کارێک دەست پێبکەم بە هەموو هاوکارانم دەڵێم کە ئێمە بۆ ئەوەی کە کاری شانۆ بکەین دەبێ لە هەموو شتێکی خۆمان مایە دانێین کە تا ئێستا دامانناوە پەس کەوایە کاتی وەمان نییە وەدوای حاشیە و گرفتیتر کەوین وە ئەگەر وەدوای شتیوا کەوین دەرگای کاری ئێمەش دادەخسترێ. دواتر من ئەوەندە مودیرییەت لە خۆمدا شک دەبەم کە نەهێڵم کارەکەم حاشیەی بۆ ساز بێ.

پ: پێم خۆشە نەختێک باس لە گرفتەکانی تری شانۆی مەهاباد بکەین، وەک بۆخۆم لە نزیکەوە ئاگادارم لە بواری بازیگەری کچدا هەمیشە گرفتان هەیە. تۆ بازیگەری کچی زۆر باشت پەروەردە کردووە و ناویان دەرکردووە بەڵام ئێستا کار ناکەن. بۆ بازیگەری کچی مەهابادی زۆر نامێنێتەوە و دەست لە شانۆ دەکێشێتەوە؟

و: ئاماژەت بە خاڵێکی زۆر گرینگ کرد... لەڕاستیدا ئەوە تەنیا کێشەی شانۆی مەهاباد نییە، لە هەموو شارە بچکۆلەکان ئەو شتە بەدی دەکرێ. بەشێکی زۆری ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە سەر خۆمان کە حەولمان بۆ نەداوە و دە پێشدا خۆم بە خەتابار دەزانم، دواتر کۆمەڵگای ئێمە سوننەتی بیر دەکاتەوە. بنەماڵە دەڵێ ئەو کچەم ڕەنگە قسەی بێتەوە سەرێ، یان دەبینی ئەو بازیگەرە شوو دەکا و ئەوجار لە ماڵە مێردەکەی ئیزنی پێنادەن و ناکۆکی ساز دەبێ. پەس دەڵێم: ئێمە، بنەماڵەکان، بەرپرسان، هەموومان خەتابارین لەسەر ئەو گرفتەی کە ساڵهایە دەستەویەخەی شانۆی مەهاباد و فەرهەنگسازی بۆ نەکراوە.

پ: باشە ئێمە دەڵێین شانۆ دەیهەوێ فەرهەنگ سازی بکا، بۆ دەیان‌ساڵە ئەو کارەی نەکردووە بۆ وەیکە لانیکەم کێشەکانی خۆی چارەسەر کا و بازیگەری کچی هەبێ؟

و: بۆ وڵامی ئەو پرسیارەت وەک ئومید خاکپوور دەڵێم: من خەتابارم لە پێش هەموو کەسدا. ڕاستە من کەمکاریم کردووە و بەڵێنیش دەدەم ئەوساڵ حەتمەن ئەو کارە بکردرێ وە من بە بنەماڵەکانیش دەڵێم جێگایەک کە ئیشی شانۆی لێ دەکردرێ جێگایەکی پیرۆزە و فەزایەکی زۆر ساڵمە، دواتریش ئەو خانمەی کە کاری شانۆ دەکا ڕەفتاری لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا باشتر دەبێ پەس دڵنیا بن لە ناردنی منداڵەکانتان بۆ شانۆ.



پ: بۆچوونت سەبارەت بە ساڵۆنەکانی مەهاباد چییە؟

و: ئێمە لە مەهاباد شوێنێکی ئیختساسیمان نییە بۆ کاری شانۆ کە وڵامدەرەوەی ئێمە بێ. بۆ شنۆ دوو جورە ساڵۆن بەکار دێ، یەکیان ساڵۆنی"قاب عەکسی"و ئەوی تر "پلاتۆ"یە، ئێمە جارێ پلاتۆمان هەر نییە، بەڕاست زۆربەی شانۆنامەکان بۆ پلاتۆ نووسراون یانی دەبێ لە پلاتۆ ئیجرا بکردرێ، ئیمە دێین لەسەر قابعەکسی ئیجرای دەکەین کە گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە. ساڵۆنی ئیدارەی ئیرشاد و سازمان تەبلیغات چکۆلەیە، ساڵۆنی وەحدەتیش ئەگەرچی ساڵۆنیکی زۆر ڕێکوپێک و گەورەیە بەڵام بۆ کاری شانۆ نابێ، هیوادارم ئەم گرفتە بە زووترین کات چارەسەر بکردرێ.

پ: بارودۆخی شانۆی سەرشەقامی مەهاباد چۆن دەبینی؟

و: لە ڕاستیدا شانۆی سەرشەقاممان نییە،چوون جێگاکەیمان نییە. بڕیار وابوو جێگایەک دابین بکردرێ بۆ شانۆی سەرشەقام کە بڕێکیان کار لەسەر کرد و بە نیوەچڵی بەجێیانهێشت.

پ: بە گشتی داهاتووی شانۆی مەهاباد چۆن دەبینی؟

و: سەبارەت بەو پرسە بیر و بۆچوونێکم هەیە کە یارەببی هەڵە بێ، بەڵام بەڕای من شانۆی مەهاباد وەک کەسێک وایە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و ئەگەر هەروا بڕواتە پێشێ و لە فریای نەگەن وردەوردە بەرەو نەمان دەچێت و هەر چەند ساڵی‌تر زیندوویە، جا هەر بۆیەش ئیشەڵڵا هونەرمەندان و بەرپرسانی شار و کۆمەڵگای ئێمە دەست بدەین بە دەستی یەک بۆ وەیکە شانۆی مەهاباد لەو دەردە پیسە ڕزگار کەین، ئیشەڵڵا.

پ: وا زوو بە هیوای ماڵئاوایی لە شانۆ بکەی؟

و: (بە پێکەنینەوە) ڕەنگە زۆر کەس بە ئاوات بێ کە من ماڵئاوایی لە شانۆ بکەم لە پێشدا بنەماڵەکم کە ئێستاش لە شانۆ کار بوونی من ڕازی نین و دەیانهەوێ وەدوای ژیانی خۆم بکەوم و هاوسەرگیری بکەم... بەڵام من لێرەوە ڕایدەگەیێنم کە من ئومید خاکپوور تا ئەو ڕۆژەی هەناسە بکێشم و هێزم بمێنێ شانۆ بەجێ ناهێڵم تەنانەت ئەگەر لەسەر ویلچێریش بڕۆم. شانۆ لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە.

پ: وەک دواپین وتە بۆ خوێنەرانی بەرهەم؟

و: من پڕ بەدڵ سپاسی بنکەی موکریان دەکەم کە بەڕاستی زۆریان ئاگا لە ئێمەیە، هەروەها سپاسی ئێوەش دەکەم کە ئەوڕۆ ڕێزتان لەمن نا و گەورەتان کردم.

پ: سپاس کاک ئومیدی بەڕێز کە کاتی بە نرخی خۆت دا بە ئێمە و شانازیت پێبەخشین.


هەولێر کتێب

بەرهەم ٨

دیمانەیەکی بلاونەکراوەی بەرهەم لەگەڵ خودالێخۆشبوو کانەبی نایەژەن

(1313 ــ 1392 هەتاوی)

ڕێکەوتی دیمانە: ١ی بانەمەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی



_ تکایە خۆتان بناسێنن...

* ئەمن کاک نەبی خزری مەشهوور بە کانەبی، وەلەدی ساڵی ١٣١٣ لە دێهاتی دەوەشاری بۆکان، کوڕی هەباسە خڕە کە وەختی خۆی بەیت بێژێکی ناسراو و ئوستاد بوو. ئەمن بۆخۆم لە ئاوایی کامەم نێوم دەرکردووە، چوون لە دەوەشاری فەقیر و هەژار بووین و لەگەڵ برایەکم بۆ ئەوەی سەربازی نەکەین وێڕای بنەماڵە ڕوومان لە کامەمی کرد. ئەو دەمی دایک و بابم مابوون و بابم بەیت بێژێکی حێرفەیی بوو، زۆربەشی عومرم لە کامەمی بووم و لەوێ موچە و مەزرامان هەبووە و دە منداڵم بوون هەمووی لە کامەمی بە وەلەد بوون.

ـ مامۆستا چۆن بوو دەستان دایە نایە و تا چ ڕادەیەک هۆگری ئەم هونەرە بوون؟

* عەرزت بکەم ئەمن لە دەوەشاری حەوت ساڵان چوومە بەر مەڕی، ئەو دەمی شمشاڵم لێدەدا کە هاتینە کامەم نایەم هەڵگرت ئەو دەمی نایە و ئامێری دیکەی مۆسیقا کەم بوون، خانەندە گەورەکان وەک ئاغای ماملێ لەگەڵ چەند ئامێری وەک زەرب و تار و کەمانچە کاریان دەکرد، ئەو خانەندانەی نەختێک پایینتریش بوون ئامێریان لەگەڵ نەبوو، ئەوان لەبەر یەکیان دەگێڕاوە. زۆر داوەت دەۆڵ و زۆڕنای لێدەبوو. ئەمن لە شمشاڵی ڕا فێری نایە بووم. تەشویقی جەماعەتیش هێندەی دەمبیستەوە بوو بە باعیس. ئەمن ئوستادی نایەم نەبووە پێم وایە بە تەشویقی خەڵکی سەرکەوتم و ئەو کاتیش کە نایەم دەست پێکرد تازە هاتبووینە مەنتیقەی کامەمی و ژنم هێنابوو بەڵام منداڵم نەبوو.

_ بۆ شمشاڵیش مامۆستاتان نەبووە؟

* ئوستادی شمشاڵم هەبووە، غەفوورە خڕەیەک هەبوو ماڵی لە بۆزەی محاڵی بوو، یەکی چکۆڵەی چاوشین بوو ئەمن شمشاڵی لەوی فێر بووم. گوێم لە شمشاڵی قادری مینەی مرادیش بووە کە خەڵکی مشیرابادی کن سەلاوڕەحیم خانی بوو، ئەوانە ئوستاد بوون.

_ باوکتان چی، مامۆستایەکی تایبەتی هەبوو بۆ فێری بوونی ئەو بەیتانەی دەیزانی؟

* ئەو لە کن دوو کەسان بە ناوەکانی خەڕناڵ و هەڵکەتیو کە خەڵکی شاروێرانی بوون لە ماوەی حەوت ساڵان فێری ئەو بەیت و حەیرانانە بووە. زەمانی بابم زەبت و دووربین نەبوو دەنگی لێهەڵگرنەوە هێندێک کەس دەهاتنە لای شتیان لێ دەنووسێوە یان عەکسیان دەگرت وەک حوسێنی مەدەنی یان ماڵە سەییدیان و ئەیووبیان.

_ تا ئێستا لەگەڵ کام هونەرمەندان کارت کردووە و نایەت بۆ لێداون؟

* وەڵڵا نایەم بۆ زۆر کەسان لێداوە، سەید عەبدوڵڵای بورهانی کە شاعیرێکی ئوستاد بوو، محەممەدی خەلیل شای، سەیدڕەحمانی حاجیاڵیکەندی، عەلی خەندان، حوسێن شەنگە، کەریم تاتەری، عەزیزی عەلێ خڕەی، شەریف، حوسێنی مەحموود شەشەی، برایمی قادری، ڕەسووی نادری، محەممەد خەڵیفانی، مەلا حوسێن، ماملێ، عەزیز شاروخ، تاهیر خەلیلی، سەید برایم سەقزی، عەلی حەکیمی و کوێخا ڕەسوو و...



_ چۆن چاو لە هونەرەکەتان دەکەن؟

* عەرزی خدمەتت دەکەم عەلاقەشم پێی بووە و دەراماتیشی بۆ من هەبووە.

_ وا هەبووە لە شوێنێک نایە بۆ کەسێک لێبدەن و تا ئێستا گوێتان لە گۆرانییەکە نەبووبێ؟

بەڵێ، چوون تەمرینم زۆر بووە دێتوومەتەوە، دەنگی وایە باڵایە دەبێ بتوانی لە باڵا کار بکەی، دەەنگی وایە وەسەتە دەبێ لە وەسەتێ کار لەگەڵ ئەو خانەندەیە بکەی، دەنگی وایە زۆر پایینە دەبێ بتوانی لەوێش کار بکەی، دەنگی وایە لەو سێ قامکانەی سەری دەیبینمەوە، دەنگی وایە لە نێوەڕاستێ و دەنگی واشە لە ئاخری قامکەکان، بە هەر جۆرێک بێ دەبێ جوابی خانەندەکە بدەیەوە.

_ بۆ بین خواردنەوەش تەمرینێکی تایبەتیتان هەبووە؟

* بین خواردنەوەم ئاوا بوو، لە بەر مەڕی ئاوم لە جامێک دەکرد کڵۆشی گەنمی کە کوون بوو و باریک بوو لە جامەکەدا فووم تێدەکرد، فوویەکەم هەڵیشدەکێشا، ئەگە ئاوەکە بڵقەی نەدابا ئەوە نیشانەی ئەوە بوو بینم نەخواردەتەوە، ئەگە بڵقەی دابا ئەوە بینم خواردبۆوە.

_ تا ئێستا لە شوێنێک وتوویژتان لەگەڵ کراوە یان بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی بوون؟

* لە هەولێر مامۆستا وریا وتوویژی لەگەڵ کردووم لە سلێمانیش مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، پێش ئینقلابیش هاتووچۆی فەرهەنگ و هونەرم دەکرد و زۆربەی کارەکانم لەوێ زەبت دەکران، هەر ئەو دەمی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان دەیاننارەدین بۆ مەراسمات لە شارەکانی ئێران وەک کرماشان و بابول و .... ئێستا جارجارە تیکە تیکە نایەی من لە ڕادیۆ بڵاو دەکرێتەوە.

_ ئەو ئامێرانەی دەیانزانن ناویان چییە؟

* شمشاڵ، نایە، قەرەنەی، نەی، تووزەلە، تووتەک و بە گشتی ئەو سازانەی لەم جۆرەن.

هەوالنامەی کێبڕکێ

_ لە تەواوی ئەو سازانە زیاتر حەزت لە کێهایانە؟

* شمشاڵ.



_ ئەی چۆن بوو وازت لێ هێنا؟

* چوون نایە دەراماتی بۆ من تێدابوو.

_ بێجگە لەوەی کە دەراماتی تێدابوو چ شتێکی دیکە بوو بۆ هۆکار؟

* ئەو دەمی نایە کەم بوو ئەوەی لێشی دەدا نەیدەزانی و بە دێیاندا دەگەڕان، ئەمن دەمزانی ئەوانە نازانن لێیدەن، عەلاقەشم پێی بوو و پاشان کە کەوتمە داوەتان و تەشویقی خەڵکیشی لە دوا بوو و ئاغاکانی عێراق و ئێران دەعوەتیان دەکردم ئیدی دەستم لە نایە هەڵنەگرت.

_ داوەتی قەدیمتان زۆر دیوە ئەودەمی چۆن بوو؟

* ئەمن داوەتم تا ۱۵ ڕۆژان دیوە.

_ دەتوانن زیاتر باسی لێبکەن؟ چۆن ۱۵ ڕۆژ بوو و ئی کەسێکی تایبەت بوو؟

* عەرزت بکەم هەر دوور نەڕۆین عەلی ئاغای بەیتاسی... داوەتی ئەو، پازدە ڕۆژان داوەتمان بۆ کرد، دوای ئەو پازدە ڕۆژە چووینە داوەتی گوێچکە دەرێ ئی کوڕی هەمزاغای باپیراغای ئەویش پازدە ڕۆژ بوو و بەم دوو داوەتە یەک مانگی پێچوو.

_ لە ماوەی ئەو ۱۵ ڕۆژەدا کەسێکی تایبەت گۆرانی دەگووت؟

* نا، زۆر بووین ئەمن لەگەڵ کاک ڕەسووی نادری و سالّە بۆکانی بووم و دەستەیەکی دیکە حەسەنە کەچەڵ و مستەفای ئیفتیخاری بوون و چەندین کەسی دیکە، خانەندەی ژوورێش ماملێ و مەلاحوسێن بوون. جا بە وەخت بوو هەر خانەندەیەی لە ڕۆژێکیدا سەعاتیان بۆ دیاری دەکرد کە چەندی بڵێ.

_ زۆر سوپاس مامۆستا گیان کە وڵامی پرسیارەکانی ئێمەتان داوە.

* دەستی ئێوە خۆش بێ کە زەحمەتتان کێشاوە.

سەرچاوەی وێنە: مامۆستا سەلاح خزری

بەرهەم ٨

هەڵبژاردنی ساڵانەی بنکەی موکریانی مەهاباد

بەپێی ڕاگەیەنراوی پێشووی بنکەی موکریانی مەهاباد، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٩٣/٥/١ هەڵبژاردنی ساڵانەی ئەم ناوەندە بە بەشداری چالاکانەی ئەندامانی بنکە کاتژمێر ٥ی ئێوارە دەستی پێکرد.

سەرەتا ئەندامانی دامەزرێنەری بنکە هەرکام لە بەڕێزان غەفوور پیرزادە و جەلال پوورحەسەن وێڕای بەخێرهێنانی گشت ئامادەبووان سرنجی بەشداربووانیان بۆ خاڵە گرینگەکانی ئەم کۆڕە ڕاکێشا. پاشان چەند کەس لە ئەندامان وەک پاڵێوراو دەستیان بەرز کردەوە و ناوەکانیان لە سەر وایتبۆرد نووسرا و هەر کام لە ٥ خولەکدا باسیان لە گەڵاڵە و بەرنامەکانیان کرد بۆ یەک ساڵی داهاتووی بنکە. کاتژمێر ٥:٣٠ دەرگای بنکە داخرا و بەرگەی فەرمی هەڵبژاردن لە نێوان ئەندامانداً بڵاو کرایەوە. پاش کۆکردنەوەی دەنگەکان ئەندامانی دامەزرێنەر وێڕای بەڕێزان دکتور خالەق جەلیل نیژاد و کاک هیوا قارەمانی و خاتوو زێنەب بابایی وەک چاوەدێری هەڵبژاردن بۆ خوێندنەوەی دەنگەکان و متمانە لە دروست بوونی دەنگەکان ئامادە بوون.
ئاکامی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بوو: (کۆی بەشدار بووان ٤٤ کەس)

١. پێژمان ئیسماعیل نیژاد ٢٢ دەنگ
٢. ڕەسوڵ ئامادەپوور ٢١ دەنگ
٣. عەلی عەبدالّی ٢١ دەنگ
٤. ماپەرە لاهیجانی ٦ دەنگ

بەم چەشنە هەڵبژاردنی بەڕیزان ڕەسوڵ ئامادەپوور و عەلی عەبدالّی بە هۆی یەکسان بوونی ڕێژەی دەنگەکان کەوتە دەورەی دووەم و ئەم ئاکامەشی لێکەوتەوە:

١. ڕەسوڵ ئامادەپوور ٢٨ دەنگ
٢. عەلی عەبدالّی ١٤ دەنگ

بنکەی فەرهەنگی هونەری و ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئاکامی هەڵبژاردنی قۆناغی ٩٤/٩٣ بەم شێوەیە ڕادەگەیەنێ:

١. پێژمان ئیسماعیل نیژاد ـــــ بەرپرسی بنکە
٢. ڕەسوڵ ئامادەپوور ـــــ جێگری بەرپرس

هەر لەم کۆڕەدا بە پێی هەڵبژاردن ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەرهەم دیاری کران کە بریتین لە بەڕێزان: ڕەسوڵ ئامادەپوور، عەلی عەبدالّی، زانکۆ خەلیفە. هەروەها ئەرکی مودیر مەسئولی ئەم گۆڤارە درا بە بەڕێز هەرمان وەتمانی.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بەرهەم ٨

ڕێزلێنان لە بەڕێوەبەرانی قۆناغی 93/92 بنکەی موکریانی مەهاباد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 15ی گەلاوێژی ساڵی 1393ی هەتاوی لە کۆتایی کۆڕی حەفتانەدا کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی نوێ بەڕێزان پێژمان ئیسماعیل نیژاد و ڕەسوولْ ئامادەپوور بەڕێوە چوو، بە بۆنەی یەک ساڵ تێکۆشانی ماندوو نەناسانەی بەڕێزان هەرمان وەتمانی و شەویار گولابی ئازەر وەک بەڕێوەبەرانی قۆناغی 93/92 ڕێزیان لێ گیرا.





دامەزراندنی کوڕی کارگای داستان

دوای چەند ساڵ، لەم دەورەیەدا جارێکی‌تر کۆڕی کارگای داستانی بنکەی فەرهەنگی و ئەدەبی هونەری موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) ئاوەدان کرایەوە. ئەم کوڕە ڕۆژانی دووشەممەی هەر حەفتە لە شوێنی ئەنجومەن کاتژمێر 4 تا 6ی ئێوارە بەڕێوە دەچێ.

کۆنفڕانسی "زمان، جەهان، زەمان لە شێعری گۆرانی ئاشقێکی ون"دا

ئاڕاستە کردنی: هیوا قارەمانی



هەواڵنامەی کێبڕکێ

کۆنفڕانسێک لە سەر "زمان، جەهان، زەمان لە شێعری گۆرانی ئاشقێکی ون"دا ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانان ١٣٩٣ی هەتاوی بە پێی گەلاڵەکانی داڕێژتراو دانیشتنی ئەو جارەی کارگای چیرۆک تەرخان کرابوو بە بەڕێوە بردنی کۆنفرانسێک لە ژیر ناوی ((زمان، جەهان، زەمان لە شێعری گۆرانی ئاشقێکی ون‌دا)) کە لە لایەن بەڕێز کاک هیوا قارەمانی بەڕێوە چوو لەو کۆنفرانسەدا کە هێندێک لە ئەندامانی بنکە و میوانانی بانگهێشتکراو تێیدا بەشدار بوون سەرتا لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامە فریا قادری وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان ئاماژە بە کورتەیەک لە ژیان و چالاکییەکانی هیوا قارەمانی کرا و پاشان تریبون بە دەستی بەڕێزیان سپێردرا و ئەویش سەرەتا لێدوانێکی لە سەر هەڵبژاردنی مێتۆدی خۆی بۆ خوێندنەوەی شێعری "گۆرانی ئاشقێکی ون" کرد و داوای لە کاک عەبدوڵڵا گوڵابی کرد بە پێشکەش کردنی شێعرەکە درێژە بە باسەکەی خۆی بدات. بەڕێزیان بۆ شیکردنەوەی پتری مێتۆدی ئاماژەپێکراو لە داڕشتنی وتاری "زمان، جیهان و زەمان"ی خۆی، بە پێویستی زانی بەچەند هۆیان، بە تێر و تەسەلی پێشفەرزەکانی ئەو داڕشتە باس لێبکا کە یەک لە گرینگترین هۆیەکان، نوێبوونی وەها بابەتگەلێک لە شکڵی کۆنفڕانس و وتار و ...دا کە پاڵ وە تەئویلی دەق لە شێوازی هێرمێنۆتیکیدا بە مێتۆدۆلۆژیەکی فێنۆمێنۆلۆژیکاڵ دەدا، باسەکەی خۆی لە ئاماژەیەک بە ئەوەکە لە سەدەی بیستەمڕا بەو لایە کێشەی

بەرهەم ٨

زمان لە باسوخواسە فەلسەفییەکانداا لە هەمان میحوەرییەت بەرخورداڕە کە دوو سەدە بەر لەئێستا مەفهووومی ئەندیشە، یان ((ئەندیشەی لەسەرخۆ ئەندیشەگەر)) هەیبوو، درێژەی بە باسەکەی خۆیدا و لە درێژەدا بە ئاماژە بە پرسیارێکی سەرەکی دنیای مۆدێرن کە پرسیارێکە بە نێوانجیگەرایەتی زانستی نوێ گەڵاڵە کراوە کە بریتی لەوەیە کە بە چتۆ شێوەیەک چەشمەندازی سروشتیانەی ئێمە لە جیهان، یانی ئەزموونی ئێمە لە جیهان کە لە گەڕیانی ڕابواردنی ژیانمانڕا وەدەستدێ لەگەڵ ئەو ئیقتیدارە خەوشهەڵنەگر و نەناسراوەی کە لە پەیڤی زانستی نوێ کەوتووەتەوە و دەکەوێتە، پێوەندی چێدەکا؟ ئەوجار ناوبراو بەوردی بە پەیڕەوێکردن لە ئەندێشەی هایدگێر بە تایبەت کتێبی"هەبوون و زەمان "sein und zeit" " باسی شێوازی هەبوون "ئێگزیستانس" ی هێنایەگۆر و بەو پێیە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، هەردوو دازاینی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی لە شێوازی زەمانمەندی خۆیدا خستە بەر تاوتوێکردن و لەوپاشی بە ئاماژە بە واتای هەراوی واژەی "wesen" و ئیستلاحی "wesen des Anwesenden" تێکۆشا هەتا ئاشکرا بکا بۆ ئێمە بە شێوەیەکی مێژوویی، لە جیاتی تووشی "فەنابوون" کە تایبەتمەندی دازاینە، تووشی "ئیمحا" دەبین و ئەو بارودۆخە و پێوەندی ئەوی لەگەڵ "سەرگەردانی و بێ جیگاوڕێگایی" کە لە مەفاهیمی بونیادی ئەندیشەی هایدگێرن باس لێکرد و ئەو جار بە ئاماژە بە لایەنە سەلبییەکان پاڵ وە شناسینناسی ڕۆژئاوایی دان بۆ ناسینەوەی خۆ و جیهانی خۆمان، ئەو پرسیارەی هێناگۆڕ کە پرسیاری سەرەکی وتاری " زمان، جیهان و زەمان..." بە، ئاخۆ ڕێی دەربازبوون لە نیهلیزمی داسەپاو بەسەر جیهانی ئەوڕۆدا کە ڕیشەی لە ئەندیشەی مێتافیزیکی دایە، لە ڕێگای پەنابردن بۆ مەفاهیمی شناسینناسانەی هەمان ئەندێشە ڕا دەکرێ؟ ئەو جار بە ئاماژەیەک بە deconstruction ی دریدا دووبارە ئاماژەی بە گرینگایەتی کێشەی زمان و سرنجدان بە زمان کرد و بۆ ئەو مەبەستە وێنەیەکی لە دنیای فۆلکلۆر کە بەیتێکە بە ناوی "دووبرالان" هێناوە و کۆتایی بە باسەکانی دا .بەداخەوە بە هۆی نەبوونی کات بەڕێزیان نەیانتوانی بچێتە سەر باسی خودی شێعرەکە پاشان پێشکەشکاری بەرنامە سی خولەکی دەرفەت دا بە ئامادەبووان تا بیر و بۆچوونیان سەبارەت بە لێدوانەکەی کاک هیوا دەربڕن کە بەڕێزان خاتوو شەویار گولابیئازەر و کاک محەممەد فەهیمی لە سەر کۆنفڕانسەکە لێدوانێکیان بە ئەنجام گەیاند و لە کۆتاییدا ڕێزنامەی بنکەی فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئاڕاستەی بەڕێز هیوا قارەمانی کرا.

بەرهەم ٨

کۆنفڕانسێک لە ژێر ناوی "مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوە"دا

ئاڕاستە کردنی: شەویار گولابی‌ئازەر



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی بنکەی فەرهەنگی، هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە بیستەمین دانیشتنی حەفتانەی خۆی‌دا، کۆنفڕانسێکی لە ژێر ناوی "مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوە"دا، لە سالۆنی ئامفی‌تەئاتر بۆ شەویار گولابی‌ئازەر ڕێکخست. سەرەتای کۆڕەکە، پێشکەش‌کاری بەرنامە؛ فریا قادری هاوکات لەگەڵ بە خێرهاتن‌کردنی میوانان و بەشداربووان، سەربووردەیەکی کورتی لە هەوڵ و تێکۆشانی شەویار باس کرد و دواتر تریبوون بۆ ماوەی چل و پێنج خولەک تەرخان درا بۆ ئاراستەکردنی بابەتی دیاری‌کراو. شەویار سەرەتای باسەکەی بە شێوە ڕوانینێکی کورت لە سەر ژیان و چۆنییەتی هەستە دەروونی و دەرەکییەکانی مەحوی لە ناو شێعر و دنیای دەرەوەی شێعر، هێنا بەر باس و لێکدانەوە. دواتر بابەتەکەی دابەش کردبوو بە سەر چەن بەش‌دا؛ لە بەشی یەکەم‌دا، دوو چەمکی ئەشق و عیرفان و چۆنییەتی کەڵکوەرگرتنی مەحوی لە ئەرکەکانی زمان و بەکارگرتنی ئەم ئەرکانە لە خزمەتی ئەو دوو چەمکەدا. پاشان بەشێکی تری بابەتەکەی تەرخان دابوو بە ڕەنگدانەوەی مەنسووری حەللاج لە شێعرەکانی مەحوی‌دا کە بەشرۆڤەی ئەم بابەتە سرنجی بەشداربووان و هۆگرانی بۆ هەرچی زیاتر چوونە ناو دنیای شێعری مەحوی ڕاکێشا و لە درێژەی بابەتەکەدا سەری هەڵدابۆوە لە سەر دوو چەمکی "من"یەت و خود لە باڵای شێعری مەحوی‌دا و هەروەها کرۆکی ناڕێکی هزر و ئەندێشەی مەحوی لە شێعرەکانی‌دا خستبووە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە و لە دوا بەشی بابەتەکەی‌دا، ڕوانینێکی کورتی لە سەر کێش و سەروا و چۆنیەتی نابەربلاوی کێشی عەرووزی لە شێعرەکانی مەحوی‌دا خستە بەر ڕەخنە و تێڕوانین. پاشان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک کۆڕگێڕ بەرەوڕووی هەندێ ڕەخنە، بۆچوون، پێشنیار و پرسیار بووە کە ناوبراو بە دڵێکی ئاوالا و بەرفراوانەوە بە وردی گوێ‌بیستی سرنج و تێبینییەکانی بەشداربووانی کرد و هەروەها وڵامی بەشێ لە پرسیارەکانی داوە.

لە کۆتایی‌دا بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی فەرهەنگی، هونەری ئەدەبی موکریان ـ ەوە، ڕێزنامەیەک بە دەستی بەڕێزان؛ کەریم سۆفی مەولوودی، دکتور خالەق جەلیل‌نیژاد، عەبدوللا سەمەدی، خاتوو فەوزییە یاهوو، پێشکەشی شەویار کرا و کۆنفڕانس لە کەش‌وهەوایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

بەرهەم ٨


دیمانە شێعری ناسر چیرە



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، سیوسێهەمین دانیشتنی بنکەی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی مەهاباد) لە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاویدا لە لایەن ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری بنکە بەڕێزان پێژمان ئیسماعیلنیژاد و ڕەسوڵ ئامادەپوور بە ئامادەبوونی نزیکەی ٥٠ ئەندام لە ژووری بنکە بەڕێوەچوو. کۆڕەکە بە خوێندنەوەی غەزەلێکی مامۆستا میسباحوددیوانی ئەدەب لەلایەن پێژمان ئیسماعیل نیژاد دەستی پێکرد. پاشان بەڕێزیان کورتە پێناسەیەکیان لە ژیان و بەرهەمی ناسر چیرە ئەندامی بنکە بە دەستەوە دا و دواتر بەڕێز ناسر چیرە شاعیری خاوەن هەستی ئەنجومەن شێعرێکی بڵێندی خۆی بە نێوی ((تەوار)) خوێندەوە. بە هۆی بڵێندی ئەم شێعرە هەموو کاتی ئەو دانیشتنە بۆ خوێندنەوە و باسکردن لەسەر ئەم شێعرە تەرخان کرا. بۆیە دوای تەواوبوونی شێعری ((تەوار))ی کاک ناسر چیرە کە ماوەی نزیکەی ٤٥خولەکی گرت دەرگای باس و ڕەخنە کراوە و سەرەتا کاک سولەیمان پیرۆتی لە ماوەی ١٥ خولەک باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر بابەتەکەی ناسر چیرە هێناگۆڕێ. دواتر بەڕێز شەویار گولابیئازەر لە ماوەی ٢٠ خولەکدا بۆچوونەکانی خۆی لەسەر شێعری تەوار باسکرد. لە درێژەی دانیشتنەکەدا کاک جەلال پوورحەسەن بە ماوەی ١٠ خولەک مکانیسمەکانی شێعری تەواری شرۆڤەکرد.دواییین بەشداری ڕەخنەکاری شێعری ((تەوار))، غەفوور پیرزادە بوو کە لە ماوەی ٢ خەلەکدا لێدوانێکی کورتی لەسەر شێعری تەوار پێشکێش کرد.

بەرهەم ٨

دیمانە شێعری هەڵۆ



بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) ڕێکەوتی ١٠ ی بەفرانباری ٩٣ی هەتاوی، ئێوارەکۆڕێکی بۆ شاعیری بەڕێز مامۆستا قاسم موئەییەدزادە ناسراو بە هەڵۆ پێکهێنا.

سەرەتای کۆڕەکە بە خوێندنەوەی چەن ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد. دواتر لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامە "فریا قادری" بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد هاوکات لەگەڵ بەخێرهاتنکردنی میوانان و بەشداربووان، ڕیزی بەرنامەی ڕاگەیاند. پاشان "شەویار گولابیئازەر" بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنکەوە، پەیامی ئەم ناوەندەی پێشکەشی ئامادەبووان کرد. لە بەشی یەکەمی بەرنامەدا، شاعیری هەست ناسک کاک قاسم موئەییەدزادە "هەڵۆ" بۆ ماوەی ٤٠ خولەک بە هاوڕێیەتی ڕامین ڕەبیعی ژەنیاری بلاوێنەری سەنتوور، بەردەنگی خۆی بردە ناو جوانییەکانی دنیای شێعری تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز و لادە لادە لەچکە تەسکە کەسکەکەت و...


دوای چەن خولەکێک پشوودان و میوانداری کردن، بەشداربووان گەڕانەوە ناو سالۆن و هەڵۆ لە بەشی دووهەمدا، لاپەڕەیەکی نوێی لە شێعرەکانی ئێستای خۆی هەڵداوە و ئاوێتەی هونەری زێڕێنی سنتوورژەنی بەتوانا ڕامین ڕەبیعی کردەوە و بووە هۆی ڕەزامەندی ئامادەبووان و هۆگرانی شێعر و ئەدەب.

دواتر لە لایەن بنکەوە، ڕێز گیرا لە هەوڵ و چالاکییەکانی ناوبراو لە گۆڕەپانی وێژە و ئەدەبی کوردیدا کە لە لایەن بەڕێزان؛ سەید ڕەسوولْ نەبەوی و کامران یەزدانفەر بە نوێنەرایەتی لە ئەندامانی شووڕای شار، محەممەدیانی بەرپرسی هونەری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، فەوزییە یاهوو ئەندامی بنکەی موکریان، پەری فەڕۆخڕاد بە نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی خۆشنووسی مەهاباد، ئیبڕاهیم شەوقی بە نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی پەیڤی سەقز خەڵاتی ڕێزلێنانی بنکەیان پێشکەشی ناوبراو کرا. دواتر خەڵاتی نیو سکە بەهاری ئازادی لە لایەن سەید ڕەسوولْ نەبەوی نوێنەری شووڕای فەرهەنگی شار و دیاری ئەنجومەنی خۆشنووسانی مەهاباد لە لایەن پەری فەڕۆخڕاد و هەروەها کاک ئیبڕاهیم شەوقی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەنجومەنی پەیڤی سەقز دیاری تایبەتی خۆیان پێشکەشی هەڵۆ کرد .

هەواڵنامەی گیڤ

بەرهەم ٨

پاتریک مۆدیانۆ نۆبیلی ساڵی ٢٠١٤ی وەرگرت.



ئەم نووسەرە فەڕانسییە لە ٣٠ی ژوئەنی ١٩٤٥ی زایینی لە شاری بۆلۆنی بیلانکوێر لەدایک بووە. شارێک هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای پاریس. مۆدیانۆ لە تەمەنی ٢٣ی ساڵییەوە نووسینی دەستپێکردووە و بە ڕۆمانەکانی خەڵاتگەلێکی زۆری وەدەست هێناوە. سکرتێری ئاکادیمی نۆبێل لە کاتی ناساندنی پاتریک مۆدیانۆ وەک براوەی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠٠١٤، سەبارەت بەو دەڵێ : بابەتەکانی ئەو کە زۆرتر باسی ڕووداوەکانی پاریس لە کاتی داگیرکرانی بەدەست نازییەکان و ڕووخانی شاری پاریس دەکات مۆدیانۆی کردۆتە ((مارسێل پرۆستی سەردەم .((پیتێر ئانگلۆند هەروەها دەڵێ: مۆدیانۆ، ڕۆمان، کتێبی منالاّن و فیلمنامەی بەرهەم هێناوە و دەتوانین بڵێین پرۆستی سەردەمی ئێمەیە. مۆدیانۆ لە دەرەوەی فەڕانسا نووسەرێکی زۆر ناسراو نییە و بە گوتەی وەرگێڕی یەکێک لە ڕۆمانەکانی بۆ فارسی (ئەسغەر نووری)، ئەو زۆرتر سەری لە کاری خۆی دابووە کەمتر مەیلی بە خۆزەقکردنەوەی هەبووە و هەمیشەش گوتوویەتی کە لە جیهانی تاکەکەسی خۆیدا دەنووسێ، بەو واتایە کە لە ڕۆمانەکانی مۆدیانۆدا کەشی تاکەکەسی یەکجار زاڵە. وەرگێڕێکیتری ڕۆمانەکانی مۆدیانۆ بۆ فارسی (نەسرین ئەسغەرزادە) سەبارەت بە زمانی ڕۆمانەکانی مۆدیانۆ دەڵێ: ڕستەکانی مۆدیانۆ کورت و پوختن و لەگەڵ ئەوانەش لێوڕێژن لە هەست، وێناسازی سانا، بەڵام قووڵی مۆدیانۆ تا ئەوپەڕی گیان ڕۆدەچێ. مۆدیانۆ سەتودەهەمین براوە یا وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات لە جیهان دایە و بە گوتەی فرانسوا ئۆلاند سەرۆک کۆماری فەڕانسا مۆدیانۆ دەبێتە پانزدەهەمین فەڕانسی کە ئەو خەڵاتە وەردەگرێ. هێندێک لە ڕۆمانەکانی پاتریک مۆدیانۆ کە وەرگێڕدراونە سەر زمانی فارسیش بریتین لە (گەڕەکی ونبوو)، (یەکشەممەکانی ئوت)، (داشکانی سزا)، (سەفەری مانگی هەنگوین) و (سەگی بەهار) و چەند ڕۆمانیتر. بە گشتی بە پێی بڵاوکراوەی ئاکادیمی نوبێل هۆی سەرەکی دانی ئەو خەڵاتە بە پاتریک مۆدیانۆ نووسەری فەڕانسی، ڕۆمانی ((شەقامی بووتیکە تاریکەکان))ی ئەو نووسەرە و هەروەها وەسفی هونەرمەندانەی چارەنووسی مرۆڤەکان و نووسینەوەی مامۆستایانەی ساڵەکانی داگیرکردنی فەڕانسە لە لایەن ئەڵمانی نازی باس کراوە.

لەشی جوانی تابووتێکە
ڕووحی منی تێدا دەبەن
دارمەیتێکە
لەسەر چوار شانی شەکەتی
چوار سێدارەی مەستی مەستا
دەیبەن

کتێب ئەدەبیاتنامەی

ئەبووبەکر ڕەشیدزادە "فۆرات"